سەرەتا بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

# بۆنی باران

یەکەمین کتێبی شیعریم بە زمانی کوردی

لە نووسینی: ڕێباز سالار

ئامادەکردن و دیزاینکردنی: ئادەم فەرهاد دەروێش

## ناسنامەی کتێب:

- ناوی کتێب: بۆنی باران
- بابەت: شیعر
- نووسین: ڕێباز سالار
- دیزاین و ئامادەکردن: ئادەم فەرهاد دەروێش
- نۆرەی چاپ:نییەتی

©مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە.

هەروەها بڵاوکردنەوەی بە pdf لە ماڵپەر و

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕێگەپێدراوە.

بۆ هەر تێبینی و پێشنیارێك :

Rebazsalar28@gmail.com

# ناوەڕۆك


ئاهێك بۆ دونیا :................................................................................ 26

بۆ كرێكاران................................................................................ 27

كوردستانم ................................................................................ 28

دایكی شەهید. ................................................................................ 28

ده هەر ون بە ................................................................................ 28

خەڵە تێنرام................................................................................ 29

ناكامی. ................................................................................ 30

هاوارێك بۆ گەنجانی نیشتیمان................................................................ 30

هاوارێك دژی ستەم................................................................................ 31

خانە خوێی خەم................................................................................ 31

كوردستان نیشتیمانی جوان................................................................ 32

خۆشەویست................................................................................ 32

دڵ................................................................................ 32

پیری................................................................................ 33

نا سۆر........................................................................................ 33
خەمی دووری................................................................................. 33
جلی کوردی.................................................................................. 34
بۆ خانمان ................................................................................... 34
خەمێ بۆ عومری خۆت...................................................................... 34
هۆنراوەیەك بۆ منداڵانی کورد ............................................................. 35
گەورەیەك..................................................................................... 36
کەسەر ....................................................................................... 36
سەرێ بەرزۆکە ............................................................................. 36
من و نان ..................................................................................... 37
خەمێك بۆ گوڵێکی ژاکاو.................................................................... 38
کەمن کوردم.................................................................................. 40
ڕەوشت....................................................................................... 40
سڵاو بۆ سەرکردەیەك ....................................................................... 40

چرای عومر.............................................................................. 41
ئەی وەتەن.............................................................................. 41
ئەو ڕۆژانەی کە تێپەڕین.............................................................. 41
من و ئەقڵ............................................................................... 41
بیست و حەوت ساڵە.................................................................... 42
خەیاڵی پووچ............................................................................ 43
ئەی نیگارا ............................................................................... 43
لە گەڵم وەرە............................................................................ 44
هیوا...................................................................................... 44
من و دڵ ................................................................................ 45
خوایە ! ................................................................................. 46
خەمێك بۆ گەنجانی نیشتیمان......................................................... 46
کاکی نا مەسئول........................................................................ 47
هۆ برای هەژار ......................................................................... 49
کاکی پارەدار ........................................................................... 49

چۆن دیارە موسوڵمانی ........................................................ 50
خاکی وەتەن ........................................................ 51
*مزگەوت* ........................................................ 52
ئەی برای ڕۆژگار ........................................................ 52
تەمەنی پڕ لە ناکامی ........................................................ 53
لە سەر گۆڕی منداڵێك ........................................................ 54
دونیا ........................................................ 55
مـن و یـاسا ........................................................ 55
تاڵی ڕۆژگار ........................................................ 56
هۆ برای برای ئینسان ........................................................ 56
جەژن ........................................................ 57
بۆ سینگڵەکان ........................................................ 57
بۆ باوکی سینگڵەکان ........................................................ 58
شیرین ........................................................ 59
ئازیز گیان ........................................................ 60

شەو.......................................................................................... 60
لە سەر گۆڕی شەهیدێکی سەنگەر................................................ 61
هۆ برای مللەت.......................................................................... 62
هیوا.......................................................................................... 63
لەکوێ یە.................................................................................. 64
ئەی وەتەن................................................................................ 65
یادێك لە ڕابردوو.......................................................................... 65
*ئەستێرەی بەخت*........................................................................ 66
فەڵەك...................................................................................... 66
دایکم....................................................................................... 67
بۆنی باران................................................................................. 68
مام شاکیری.............................................................................. 69
ڕێبوار....................................................................................... 69
خەفەت.................................................................................... 70
وەڵامی خەم.............................................................................. 71

نەبەزین........................................................................................ 72
نۆکەری بێگانە.................................................................................. 73
بۆ خۆشەویست.................................................................................. 73
سەر بەرزی..................................................................................... 73
تەمەن............................................................................................ 74
*هاورێکەم*...................................................................................... 74
*خۆشەویستی*.................................................................................. 75
ئیسانین.......................................................................................... 75
شەو.............................................................................................. 76
مردن............................................................................................. 76
ساڵی تازە...................................................................................... 76
ژانە سەر........................................................................................ 77
ڕێبواری تۆم..................................................................................... 77
شەوگار.......................................................................................... 77
هۆنراوەیەك بۆ پێشەوا........................................................................ 78

كوردم.......... 78
ئازادی .......... 79
من و بەناو شێتێك .......... 80
وەڵامی هاودەردەکەم.......... 81
بۆ خۆشەویست .......... 82
ئەی دڵ.......... 82
ئازیز.......... 83
ئەجەل .......... 83
خۆشەویستی.......... 83
شەرت.......... 84
گێژاو .......... 84
دەردی دوو ژنــە.......... 85
وەڵامێك بۆ من.......... 85
دیسان من.......... 86
ڕاستی کوانێ.......... 87

کارەسات.......... 87
پەرتووك.......... 88
ئاوات.......... 89
عیشق.......... 89
خاكی وەتەن .......... 90
مێسی .......... 90
خەیاڵی خاو.......... 91
سنتوور ژەن .......... 93
ڕۆژگار.......... 94
ڕووح.......... 94
ماندووم .......... 95
ڕەفیق.......... 96
هەر بخەون.......... 97
فرمێسك .......... 98
بۆ منداڵێكی سەر ترافیك.......... 99

تووڕەی ........................................................................ 100
یاخی بوون ........................................................................ 101
خۆشەویستم ........................................................................ 101
بیرت دەکەم ........................................................................ 102
تۆ جیهانی ........................................................................ 103
توانەوە ........................................................................ 104
نا تەواوی ........................................................................ 105
وەرە وەکو باران ........................................................................ 106
خەیاڵ ........................................................................ 107
ئەگەر مردم ........................................................................ 108
بێ هیوای ........................................................................ 108
کەسەر ........................................................................ 110
هۆنراوەیەك بۆ پەشێو ........................................................................ 111
ئادەمی گێژ ........................................................................ 113
من و کاتژمێر ........................................................................ 113

خاتوون.......................................................................... 114
ون بوون........................................................................ 116
ئامۆژگاری ...................................................................... 117
داخی دووری .................................................................... 117
بتی گەورە....................................................................... 118
بتی گەورە....................................................................... 118
تۆ................................................................................ 119
مام ڕێباز........................................................................ 119
تۆ کێی.......................................................................... 120
ئەم شەو........................................................................ 120
ئیلاهی.......................................................................... 122
بمگرە خۆت .................................................................... 122
بەڵێنت دا ....................................................................... 123
خۆزگە .......................................................................... 125
ناکامی.......................................................................... 126

لێم ببوره ........................................................................................ 127
ناسك ........................................................................................ 128
ناكامی ........................................................................................ 128
شەو........................................................................................ 128
ئۆقره بگره ........................................................................................ 128
سلێمانی ........................................................................................ 128
نەت ناسیوم........................................................................................ 129
لێم تێناگەی........................................................................................ 129
ونم مەكە ........................................................................................ 130
ئازار........................................................................................ 130
كە دەمەوێت........................................................................................ 130
ڕق ........................................................................................ 131
سەفەر ........................................................................................ 132
ڕۆژی ئاڵا ........................................................................................ 133
نیوە شەو........................................................................................ 133

شیعرێك بۆ خۆم ........ 134
تەنز ........ 134
نێرهینی ........ 135
ئەگەر ئەمشەو ........ 135
دایکم ........ 136
بۆنی باران ........ 137
مام شاکیری ........ 137
ڕێبوار ........ 138
خەفەت ........ 138
وەڵامی خەم ........ 139
نەبەزین ........ 140
نۆکەری بێگانە ........ 141
بۆ خۆشەویست ........ 141
سەر بەرزی ........ 141
تەمەن ........ 142

هاوڕێکەم ........................................................................ 142
خۆشەویستی.................................................................... 143
ئیسانین........................................................................ 143
شەو............................................................................. 144
مردن ........................................................................... 144
ساڵی تازە ...................................................................... 145
ژانە سەر ....................................................................... 145
ڕێبواری تۆم.................................................................... 146
شەوگار......................................................................... 146
هۆنراوەیەك بۆ پێشەوا........................................................ 146
کوردم........................................................................... 147
ئازادی .......................................................................... 148
من و بەناو شێتێك ............................................................ 149
وەڵامی هاودەردەکەم.......................................................... 149
بۆ خۆشەویست ................................................................ 150

ئەی دڵ........................................................................ 150

ئازیز ........................................................................ 151

ئەجەل........................................................................ 151

خۆشەویستی ........................................................................ 151

شەرت........................................................................ 152

گێژاو........................................................................ 152

دەردی دوو ژنــە........................................................................ 153

وەڵامێك بۆ من........................................................................ 153

دیسان من ........................................................................ 154

ڕاستی کوانێ........................................................................ 155

کارەسات........................................................................ 155

پەرتووك........................................................................ 156

ئاوات........................................................................ 157

عیشق........................................................................ 157

خاکی وەتەن ........................................................................ 158

مێسی.......... 158
خەياڵی خاو .......... 159
شۆخێکی گەنجی چاردە ساڵ .......... 159
سنتوور ژەن.......... 161
ڕۆژگار .......... 162
ڕووح .......... 162
ماندووم.......... 163
ڕەفيق .......... 164
هەر بخەون.......... 165
فرمێسك.......... 166
بۆ منداڵێکی سەر ترافيك .......... 167
تووڕەی .......... 168
ياخی بوون.......... 169
خۆشەويستم .......... 170
بيرت دەكەم.......... 170

تۆ جیهانی .................................................................... 171

توانەوە.................................................................... 172

نا تەواوی.................................................................... 173

وەرە وەکو باران.................................................................... 174

خەیاڵ.................................................................... 175

ئەگەر مردم.................................................................... 176

بێ هیوای .................................................................... 176

کەسەر .................................................................... 178

هۆنراوەیەك بۆ پەشێو .................................................................... 179

ئادەمی گێژ .................................................................... 181

من و کاتژمێر.................................................................... 181

خاتوون.................................................................... 182

ون بوون.................................................................... 183

ئامۆژگاری .................................................................... 184

داخی دووری .................................................................... 185

بتی گەورە.......................................................................... 186
بتی گەورە.......................................................................... 186
تۆ ........................................................................................ 187
مام ڕێباز ........................................................................... 187
تۆ کێی ............................................................................... 188
ئەم شەو .............................................................................. 188
ئیلاهی................................................................................. 189
بمگرە خۆت.......................................................................... 190
بەڵێنت دا............................................................................ 191
خۆزگە.................................................................................. 193
ناکامی ................................................................................ 194
لێم ببورە ............................................................................ 195
ناسك ................................................................................... 195
ناکامی ................................................................................ 195
شەو..................................................................................... 196

ئۆقره بگره ........................................ 196
سلێمانی ........................................ 196
نەت ناسیوم ........................................ 197
لێم تێناگەی ........................................ 197
ونم مەکە ........................................ 197
ئازار ........................................ 198
کە دەمەوێت ........................................ 198
ڕق ........................................ 199
سەفەر ........................................ 200
ڕۆژی ئاڵا ........................................ 201
نیوە شەو ........................................ 201
شیعرێك بۆ خۆم ........................................ 201
تەنز ........................................ 202
نێهینی ........................................ 202
ئەگەر ئەمشەو ........................................ 203

چەند چوارینەیەك ........ 204
جەژن ........ 204
بێ سنوور ........ 205
مردن ........ 205
ون بوون ........ 206
عەیار ........ 206
ڕەحمی خودا ........ 206
بێگانەم لات ........ 206
چەمچەماڵ ........ 207
بەفر ........ 208
گەر دەتەوێ ........ 208
گەر ئەتەوێ ........ 208
گەر ئەم جارە ........ 208
نازانین ........ 209
چیت پێ بڵێم ........ 209

شیعرەکانم ........................................................................ 209
چرا........................................................................................ 209
وشە ..................................................................................... 210
ئەم شەو.................................................................................. 210
پەرتەوازە................................................................................. 211
دایە ..... دایە.............................................................................. 212
بۆچی هاتی ............................................................................... 214
ئەمێستاکە................................................................................. 214
کە دەمەوێ................................................................................ 215
گەر هاتوو من ئاوابووم.................................................................. 215
ئاوا بوون.................................................................................. 215
سەرەی منە ملی ڕێگای دوورم بگرم ................................................... 216
ئەگەر مردم............................................................................... 217
بۆ نام ناسی............................................................................... 218
هەموو شتێ جوانە لە تۆ .................................................................. 219

وێنەدانەوە ........ 219
بێدەنگی ........ 220
میهرەبانی ........ 220
جوانی خودای ........ 220
کۆچ ........ 221
من کێم ........ 222
سەرگەردانی ........ 223
توانەوە ........ 223
ئاوا بوون ........ 224
ئەوینی بێسنوور ........ 225
ناسۆر ........ 227
سۆز ........ 227
ترس ........ 227
من کێم ........ 228
تاسان ........ 228

هۆغر کردن................................................................................228
ڕاز......................................................................................229
نیگەرانی. ..............................................................................230
من بەس خۆمم...........................................................................230
توانەوە....................................................................................230
یادەوەری. ..............................................................................231
ڕەشەبای سلێمانی........................................................................231
تێکەڵبوون..............................................................................231
خاتوونی جوان...........................................................................230
دڵ رەقی.................................................................................232

# پێشەکی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان:

ئازیزانم دۆستان خۆشەویستانم ، ئەم کتێبە (شیعر)یە، کە گوڵ بژێری شیعری نزیکەی شەش ساڵ دەبێت ، کۆمکردووتەوە و دەمەوێ بڵاوی بکەمەوە ،بەڵام بەداخەوە ناتوانم بە چاپی بگەیەنم، بۆیە هەر بە شێوەی pdf بڵاوی دەکەمەوە ، مام هێمن دەڵێ (بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە )جا ئینسانێ لەم جیهانەدا کە پڕە لە دا بڕان و ئازار و نەهامەتی ، دەبێ چلۆن دەنگێکی لێ پەیدا نەبێ ،لەپای ئەو هەموو ئازارانەی ژیان ،ئەو هۆنراوانەی منیش هەمان ئەو دەنگەیە ، بەڵام ئەمان دەنگی ڕووحی منن تا بلۆی ئازارەکانی منن ، خەمەکانی منن

## ئاهێك بۆ دونیا :

هاوار سەد هاوار بە دەست دونیاوە
دەوری زەمانە بۆ وا گۆڕاوە

ئاقڵیان شێتە و شێتیان ئاقڵە
ئاشق بە توێکڵ دژ بە کاکڵە

پیاوی پیاوانە لات و نەبوونە
بە هەزار دەردۆ گیر و زەبوونە

کەس بە کەس نی یە کەسی کەس نی یە
ڕووخسار ئارایش زووان ئەجنەبی یە

نامەرد و قۆڵ بڕ خاوەن دوێخانن
لە ناو گەل و هۆز قورس و گرانن

دووژمن و ناحەز چاك تێكیان داوین
بەم حاڵە مردووین بە خوا نەماوین

منداڵ و هەرزە ڕۆژ و دەوریانە
گەورە و پیاو ماقوڵ قوڕ بە سەریانە

نەکەوینە یەك یەك تری نەگرین
وەك کۆیلە دەژین وەك کۆیلە دەمرین

شیرین تاڵ بووە و تاڵیش شیرینە
گریان بۆ خەندە وخنەدەیش بۆ شینە

کێ نە خەوتووە و هۆشی بە خۆیە
هاواری گەلت وا لە ئەستۆیە

قسەت دەپێون بە پێی گیرفانت
بایەخی نی یە گوفتاری جوانت

بڵێن ئەی میللەت گۆڕ هەڵدەکەنی
دەچی تەناوی و دەمری و دەگەنی

## بۆ کرێکاران

برای جووتیارم کاکی کرێکار
تۆی فیدا کاری بۆ خاك و دیار
بە بێ تۆ کێی تر باوانی خاکە
تەلاری بەرز و بەرهەی چاکە

زەوی دەکێڵێت ئارەق دەڕژێنی
وڵاتی کوردان بە جوان دەنوێنی
بەبێ بوونی تۆ وڵات وێرانە
قەدری زێڕ لەلای زێڕەنگەرانە

دەستی زامارت بەرهەمی جوانت
خوێن و فرمێسکی نێو جەستە و گیانت
کاکی کرێکار دەستت ماچەکەم
سەد جار خزمەت کار قوڵنە و پاچەکەم

کەی تۆ وەستاوی لە هەوڵ وخەبات
کام بستە لە خاك شایەتی نادات
جێی شانازی مە کوڕ کرێکارم
بە ئەو بەخششە من منەت بارم

تۆ بە ڕۆژوو شەو بەبێ پشوو دان
ڕەنج بەری دەکەی لە لادێ و شاران
هیچ بەخۆت مەڵێ بێ هێز ولاواز
جێی شانازی یە پاچ و خاکەناز

قەدرت ناگرن چەن قەدر داری
تۆ بۆ نیشتیمان زێڕ و مرواری
سڵاوتان لێبێ کرێ کارینە
ئێوە خاوەنی باخچەی ئەم ژینە

## کوردستانم

کوردستانم هێندە جوانە هەزار دڵ حەیرانی دەبێ

بۆ تیماری هەموو دەردێ خاکی بە دەرمانی دەبێ

هەزار دێوانەی وەك ڕێباز ناژی بێ ئەم نیشتیمانە

وێنەی بوول بوول ژینی بێ گوڵ مایەی نەمانی دەبێ

## دایکی شەهید.

ڕۆڵە ناڵێنی جەرگمە شەو ڕۆژ بۆت بوریانەکا

فرمێسکی دیدەی کوێرمە لافا و قوڕپێوانەکا

دڵ ودەرونم حەزینە سوتاوە پڕ لە بۆ سۆیە

دێوانە یە دەربەدەرە حەز بەدەشت وکێوانەکا

جگەرگۆشەم بێ باوەشم چۆن خەوتی لە جەنگەڵستان

دایە بۆتۆ شێت وهارە شێوەی چەشنی خەزانەکا

بۆچی گیانی دایکت کێشا بەزیندوی ئەی ڕۆڵەکەم

چەن بێ ڕەحمە ئەوجەلادەی کۆرپەو دایەی نێوانەکا

دایە خاکە دایە ئاوە ولآت و نیشتیمانیشە

دایکی ڕەش پۆشم گەواهی لە ناسۆری کوردانەکا

توخوا بەسە ڕەش مە پۆشە بەفیدای ئازاری تۆبم

ئەمر ڕێباز بۆگەورەیت سەدجار خۆیت قوربانەکا

## دە هەرون بە

دەهەر ون بە لە بەرچاوان با تینی چاویش کەم بکا

ئاسمانی ئومێدی ئەمن بێ ڕووناکی بێ تەم بکا

دەهەر ون بە ئاسۆی ڕووناك با سەد هێندەی تر تاریك بێ

پردی سیراتی ژینی من بەهێندەی مویەك باریك بێ

## خەڵە تێنرام

دەهەر ون بەو کاتژمێری  کامەرانیم ورد و خاش کە

ببە سایەی کەسێکی تر ژینی کەسێکی تر باشکە

دەهەر ون بە با فەرهەنگم  بچۆرێ لە وشە و پەیڤ

با ئاسمانی من خاڵی بێ  لە ڕووناکی و تیشکی هەیڤ

دەهەر ون بە ئیتر ئەمن  با بێ ئاسمان و زەمین بم

دوور لەخۆشی نزیك لە خەم هەر خەریکی ماتەمین بم

دەهەر ون بەو هێندە بچۆ با خەیاڵیش پێت نەزانێ

ببە ئافات وێرانی کە سەرا پای ژینی ئینسانێ

دەهەر ون بە لە بەرچاوم چما ئەی تۆ کەی ون نەبووی

لەنێو دڵی بێ ئۆقرەی من خەریکی هاتوو چوون نەبووی

دەهەر ون بەهەتا منیش  بەیەك جاری خۆم ون دەکەم

باوەش لە مردن دەدەم و  پێشت لەژیان و بوون دەکەم

وام زانی گوڵی بەهاری کەچی دەرچوو خەزانێکی

وتم ئاشنای شادیم دەکەی کەچی کانگای گریانێکی

من نەخۆشێکی بێ دەوا وێڵی دوای دەرمانێك بووم

کەچی تۆیش بۆ منی هەژار دەردێکی تر و ژانێکی

خۆزگە ئەم ژینە خەو بوایە حەقیقەت هەر خەونێ قوڵە

ڕۆڵی من شاعیری خەمە و وا تەوابوو دیوانێکی

هەزارەهای وەکو ڕێباز ئەم ڕۆ خەمی شە پوول دەدا

بێ بەهایە سووتانی من بۆ ڕووناکی دەورانێکی

ئەی ژیان چیت دەوێ لێم هەرچیت  پێداوم بیبەوە

لە ڕووباری شادی خۆ دا بۆ من مایەی خنکانێکی

خۆزگەم بەو ڕۆژەی جێت دێڵم جەژنێکە حەقی شادی یە
چیم بەچی کرد ماڵ کاول بی جێمام لە گشت کاروانێکی

## ناکامی.

هێندە فرمێسکم ڕشتووە دڵم بەشی جەفا ناکا
ڕێباز هێندە میحنەت بارە دونیا بە هیچ سەودا ناکا

بە ڕووخساری هەڵخەڵەتام نەمزانی گشتی گەچ کارە
توشی دەردێکی وای کردم سەد دکتۆر پێی دەوا ناکا

لە ئەلف و بێی ژین حاڵی بێ چاك دەزانێ من چیدەڵێم
قەت دڵ بەدونیا نابەستێ و لە بۆ شادی قاقا ناکا

وەسێت بێ لە پاش مردنم لەسەر کێلەکەم بنووسن
لەدوای تۆ خەم هەتیو کەوتووە کەس دەرگای بۆ واڵا ناکا

بڵێن بەخەم باتێبگا و باش بزانێ تا قیامەت
بێ لانە و ماڵ دەمێنێت و لە سینەی کەس سەفا ناکا

## هاوارێك بۆ گەنجانی نیشتیمان

کچ و کوڕانی نیشتیمان قۆڵ هەڵماڵن بۆ بەرخودان
سورا و وسپیاو فڕێدەن وەریگرن گشت مافتان

بەقەڵەم و باوەڕ و هەست تۆماری کەن مێژوویە نوێ
هەتا ئەبەد لەیاد نەکرێن ببنە سومبوول و ناونیشان

ڕۆڵەکانم هەتاکو کەی ئەم گەلەمان چەوساوە بێ
بۆ بە کولە مەرگی بژیت بەشیوەن وبەقوڕپێوان

ئەی کۆمەڵەی گەنجانی کورد تێکڕا بەیەك دەنگ وسەدا
ئەم میللەتە نەجات بدەن ناوی بخەنە ناو ناوان

ئەی لاوی کورد جوانیت بۆچی یە تۆ کۆیلەبی پێوەن لەدەست
هەموو ڕۆژێ بۆ بتکوژن تۆکەمەزلومبی بێ تاوان

تێکڕا وەرن بەرە و شۆڕش بەسە مەزڵومی هەتاکەی
ئێوە لەمەرگ نا ترسن نمونەی کوردی گیان فیدان

هاوار بۆ خۆت کاکی زۆر دار کۆتای تۆیش هەر خامێکە
شەقە مزرەکەی بۆ تۆیە و بۆخەڵکیشە سامانەکەت

## هاوارێك دژی ستەم.

چەنی تر بەرزی دەکەی تۆ تەلار و باڵەخانەکەت
چەن فەردەی تر جەمع دەکەی بۆ ناو قاسە و گیرفانەکەت

ڕەوشت وکەرامەتی خۆت تالان کرد بۆچەن کاغەزێ
تازە دەڵێی پەشیمانم فخ لەدوێخان وعانەکەت

وەکو ئەسپێ خوێن دەمژی لەسەر جەستەی گەلی زەبوون
هیچ شاخێ بۆی هەڵناگیری جەرمەکەو تاوانەکەت

ڕۆژێ لەبەردەم دادگادا لاڵیت ودەستت بەسراوە
جابزانە فریاد ڕەسە موڵکی زۆر و پاوەنەکەت

هەزار شکاتت لەسەرە لەسەد لاوە تاوان باری
لە دونیا هەر خۆت دیاریت کرد سوك و قورسی پێوانەکەت

## خانە خوێی خەم.

ئاخرین میوانی دڵم خەم گەلێکی بێشومارە
فرمێسك و ئاە و میحنەتم بەوێنەی ڕێژنەی ڕووبارە

جەمعی خەمان گشتی لامە خانەخوێکەی سینەی منە
خەڵکە لەمەزەندە دەرچوو بەشی چەن شار و دیارە

خەمێ بۆ زوو خەمێ بۆ دوور خەمێ بۆئێستا و ئەم دەمە
خەم ستانە شارێ دڵم خەم تێیدا گەورە و سەردارە

بۆ ڕوو لە کەژ و کێو نەکەم بیلا ئەوێ بێدەعبایە
ئاسکۆڵە قەت لێرە نازی جەنگەڵستانە ئەم شارە

دەڵێین هەزار خۆزگە بۆ کۆن ئەوجا چۆن بوین لەم دەما چۆن
زۆرێ داماوی نەبوونی و زۆریش بەزۆر دەردەدارە

ڕێباز گەر دەرد بنووسی تەمەنی تۆ هیچ بەش ناکا
کێ ئەم ڕۆ ناڵەناڵ ناکا زۆربەی بە دەرد گرفتارە

## کوردستان نیشتیمانی جوان

تاڤگە و ڕووبار و کانی تۆ عەسەلی موسەفایە
وێنەی تۆ دوورە لە زەمین ، خاك و ئاوت شیفایە

شاخ و هەرد و لوتکەی بەرزت تابلۆیەکە لەکەونا
بە زووبانی حاڵ دەدوێ دەڵێ ئێرە بێ هاوتایە

سەر بەرزبی سەر بە خۆبی بیل بیلەی چاوانی من
خاوەنی تۆ دەربەدەرە و ناحەزەکانت ئاغایە

هەزار ساڵە شین دەگێری غەرقی خەفەت و میحەنی
دوژمنی زۆر و بێ دۆستی جەرگت هەلا هەلایە

لە چوارۆ بووی بە هەزار ئیتر چۆن دەبێ یەك بوونت
خەنجەری خیانەتی خۆت دەتکوژێ هەتا هەتایە

کێ وەکو تۆ خۆشە زێدی بەسە یەك دەنگ و یەك دەست بە
بێگانە پەرست خۆ خۆریت بۆ چی کۆتایی نایە

## خۆشەویست

ڕۆشنای دڵ و دەروونم ، پێغەمبەر ئەی نوری چاوم
فیدات بم بە ڕۆح و گیانم، بە ناخ و جەرگی سوتاوم

گوفتاری زۆر کرداری کەم ، چەن پەرێشانە حاڵی من
لە باخی تۆ دڕکێك دەرچووم بە ناهەق لەویا ڕوواوم

## دڵ

لە نێو جەستەی ئادەمی گەورەی گەورەکانە دڵ
بۆ خەم خواری و دڵ سۆزی کەشتی بێ پایانە دڵ

کوانێ جوانی شك نابەم لە ڕووخساری درۆزن
شای جوانانە بە بێ شك وەکو گوڵستانە دڵ

## پیری

که باسی حاڵی خۆم دەکەم فرمێسک دێتە چاوانم
پیری هێزی بۆ نەهێشتم لە زەتی گەنجی فەوتانم

ڕۆژم لانەماوە هەموو عومرم شەوی تارە
ئەنگوستە چاوە ژینم  تاریکستانە بێ تۆ

هەر وەك منداڵێکی ساوا ئامێزی دایکیشم نەما
شاد و مانی ماڵی کاول لە باوەش خەما میوانم

کە ڕۆیشتی هیچ نەتپرسی لەمنی یەعقوب حاڵ
لە شوێنێ ناحەسێم ئەم شارە وێرانە بێ تۆ

## ناسۆر

من کوشتەی دەستی تۆم چی لە دەرمان و حەکیم بکەم
ژەهرێکی تر بۆ دڵ بە دەردێ دەردم تەبیب بکەم

هەزار حاشا لە بەهار بێ لە دوای تۆ نامەوێ
چوار وەرزی ساڵ بەهار بێشك خەزانە بێ تۆ

ماڵی ئامانەتی خۆم لای دز دانا ئەمن چیم کرد
کە دڵی فرۆشتم لای حاکم شکاتی چی بکەم

دەمێکە خەندەم نەکردووە دڵم کۆگای ژانە
عومرم غەرقی گێژاوە و قوڵپەی گریانە بێ تۆ

## خەمی دووری

ئەم ژیانە  وا نابێ چەشنی سندانە بێ تۆ
دڵ بە مە ڕازی نابێ حەقی وەستانە بێ تۆ

ڕێباز هەر چاوەڕوانە گەرچی  ئەمەلی نی یە
وا هاودەمی فرمێسك و شیعری شەوانە بێ تۆ

## جلی کوردی

کەمن کوردم پۆشاکی من پۆشاکێکی کوردانەیە

لێوان لێو ئارەق و خوێنە ڕەمزی ئەم نیشتیمانەیە

پۆشاکی من شان شای یە هەزار مۆدە قوربانی بێ

میللەتم نەدیو بدی یە شێتی زبلی بێگانەیە

## بۆ خانمان

ڕۆژێکی ساڵ گەلێ کەمە ئێوە هەموو ڕۆژی ساڵن

بەبێ ئێوە ژیان نابێ شەکری نێو چای تاڵن

ڕۆشنای ئاسمان و ژینن هەناسەی نێو دڵ و گیانن

تین و ڕووناکی ناو دیدەن هەر ئێوە ئارامی ماڵن

لەو ڕۆژەوە وا دروست بووم هەتا ئەو ڕۆژەی دەمنێژن

سوکنام باوەشی ئێوەیە هەر ئێوە ئەلف و بێی حاڵن

ئێمە و ئێوە ماسی و ئاوین بە بێ یەك لەژین بڕ ناکەین

وەرن یەك لەباوەش بگرن با ئیتر بێ یەك نەناڵن

## خەمێ بۆ عومری خۆت

ڕێباز ڕەبی ماڵ وێران بی هەر چەندە ماڵت وێرانە

گوفتاری زۆر کرداری کەم سەرمایە لای تۆ تالانە

دەڵێی دونیا مەتاعێکە هەردوو دەستت لەملیایە

خوێنت چووەتە ناو خوێنی ئەمەیە دووژمن کارانە

هەتا زووە پەشیمان بە یا لەیتەنی دادت نادات

بەحیسابی خۆت فریشتەی دڵت خەرمانی تاوانە

ڕێباز ها ئامان وەسێتم وا بە خەجاڵەتی نەچی

نەفسی نەفسی یە هۆشت بێ عالەمێ تێیدا عوریانە

چیت پێ یە بۆ ڕێگای سەفەر بە حیسابێ خۆت ڕێبواری
مایە پوچی قوڕ بەسەرت دەفتەر غەرقی عیسیانە

بەڕەنجی شانتان بە بازوو قەڵەم
بۆ زامی گەلتان ببن بە مەڵهەم

هەزار خۆزگە گوڵێك دەبووم لەناو دەچووم و نە دەمام
چۆن من لۆمەی شەیتان بکەم کە نەفسم عەینی شەیتانە

ڕۆڵە ئەم خاکە زۆر بێنەوایە
دونیای دووژمنە زۆر بێ پەنایە

## هۆنراوەیەك بۆ منداڵانی کورد

منداڵەکانم گشت گوێ ڕادێرن
ئێوە شێرن و بێچووی شێرن

تۆ ببە دۆستی تۆستی فریاد ڕەس
بۆ گەلی بێ کەس تۆ ببە بە کەس

بەرزی بکەنۆ ئاڵای نیشتیمان
بنیادی بنێن کۆمەڵی یەکسان

ڕۆڵە ئامان بێ ڕۆڵە ئامان بێ
بۆچی خاکی تۆ گۆمی خوێنان بێ

یەك لە یەك زیاتر بەگڕ و تین بن
بۆم نیشتیمانە وەکو پەرژین بن

هەتاکەی بێناو بێ خاك و ئاوی
لەم جەهەنما بۆ وا سووتاوی

گوێگر و هۆشیار خاوەن کەیس و دۆز
بەدڵ فیدابن بۆ گەل و بۆ هۆز

ڕاستی بکەرۆ گێڕی دەوارنت
کۆتای بێنە بە قوڕ پێوانت

بە قسەم نەکەی پەشێوە حاڵت

قوڵتری دەکەن زیندان و چاڵت

ژین دەگوزەرێنی بە نرکە و ناڵە

خۆزگە دەخوازی چەن جار بەم حاڵە

## گەورەیەك

گەورەیەك ئاگای لە حاڵم نەبێ

ژینی بە وێنەی ژینم تاڵ نەبێ

دەرمانی لابێ و ژەهرم پێ بدات

شەق بارانی بە کات میللەت لاڵ نەبێ

## کەسەر

من دەپرسم شیرین چی بە هەیە لەم دونیا و زەمینە

ئەفسانەی شادی لە کوێ یە نەبوونی لام جێی یەقینە

پەشیمانم لەم هاتنەم هەتا زوو بڕۆی تەئخیری

ساتێ بە بێ دەرد نەحەسام لەم زەوییە پان و بەرین

## سەرێ بەرزۆکە

سەرێ هەڵبێنە ئەی شۆخی عەیار

بەخەمزەی چاوت بم کوژە یەکجار

سەرێ هەڵبێنە ئەی کۆترە کێوی

وەرە بۆ من بە تاکەی بێ خێوی

سەرێ هەڵبێنە ئاسکۆڵی شاخان

لەتاو شەرمی تۆ مردم لە داخان

سەرێ هەڵبێنە دکتۆری زانا

دەردە کارییە هێنام بۆت هانا

سەرێ هەڵبێنە و دام بێژە بە تیر
ئەتۆ تیر هاوێژ ئەمنیش نێچیر

ئـەی نان لـە بەرچی زیـزی لەهەژار
ناچیـتە چـنگی یــەك جار لە هەزار

سەرێ هەڵبێنە شۆخی دیدەمەس
من لەغەیری تۆ خۆنیمە هیچ کەس

بەدوای دەوڵەمەن شار بە شارەکەی
زۆر جار تۆی ناوێ بۆی هـاوارەکەی

## من و نان

ئـەی نـان بەبێ تـۆ وڵات وێرانە
بـێ تـۆی مـایـەی تاڵی ژیــانــە

ئـەی نان ڕووناکی و تـەبایی ماڵان
خۆشـی وبەشارەت بـە تـۆوە ئاڵان

ئەی نان نـەماوی لە قورگی شێران
بەبێ سایـەی تۆ وەتەن بوو وێران

ئەی نـان بەقـوربان دەمـی هەژاربی
بۆلای ئەو نەچی دەبـێ خـەساربی

ئـەی نـان بۆ تۆیـە شـەڕ و ئـاژاوە
هەرکەس تـۆی نەبێ ژینی فەوتـاوە

کـێ بەوێنەی ئەو بەرێزوحورمەت
تەمـاشات دەکا و پـێت دەدا قیمەت

ئەی نان لە بەر تۆ زۆرێ خۆی فرۆشت
مەردی و پیاوەتی وەك ناوکە کرۆشت

زۆر بە شیرینی دەت خــاتـە دەمـی
میـوانی ناکــەی مەگەر بـەکەمی

ئەی نان تـوخودا گوێم بۆ ڕادێره
هەژاران بێخۆت بە فەوت مەسپێره

بینیم لەسەری یاڵێ
ئاخ هەڵ دەکێشێ کاڵێ

بــۆ تێرت نـەخوارد لـە پـارە داران
ڕوو لە فەقـیرکـە وەك جـاری جاران

فرمێسکی وەك مرواری
لە چاوانی دەباری

با ئـیـتـر بـێ تــۆ تـاڵ نەبـێ ژینی
بــرسێتی نامەرد نـەگـرێ بینی

وتم ئەی جوانی زەمین
حەیفە تۆ ببی خەمین

دڵنـیـا بـە هـەژار لـە بـیـرت نـاکا
لە نـاو تەشـتـەیـا ئەسیـرت نـاکا

چ ئاگرێکی بەد خوو
هەڵی پوڕوکانی زوو

## خەمێك بۆ گوڵێکی ژاکاو

شۆخێکی لەبار و جوان
وێنەی مانگی دەنوان

چۆن دڵی هات جەلادە
خەمگینت کا بەو ڕادە

ڕووگەش و ڕووخسار ڕۆشن
لە وانەی کە بە هۆشن

ووتی شاعیری دڵ گەش
لاوێکی پێسی ناخ ڕەش

بۆ ئارەزوو ویستی خۆی
هەڵی وەراندم و ڕۆی

زووبان لووس و دەم تەڕن
گورگن سك برسی مەڕن

نەی پرسی لە منی لاو
هەردوو قاچی خستمە داو

وتم ئەی گوڵی ژاکاو
هەڵکێشراو لە ناکاو

پەڕوو باڵی وەرانم
شادی لە لێو تۆرانم

ڕەبی ئەو چاوە کوێربێ
بە خەزانی گوڵ تێربێ

یاری کرد بە هەستی من
مەرگی خستە دەستی

ئەو دەستە ورد و خاش بێ
بۆ هاڕینی گوڵ ئاشبێ

ئەمڕۆ گورگەل گەلێ کن
هەر چاوەڕێی هەلێکن

ژیان بێ گوڵ چۆنە بێ
تاڵ و ترش و مۆنە بێ

دڵ ڕەش و دەرون پیسن
چوون لەنەوی ئیبلیسن

بۆ ئەوەی ژیان خۆش بێ
پڕ لە جۆش و خرۆش بێ

با هەموو دۆستی گوڵ بین
هۆشیار و ئەهلی دڵ بین

گوڵ دۆست و گوڵ پەروەربین
دەبێ وابین بەشەربین

## کەمن کوردم

کە من کوردم ژیان تاڵ بێ لە ژین دەعوا نەکەم چ بکەم
لـە ئـاگردا بـسوتێ ئـەو کـە خـۆم فیدا نەکەم چ بکەم

لـە تورك و فارس و شۆڤێن هەتـا کەی هەر تکا کەم من
ژیانم بوو بە بەحری خوێن جەلاد ڕیسوا نەکەم چ بکەم

بـە هـاریکم نەبینی من کە عومرم هەر خەزانی بوو
بەبێ خۆشی ژیان ڕۆیی ئەجەل سەودا نەکەم چ بکەم

لە عومرمدا کـە شك نابەی نە خـۆشی یەك نەشاد بوونێ
دژی یاسایی جەرگ سووتـان شەڕێ بەرپا نەکەم چ بکەم

بەچـی نـەوعـێ بـە چـەن سالان لە هاوارم دەبن حالێ
لـە خـۆ خۆری لە یەك کوشتن تەمەن کۆتا نەکەم چ بکەم

ئـەگـەر ڕێباز بە چـاو نەت دی کەڕۆیشتی وەکو زۆری
بـە بـێ دەوڵەت بەبێخەم خوار تەمەن ئاوانەکەم چ بکەم

## ڕەوشت

ڕەوشت لیباسی بەری ئینسانە
مەردووم بێ ڕەوشت حاڵ پەریشانە

ڕەوشت پۆشاکە بۆکەسی حاڵێ
هەرکەسێ نەیبێ ڕووت و عوریانە

## سڵاو بۆ سەرکردەیەك

هەزار سڵاو لەو سەرکردەیی خزمەت کاری گەل و خاکە
بـۆزێد و میللەتـی ئـەژی ڕابـردوو داهـاتـوویی پـاکە

دووره لەدزی و خوێن مژی ژیانی پڕ لە جوانی یە
شەرمەزاری بەردەم گەل و دادگا و دیوانی خوانی یە

## چرای عومر

چرای عومرم کوژایە لە تاریکستانی ژینا
شادی ڕۆیشت و باریکرد خەمە دەستی وا لەبینا

بەژینم وت هاودەمم بە دایم دەستم لەملتا بێ
منی هەژاری نەویست و تورەبوو لێم چوو بە قینا

## ئەی وەتەن

ئەی وەتەن خەمت بۆمنەو خۆشیت بۆبێ گانەیە
ئامێزت بۆ نەیارانە و دۆستانت بێ لانەیە

بووی بە بەهەشت بۆ دووژمن ودۆزەخی بۆ ئازیزان
هەناسە سوار بوو ئەوەی بۆڕووی شەمت پەروانەیە

## ئەو ڕۆژانەی کە تێپەڕین

ئەوڕۆژانەی کە تێپەڕین نەمانزانی قەدری بگرین
بە یادی ژینی ڕابردوو با دانیشین تاوێ بگرین

ئەو ڕۆژانە زوو ڕۆیشتن ماون کۆمەڵێ یادگاری
ئارامیمان پێدەبەخشن بۆ ئێمە مایەی سەبوورین

## من و ئەقڵ

ئەی ئەقڵی ڕزیو کۆنی ماڵ وێران
چیت بەدەست هێنا لە دووریی ژیان

کەلاوەیی ژینت وەها ڕوو خاوە
نوزەیی ئەمەلی لێهەڵ گیراوە

بە ڕەنگت دیارە زەعیف و زەردی
کانگایی ئازار و میحنەت و دەردی

ئـیـتـر بـەسیێتـی لـیٚم مـەدە تـانـە
تـۆ سـەبـەب کـاری ژیـنـم گـرانـە

ئەسەف شەوگاری درێژ بۆخەم وئاخ هەڵکێشانە
کێ بێ دەردە هەریەکەو بەدەم دەردێ پەرێشانە

## بیست و حەوت ساڵە

بیست وحەوت ساڵە خوێنم دەمژی
لە سەر مافی خۆم میشکم ئە پژی
نا یەڵێ گەلێ وەك ئینسان بژی
ئەڵێ برسیمە تۆ خوێنی ئەرژی
هەر جارە و پۆلێ لاوی لێ ئەکوژی
ئەمەیە بەری ڕەنجی چەن ساڵەم
من کەی شایستەی ئەم ژینە تاڵەم

بیست و حەوت ساڵە خزمەت کاری تۆم
من تۆم پێگەیان بە خوێناوی خۆم
بە دەستی تۆوە دیل و ڕەنجە ڕۆم
بووم بە قرەبرووت بەس ماوە بۆسۆم
لافاوی خەمت هێنایە ئەستۆم
ئەمەیە بەری ڕەنجی چەن ساڵەم
من کەی شایستەی ئەم ژینە تاڵەم

بیست وحەوت ساڵە دەرونم زامە
بۆ تۆزێ خۆشی هەر بە هیوامە
میحنەت و ئازار جێگە و مەئوامە
بەرو پێش ناچم هەر بەرە و دوامە
هێند دەردە دارم لاڵە بێ خامە
ئەمەیە بەری ڕەنجی چەن ساڵەم
من کەی شایستەی ئەم ژینە تاڵەم

بیست وحەوت ساڵە بۆ تۆ ڕائەکەم
دینارو دەنگت بۆ پەیا ئەکەم
بۆ خاتری تۆیە من هەرا ئەکەم
دڵسۆزی خۆمت بۆ ئەدا ئەکەم
باکت پێم نی یە لێت حاشا ئەکەم
ئەمەیە بەری ڕەنجی چەن ساڵەم
من کەی شایستەی ئەم ژینە تاڵەم

بیست وحەوت ساڵە خەریکی شینم

زوڵمی تۆ دەستی خستۆتە بینم

بوو بە جەهەنم ژیان و ژینم

ئەوەندە لە تۆ هەڵساوە قینم

ڕۆژ و ڕوناکی وەك شەوە بینم

ئەمەیە بەری ڕەنجی چەن ساڵەم

من کەی شایستەی ئەم ژینە تاڵەم

بیست و حەوت ساڵ گەل ئەچەوسێنی

ویست و ئیرادەیی میلەت ئەشکێنی

ڕۆژی نەوعێکی هەڵئە پەڕێنی

کارت تەواوبوو وازی لێدێنی

هەر بەئاوازی دووژمن ئەخوێنی

ئەمەیە بەری ڕەنجی چەن ساڵەم

من کەی شایستەی ئەم ژینە تاڵەم

## خەیاڵی پووچ

سەرم سەودایی خەیاڵێکە هەتا ئەبەد بەڕاس نابێ

غەرقی گێژاویی خەمێکم تا نەخنکێم خەلاس نابێ

ڕەنگ زەردی و هەناسە ساردی لە شێوەیی ڕووخساریی منە

تەریبی عومرم هێند لارە وا بەعالەمێ راس نابێ

## ئەی نیگارا

ئەی نیگارا حۆری زەمین

تاڵی زووڵفت کردە کەمین

بەرت دایە ڕووح و جەرگم

وا لە سەر لێواری مەرگم

ئەی نیگارا بۆچی نەمای

وەك من لە ئامێزی خەمای

یا دوور لە من گەلێ شادی

لە نێو باوەشی مورادی

ئەی نیگارا حەیاتی من

مەقامات و بەیاتی من

ئەزانی بێ تۆ عوریانم

خۆشی دووری خەیاتی من

ئەی نیگارا ناگەی لە من

شاخێ بووم هێنامت لە بن

ئە تۆ بۆ من زۆر زیاتری

لە مەملەکەتێ کێژوو ژن

## لەگەڵم وەرە

وەرە با لە شاری خەم سەفەرکەین

دە وەرە بۆگوڵستان گوزەرکەین

وەرە شۆڕش دژی خەم بەر پاکەین

وەرە بە گیان یەکتری سەودا کەین

وەرە با چاوەڕوانی نەمێنێ

وەرە تا خەم شادی نە تۆرێنێ

وەرە تا نوزەیی ئەمەلمان ماوە

وەرە تا قەڵایی ژین نە ڕووخاوە

وەرە بۆ یەك گرتن بتوێینەوە

وەرە وێردی عیشق بڵێینەوە

دەورە ڕۆحم لەگەڵ خۆت بەرە

وەرە و دیسانەوە بۆلام وەرە

## هیوا

بێ هیوا مەبن ژیان هیوایە

خەباتی ئێمە بە کۆتا نایە

ئاسۆی ڕزگاری پڕ لە نشێوە

دوژمن خۆ ناگرێ لە ئاستی ئێوە

هەتا گەیشتن بە لوتکەی ئاوات

دەس هەڵناگرین لە هەوڵ و خەبات

هەتا نە ڕوخێ کۆشکی زۆر داران

ڕزگاریان نە بێ چینی هەژاران

خۆری یەك سانی نەدا لەگشت ژین

نا بێ ببەزین دەبێ تێکۆشین

ئێمە کە نەوەی قازی و قاسم لۆین

هەرچەن نزم بین هەر ڕوو لە ئاسۆین

## من و دڵ

دڵێ گڕ نەگرێ بۆ دەردی هەژار

بۆ زامی گیانی نە بێتە تیمار

ڕاکا بۆ پارە و سەروەت و دینار

ببێتە نێچیر شۆخێکی عەیار

یاخوا ئەو دڵە توشبێ بە ئازار

نەحەسێتەوە قەت لە ڕوویی ڕۆژگار

دڵێ هەر شینی بۆ ژینی خۆیی بێ

بۆ ئازاری خۆیی تەنیا ڕۆڕۆیی بێ

بۆ ژن و پارە تەقەلا و سۆیی بێ

دونیا کاول بێ و ئەو نان و دۆیی بێ

یاخوا ئەو دڵە توشبێ بە ئازار

نەحەسێتەوە قەت لە ڕوویی ڕۆژگار

دڵێ قبووڵکا سەر شۆڕی ژیان

خۆیی هەڕاج بکا بۆ چەن پارەوە نان

نوزەیی هەتیوێ پێی نەدا تەکان

نەیی شڵەژێنێ ئازاری ویژدان

یاخوا ئەودڵە توشبێ بە ئازار

نەحەسێتەوە قەت لە ڕوویی ڕۆژگار

## خوایە!

خوایە کوردێکی ڕەنگ زەرد و سیام
ئەوە کەی ژین بوو من تێی دا ژیام

خوایە لاتی من هەتاکو کەی بێ
ناڵە و بێدادیم بە وێنەی نەی بێ

خۆری شادی من بۆچی ئاوا بێ
عاجز بم لە ژین مەرگم داوا بێ

بەهاری عومرم پایزی زەرد بێ
سینەم پڕ ئاخ و ئازار و دەردبێ

بەفری زەمانە باری بە سەرما
بەرگی ماتەمی زوو کردە بەرما

خوایە هەتیوی دەوری زەمانم
دونیا حەزێتی زوو لە نەمانم

من کۆترێك بووم زوو باڵم شکا
تاڵاوی ڕۆژگار لە جەرگم تکا

ئاسکێکی تینوی نێو گەرمەسێر بووم
لە گورگی ڕۆژگار چاوەڕێی خێربووم

هەناوی بریم جەرگیشی خواردم
بە نامورادی ژینی سپاردم

## خەمێك بۆ گەنجانی نیشتیمان

ئەرێ برای گەنج کاکی عومر جوان
چاوێ بنوارە قانوونی ژیان

ژینت وا نابێ هەتا ساڵی حەی
قۆڵت هەڵماڵە و تێبکۆشە دەی

چـاوە چاو مەکە بۆ تیکەی ماڵان

نـانی تـەشتەی خۆت مەدە بە تـاڵان

ئەگەر ئەتـەویٚ بەرە و پێش بڕۆی

هێزی پێش کەوتن بە تـەنیا هەر تۆی

بۆ حـاڵی شڕت مشوریٚ نە خۆی

بەرە و پێش نـاچی بۆ دواوە ئەڕۆی

خەڵکی وەکو تۆ کەوتە پێش گەلان

خۆری سەربەستی گەیـاندە کەلان

نوزە نوز مەکە وەك شێری مەیدان

وەرە سەر ڕێگای هەوڵ و تێکۆشان

دەستت لەدەست و قەوەت لە خوابیٚ

ئەو جا دووژمنیش سووك ڕیسوابیٚ

## کاکی نا مەسئول

بـرایی نـا مسەئوول عـاشقی کورسی

ئەتـۆ تێریت و میلەتیش برسی

جار جار بنواڕە بۆخەڵکی هەژار

ڕەحمێکت هەبیٚ کاکی ستەم کار

بۆ تێرت نە خوارت لە زوڵم و ستەم

خوێنم دەمژی لە وەتـەی من هەم

کوا دیموکراسی کوا مافی میلەت

کێیە بۆئینسان دادەنیٚ قیمەت

دروشمی درۆ چاك سەری خواردین

هەرکەس پەیا بوو پێی ڕا بواردین

شەڕی ئەمانە هەر بۆ گیرفانە

کامیان فەقیریان لاوەك ئینسانە

ئەی برای هەژار کاکی دەرون ڕەش
غەرقی ئازار و لە خۆشی بێ بەش

خۆت مەدە بە کوشت بۆ گێل وگەوجێ
هەر ڕۆژ نا ڕۆژێ دەگۆڕێ مەوجێ

مەکەوەرە شێوین درۆ و دەلەسە
گەوجی و نەزانی تەواو بوو بەسە

مەکەورە شوێن ئینسانی زاڵم
تۆیش مەبە سەبەب خرا پی حاڵم

لەغەیری خودا کێ تۆی لە بیرە
قوڕ بە سەری بۆ بە چکەی فەقیرە

تۆ کە مەزڵومی وەك منی هەژار
مە بە بەداردەس پیاوی ستەم کار

چە پڵە لێ مەدە کاکی چە پڵە کوت
چە پڵە خۆ ژەمێ پێتی نادا قوت

بۆ دوو تیکەنان شەق مەوە شێنە
پەنجەی شایەتی مەکە ناو خوێنا

برا سەیر کە کامە خانە دان
چە پڵە لێدەدا وەك ئێمەی نەزان

دەنگت بخە پاڵ برای مەزڵومت
لەبیرت نەچێ ڕۆژگاری شومت

هەژاربەقوربان بەرگی شڕت بم
بە فیدای دڵی لە خەم پڕت بم

دەبێ ئایندە بۆسودی تۆ بێ
دوژمنی نامەرد سوك و ترۆبێ

## هۆ برای هەژار

هۆبرای هەژار کاکی زەحمەت کێش
ئیتر بە سێتی با نەت دەن لە پێش

برام هەتاکەی تۆ هەر ڕەنج بەری
بۆ خزمەت کاری داری بێ بەری

مەینەت مەکێشە بۆ مەینەت کێشی
بۆچی کڕیاری ئازار و ئێشی

برا ئازادی مەفرۆشە بە نان
بە بێ ئازادی چی هەیە ئینسان

بۆ پۆست و پایە و پارویە چەوور
خۆت مەخەرە ژێر شمشێر و تەوور

برا بە گورگان مەکە مەتمانە
تۆ کە هەر مەڕی ژینت ئەمانە

ئەی برای ئینسان ئەی هاوار شەرم
بۆ حاڵی هەردوو ئەی خاك بەسەرم

تۆ بۆ تێناگەی نەکەڕ و کوێری
چونکە نۆکەری و بە مەینەت فێری

حەزت لەسایەی ئاغا و کوێخایە
دڵت هەر سوکنای بە واوەیلایە

دەموژدە بێ لێت تا ڕۆژی مەحشەر
بەرگی ڕەزالەت دانانەی لەبەر

نەوە دوای نەوت شارە زا دەبن
کە چۆن نۆکەری مام کوێخا دەبن

## کاکی پارەدار

برایی پارەدار کاکی خاوەن پووڵ
بۆ ئەم هۆنراوەم گوێبگرە بە دڵ

چاوی بەزەیت لە سەر بێنان بێ
دەبێ وا بکا هەر کەس ئینسان بێ

لەویانە ئەتۆش ڕووت و ڕەجاڵی
لە حاڵی هەژار جا دەبی حاڵی

چۆنە ئاسوودەی جیرانت برسی
لە ناڵە و نرکەی هەژار نا پرسی

بە خۆت مەنازە خاوەنی پووڵی
ئەتۆ میوانی گۆڕێکی قوڵی

سفرەکەت پڕە لە نیعمەتی خوا
مافی هەژاران چی لێهات و کوا

ناڵە و بێدادی مناڵی هەژار
لێت کۆدەبێتۆ وەکو تولەمار

بۆ خۆفێ ناکەی کاکی هورگ زل
تەوقی بێدادی بۆ ئەکەیتە مل

فریات ناکەوێ قەسر و تەلارت
لەگەڵ فەقیرا خوار بێ ڕفتارت

چاوی بەزەیت لە سەر هەژار بێ
با لە برسێتی دەمێ قوتار بێ

ئەوە من ووتم جا بکە بە گوێم
من حەقم پێیە حەقت نەبێ کێم

ئەگەر لەم دونیا چاو لە هەژاربی
لە ڕۆژی مەحشەر دەبێ قوتار بی

## چۆن دیارە موسوڵمانی

مەردوم دەبێ لەم ڕۆژگارا هەر بەڕاستی موسوڵمان بێ
خودا ویست و چاکە کار و ڕێبواری ڕێگەی ئیحسان بێ

گوفتار شیرین ،ڕاست وڕەوان، خاوەنی جوانترین ویژدان
ڕەوشت بەرز و ڕوو لە حەق بێ بۆ خەڵقی خوا میهرەبان بێ

ئـەگــەر گـفـتــار و کرداری بـپێوی لـەسـەر شـایــانـێ
دوو ڕوو نەبـێ وەکو یـەك بێ ئـەگەر خاوەنی ئیمان بێ

لـەم عەسرەدا زۆردەبیـنـیـن قـســەی زل و بـێ کـرداری
بـۆدەبێ ڕیـش و گفـتـی جـوان لە دەوری داو وەکودان بێ

چەنـدە سەیرە مــامە حاجی بە سوێندی قوت پەیدا دەکا
نـانـێ ڕەنجـی قۆڵبڕی بـێ یـا خوا نەبـێ و بەسـندان بێ

ئەسـەف زۆری دیـن دەفـرۆشێ ،لـە بـازاڕا وەکـو کـاڵا
دەك ڕوو ڕەشی بەردەم خودا و هاوەڵی کاکی شەیتان بێ

## خاکی وەتەن

ئەی خاکی وەتەن زێدی بێخاوەن
چوار پەلت کێشراو بە مێخ و پاوەن
کوان فیداکاران لە مێژە ون بوون
وڵات وێرانە میلەت بێ کاوەن

ئەی خاکی وەتـەن سەرتـا پا وێران
چاوساغت نەما سەردەمی کوێران
هەنـاسەی سینەت بێزاری ژینە
ڕێوی خانەی مەملەکەی شێران

ئەی خاکی وەتـەن هەتیوی ڕەنگ زەرد
شاخێ بووی ڕووخای بە ئـازار ودەرد
چون بێخاوەنی خاوەنت زۆرە
ڕەنجەکەت فەوتـا هەناسەت بوو سەرد

ئەی خاکی وەتـەن دایەی جەرگ سووتـاو
هەر بە زیندوێتی لاشە کەرت کراو
هەر چاوەڕوانی ئـاسۆی هیوا بووی
لە بـاوەش بگری ڕۆڵەی زەوت کراو

ئەی خاکی وەتـەن عەهد و پەیمان بێ
تەمەنم بۆ تۆ بەس تێکۆشان بێ
سەر و ماڵی من ،بە بێ دوو دڵی
بۆ خزمەت کاری تۆی نیشتیمان بێ

وەرن ئەی لاوان کۆڕێ ببەستین
بێغیرەت نەبین هەر چەن ژێر دەستین
ئەم نیشتیمانە بارزگاری بێ
چی یە ئیسفادە هەر تورە و پەستین

مزگـەوتـەکان خـاوەن شـکۆن ، بـەئێوە بـێشکۆنـابـن
سـەنگەری دیـفـاعـی گـەلن هـەتـا ڕۆژێ سـتـەم مـابـن

مەلا دەبـێ بەس حەق بـڵێ گـەر خـاوەن پـەیـامـی خـوا بن
چـاونـەتـرس و خـۆنەویسـتبن بـۆ مـیلـەت مایـەی هیـوابـن

## مزگەوت

مزگەوتـەکان کـە مـەدرەسەی پـێشیناوان وقەدیمـان بوون
سەرکردەکان بەڕەوشت بوون خـاوەن شەهادەو ئیمـانبوون

خوین خۆرنەبون میلەت دۆسبون نوری چاوی گشت کوردان بوون
داد پەروەربوون خۆنەویست بوون چونکە پەروەردەی قورئان بوون

مزگـەوتەکان بـێقـەدرمان ، هـەمـوو شـتـێ بێقـەدر کەوت
سـەرکردەکان بـوون بـەگـورگ و بـازرگـان وخـاوەنی نەوت

ڕەوشت نەما زەمیر نەما هـەموو شـتـێ ژێر و ژوور کەوت
ئـەوەی کـە شکۆی ئینـسـان بـێ لـە خـاوەنـی کـرا زەوت

## ئەی برای ڕۆژگار

ئەی برای ڕۆژگار کاکی بێزەمیر
ڕەحمێکت هەبێ بۆ پیاوی فەقیر

دەستی پڕجەفات توند کرد لە بینی
نیونەفەس نەژی خەلاس بێ ژینی

با ئیتر نەژی بە نرکە و ناڵە
مەینەت نەکێشێ لەم ژینە تاڵە

با نەتلێتەوە ڕۆژی بە دەردێ
موحتاجی نەبێ بەدەست نامەردێ

ژینی پڕ مەینەت مەکێشە بەری
کڵاوی خۆشی مەکەرە سەری

ئای چاوت کوێرکرد بەهیوای خۆشی
بە گوفتی شیرین ئینسانە دۆشی

لەسایەی تۆدا کێ حەسایەوە
کێ هیوای پێت بوو هەر چەوسایەوە

ژینی تاریکت کەی کرد ڕۆشنا
بەشادومانی کێت کرد ئاشنا

هەناسە و نرکەی کێت بڕانەوە
بەزەیت نەبوو چەن پاڕانەوە

ئەی برای هەژار کاکی مەینەت کێش
تیغی زەمانەت بۆ کراوە تێژ

هەر ڕۆژ بەنەوعێ دەبڕێ سینەت
جەهەنم ئاسا دەکوڵێ ئەم ژینەت

## تەمەنی پڕلە ناکامی

هەڵدە لەو عومرەی پڕئاخ و دەردە
تاڵە ژیانی هەرکەسێ مەردە

دونیا بۆ نامەرد جێگە و مەئوایە
بۆ پیاوی مەردیش بەس واوەیلایە

دوکەڵی دەرون یا قرچەی هەناو
هاوڕێ و هاودەمە بۆ پیاوی داماو

چی سەوز دەبێ لە ژینی هەژار
بێجگە لە قرچە و ناڵینی ڕۆژگار

بەرگی ماتەمی بۆیە پۆشیوە
لە پیاڵەی ژەهری ژینی نۆشیوە

ڕۆژگاری سەختی زەمینت نەدی
ژینی پڕ بۆسەو کەمینت نەدی

بۆیە ڕەنگ زەرد و زەعیف و کزە
چون ستەم دیدەی دەس دونیای دزە

چە پۆکی ڕۆژگار نەیدا بە سەرتا
بەرگی ماتەمی نەکرد بە بەرتا

بزەیە بۆ من بەحەیفە زانێ
بووە بە نۆکەر شان و مل پانێ

لە پیاڵەی زەمەن تاڵیت نەنۆشی
ئەوچەنەی ژیای پڕبوو لە خۆشی

عەمرت نەمێنێ ئەی دونیای دوو ڕوو
بۆ ئێمەی هەژار خێری تۆچی بوو

ناڵە ناڵی تۆ بۆ قومێ شیربوو
کەی دەرونی تۆ بە خەم ئەسیربوو

بڕۆ پیرۆزبی لەتاج و درهەم
بۆ منی هەژار هیچ نە تبوو کەرەم

خۆش بەحاڵی خۆت ئاشنای ژین نەبووی
وەکو ئێمەی لات دەس بە بین نەبووی

## لە سەر گۆڕی منداڵێك

ئەی کاکی منداڵ مردووی عومرکەم
باش بوو زوو مردی نەمایتۆ بۆ خەم

موحتاجی دەستی نامەردێ نەبووی
بێهەست وسۆز و گابەردێ نەبووی

زوڵم وزۆر داریت نەبینی بەچاو
نەبووی بەخەڵووس وەك ئێمەی داماو

بێدەسەڵات و دەردە دار نەبووی
بەگاڵتە و گەمی دەست ڕۆژگار نەبووی

کەی جوانە مەرگی تۆخۆش مەرگ بووی
دوور لە شیوەن و ناڵەی جەرگ بووی

ئەی سڵاو لە تۆ ئەی کاکی منداڵ
هەتا نەیبینی ناگەی لە ئەحواڵ

هەرکەس بەلاتا دێو ڕائەبووری
خۆزگەی بەتۆیە و دونیا بەتوری

## دونیا

دونیای پڕ زووڵم و زۆر داری و ستەم
لەگشت شتێ زۆر لە دادگەری کەم

دونیای پڕجوانی و خاڵی لەویژدان
مەیدانی مەینەت بۆ کرۆی ئینسان

دونیای بێ قەدر لە بەهاو جوانی
دژی هۆشیاری و دۆستی نەزانی

دونیای بازاڕ و هەڕاجی شعوور
لەڕۆح شکاندن هیچ نەی بوو قسوور

## من و یاسا

یاسا تۆ پەتی ملی فەقیری
ژین وێران کەری چەن بێ زەمیری

یاسا تۆسجنی بۆ چینی هەژار
شەق و فەلاقەی یان قەنارە و دار

یـاسـا تـۆمـایـەی مژیـنـی خوێنی

بـەس کەرامەتـی هەژار ئەشکێنی

یـاسـا نـۆکـەری خـانـە دانـــانـی

بـەرامبـەر فـەقـیر چـەن بێویژدانی

یـاسـا پـێڵاوی گەورەیی وڵاتـی

بـۆچینی هـەژار مـەرگ و نـەهـاتی

یـاسـای درۆزن زاڵـمـی بــێ داد

شـێری زەمـانـەی بـۆفـەقیرولات

ئـەی ڕێویـە گـەڕی چـینی خانەدان

کەوشی بێرەقم گەورە و بەك زادان

تـۆنوسـراوی بـۆ هـەژار کوشـتن

فـەقیر چـەوسێنی تـاڕۆژی مردن

کام کاربەدەستت توند کرد لەزیندان

بۆ فەقیر ئازای یاسای بـێ ویژدان

کوانـێ یەکـسانـی تـەرازوویی درۆ

بـۆ هەژار کوشـتـن هاتـوویـتە بەرۆ

## تاڵی ڕۆژگار

تـاڵی ڕۆژگـارم زۆر نۆشی دەبا بەسبێ کاکی ساقی

هەرچی عومرم ماوە بۆ تۆ بۆ خۆت بێ و نامەوێ باقی

## هۆ برای ئینسان

هۆ کاکی ئینسان برای بێشەرم

بۆچی تێر ناخۆی لە خوێن و تەرم

ئەتۆ دوڕندەی یان گرۆی حەیوان

ئەبێ هەر تۆبی ئاژەڵان کەی وان

سۆزێکت هەبێ بۆ بێوژدانی
شەرم لە خۆکە گەر تۆ ئینسانی

بائیتر بەس بێ بۆ ئەڕێژی خوێن
ئەوانەی کوشتت بۆ نازانی کێن

ئەویش وەکو تۆ خاوەنی گیانە
بەدڵ عەودالی خۆشی ژیانە

حەزدەکا بژی بەشادی وخۆشی
کاکی دوڕوندە خوێنی ئەنۆشی

هەرچەن بڕوانی وەسەر زەمینا
دووڕندە زۆرەو ئینسان کەمینە

## جەژن

جەژن وەمانای خۆشی و شادی یە
دوور لـە چە پۆکی نـامـوردای یـە

جەژنە بۆکەسێ کە دڵی شادبێ
یەخسیربێ نابێ دەبێ ئازاد بێ

جەژن جوانی یە بۆ ڕووخساری گەش
ڕەنگ زەردی عاجز هیچ نایکەوێ بەش

ئەڵلا چەن خۆشە جەژن جەژن بێ
دڵ ئاسوودەکا نەك بۆ بەژن بێ

گەر جەژنم بینی مەرگم ڕەوایە
ڕۆحی تامەزرۆم ئەوەی داوایە

جەژنی بێجەژن بۆ ئێمەی کوردە
نە زبرەمان بوو نەدیمان خوردە

## بۆ سینگڵەکان

ئەی برای سینگڵ ئەی کاکی بێژن
هـەر مەلەوان بـە لـە دەریای بێ بن

وەکو مێشوولە هەرگیز و وڕتە
باوانت کوێرە بە حاڵی شڕتا

کافری سەرکێو موسوڵمانەکەی
تورە و سەرشتی زوو زوو مانەکەی

ئاگر دەبارێ لە ڕەنگ و ڕووتا
خوای ماستاوی ماڵی خەسوتە

زوان بەگلەی و دەمت بە بۆڵە
حەزدەکەی ژیان بدەی بە کۆڵا

## بۆ باوکی سینگڵەکان

ئەی باوکی سینگڵ کاکی بێزەمیر
ڕەحمێکت هەبێ بۆ پیاوی فەقیر
ئەم گیزە گیزە ئیتر با بەسبێ
بۆ کاکی سینگڵ زووبکە تەکبیر

ئەتۆیش سینگل بوو لە زمانی زوو
بابت گەر وابوو تۆ بۆچی هاوخوو
دوعاو ناڵەیان نەتکا بەقەقنەس
ژن بۆ ئەم بێنە و ئەویش بدە شوو

لای تۆ منداڵە و هێشتا ساوایە
لای ئەوبێ کەسە و زۆربێ مەئوایە
لە بەینی هەردوو گەرمن حاکم بم
ئەوەی هەردووکتان ڕاست و ڕەوایە

کاکە با بڕوا و بچێتە ماڵی
گلەی نەکا ئیتر لە حاڵی
لەمانای ژیان ئەوکات تێبگا
ژیان شرینە یاخود هەرتاڵی

بەحیسابی خۆی کچەیش شەرمنە
ئەویش مەلەوان دەریای بێبنە
گەلێ حەز دەکا لەهاودەمی خۆی
لەسەری دایکی ئەو ئەکا کنە

## شیرین

شیرین تو خودا ڕەحمێ بفەرموو
تاسەی دووری تۆسەری کرد چەرموو

شیرین بەبێ تۆ ژین بۆچی باشە
قیمەتی چی یە بەبێ ڕۆح لاشە

شیرین دڵ دەرچوو لە سجنی سینە
چیبکەم کۆڵ نادا هەر چەن برینە

شیرین بە بێ تۆ  زۆر تاڵە ژیان
لە من بێزارە هەناسە و گیان

شیرین بێ ئینساف دەوری زەمانە
بۆ جەهەنم بێ عومری هەمانە

شیرین ئەی خۆر و مانگی چواردە
دڵە شێتەکەم بە تۆ سپاردە

شیرین چەقۆ کێش بۆ هەناوی من
ڕووناکی سینە و هەردوو چاوی من

ئامانەت بێلات تا ڕۆژی مەحشەر
ئەو هەرهی تۆبوو بۆ پێی دام قەدەر

شیرین تۆ بۆ من بۆچی وا تاڵ بووی
خۆ تۆ هومێد و هیوای چەن ساڵ بووی

بە قوربانت بێ ئەوەی کەهەمن
نەوەك و گیانی هەزار گیان کەمن

شیرین تەبیبی دەردەکەی کاریم
خەیاڵ و خولیای خەون و بێداریم

## ئازیزگیان

ئەزیز ماڵوێران هەروەك ماڵی من
تەمەنت فەوتاو چەشنی ساڵی من

ئەی هاودەمەکەی وەك من بێبەخت
ژیان پڕ عاسێ و هەورازی سەخت

وەك من نەحەساو لە سایەی ژیان
سینە پڕدەرد و هەناو چوون بوریان

ناحەساینەوە ساتێ بە بێخەم
سووتاین بە ئازار چ زۆر و چ کەم

هەردووك بەشمەینەت دونیای پڕدەردین
لە سەمەری ژین هەناسە سەردین

عومری شیرینی من و تۆ تاڵ بوو
تەمەنی ئێمە هەر ناڵە ناڵ بوو

شادی و پێکەنین بۆ ئێمە کەم بوو
ئاسمانی ژینمان دایم بەتەم بوو

هەرچاوەڕوانی ڕێگەی ژیان بووین
ماندوو شەکەت و نیوە گیان بووین

کاروان چی یەکەی پەشیمان لە ڕێ
هەواڵ ئە پرسم بگەم بە هەرکێ

ڕۆیشتی نەمای من مامۆ بێکەس
سووتام هەڵوەریم بە وێنای قەقنەس

## شەو

ئەسەف شەوگاری درێژ بۆ خەم و ئاخ هەڵکێشانە
کێ بێدەردە هەریەکە و بەدەم دەردێ پەرێشانە

# لە سەر گۆڕی شەهیدێکی سەنگەر

ئەی برای شەهید پارێزەری خاك
بە مەردی ژیای مردنیشت چاك

ئەی برای کوردم خۆ ئێوە کورد بوون
بۆ بە هەشتی ژین ئاوەها پرد بوون!

تاوێ گوێبگرە بۆ حاڵی میلەت
لە خەڵکی لادێ کێ دەگرێ قیمەت

خەباتی ئێوە کەی بۆ نەوت بوو
قەسر و تەلار و زوو لَم و زەوت بوو

ئەو خەڵکەی کەوا سووتا بۆ ئێوە
ئێستایش ئەسوتێ هەروا بێخێوە

کەی بازرگان و تاجری شار بوون
ئاوا گەل دۆس بوون ! یاخود هەرماربوون

کوانێ ئازادی کوا دروشمی جوان
کوانێ قەدر و ڕێز لەشکۆی ئینسان

ئەوجا موحتاج بوون بۆ تێکەیە نان
کەی هین ئێوە بوو زەوی و ئاسمان

کوا دارد پەروەری و یاساو یەك سانی
کوا ئەو دروشمەی بۆ ئێمەت هانی

خۆزگە تۆیش دەمای ئاخۆ وەك ئەوان
لە ئێمەی کلۆڵ نەدەبووی نەوان

شەق وەشێن ئەبووی بۆ چینی هەژار
پووڵ و سەروەتت دەچووە میلیار

دەت مژی خوێنی گەلی چەوساوە
دەبوو هەروابی چوون ئەوە باوە

## هۆ برای مللەت

هۆ برای میللەت کاکی لەش بەبار
ئاخر هەتاکەی خۆزگەمان بە پار

چونکە بێعەقڵ و بێهەست و فامین
بۆیە بەدایم دەروون پڕ زامین

بە گشت ئاوازی هەڵپەڕکێمانە
ئەم جەهەنمە بۆیە جێمانە

هەر دەور و خولیای گورگی هارمانە
تا ڕۆژی مەحشەر مەینەت بارمانە

زامی ئەوشەقەی درا لە شکۆت
لە بیرت چووە ڕەنجەڕۆبی خۆت

شاخی مەینەتی مەکە بە سایە
درۆو دەلەسە نابن بە پایە

مە پارێزرەوە و دوای کزمەبە
هاورێی قافڵە و شەریك دزمەبە

سبەینێ ڕۆژی جەزا و تۆڵەیە
حەقی دەسێنێ ئەوەی ڕۆڵەیە

بە قەڵەمی تیژ بەهەستی بەتین
بۆچینی زۆردار هەڵ ئەڕێژین مین

دەبێ بی گۆڕین خۆ خۆی نا گۆڕێ
بۆچینی زۆردار هەڵکەنین گۆڕێ

هەستی زۆر داری لەبن دەربێنین
چرای ڕۆشنای هەڵ بگیر سێنین

بەهەست و بیر و بەهۆشی ڕووناك
لە چینی زۆردار هیچ نامان بێ باك

بەبۆڵـە کـــردن کـــــارنـایـە بەجێ
بزان سبەینـێ دەنگ ئەدەی بەکـێ

گەر زۆری میللەت حەزی لە زۆربێ
دۆستی ئازادی با چـاوی کۆربێ

شیوەن و ناڵە بۆ گەلی بێ هۆش
بۆ ئێمە نابێ دایم واین لە بۆش

هەر ڕۆژ بە نەوعێ وا لە گێرێکین
پرگلەیـن و وا لە پیـرێــــکـین

ئەوەندە بیرووین بێ هەست و شعور
هەمووی سفربێ ئەی کەین بەعبوور

ئێمە ئارەزووی شەق فرۆشەکەین
هەر بە تێهەڵدان خۆمان گۆشەکەین

ئەوجا کە ئەڵێین بیکەسین ئێمە
یان منم یان تۆی ئەی لەگەڵ کێمە

## هیوا

هیچ کەسێ لە پڕ نابێ بە کوڕێ
ڕێگای ئازادی هیواش ئەبڕێ

هەرچەن ئەم ڕێیە پڕ لە نشێوە
هەر سەرئەکەون ئازابن ئێوە

یـەکێ بی یـەوێ ئازاد بێ خـاکی
دەبێ لە جەنگەڵ هیچ نەبێ باکی

ئاواتی ئێمە مافی ئینسانە
داواکردنی ژینی یەك سانە

مەبەستی ئێمە ڕوون و ڕەوایە
چرای بەردەم مان تەنیا هیوایە

هۆشیاری مایەی سەربەستی گەلە
میللەتی نەزان وەك ئاسکی شەلە

چەن هێزی تیا بێ لایەقی گورگە
گەلی وایش هیوای ئارەزوو ورگە

پێشکەوتن خوازم میللەت پەروەرم
هەر خەمی ئێوەش ئەکەمە بەرم

گەل هۆشیاربکەن کارتان ئاسانە
نەزانی مایەی دیلی ئینسانە

## لەکوێ یە

لە کوێیە ئاسۆی عومرە سەختەکەم
لە کوێ دراوە گرێی بەختەکەم

لە کوێیە چارەی زامی دەروونم
لە کوێیە شادی دڵەی زەبوونم

لە کوێیە خونچەی نەپش کوتی من
لە کوێیە بەرگی جەستەی ڕووتی من

لە کوێیە نەوای منی بێ نەوا
نازم بکێشێ لە شیرینی خەوا

لەکوێیە ئەوەی ڕۆیشت و نەما
منی بەجێهێشت لە دەرد و خەما

لە کوێیە ون بووی یەعقبووی کەنعان

پێی بڵێن بابێ نەك بسپێرم گیان

پێش ئەوەی بمرم ببینم ڕەنگی

دڵم بجۆشێ بە سۆزی دەنگی

یاسینم خوێنێ بەدەنگ و سۆزی

بەمەرگی ئاوا هەزار جار خۆزی

## ئەی وەتەن

ئەی وەتەن منداڵی ساوام تۆ دایکی شیرینمی

ئەی وەتەن جەستە پڕ دەردم تۆچارەی برینمی

ئەی وەتەن ئاه و فریادم نابیسی چەنانێکە

تۆ خەیاڵی کاری ڕۆژ و یادی سەر سەرینمی

ئەی وەتەن بیرت ئەکەم پڕلەتاسە و حەسرەتم بۆت

دۆزەخێکی داگیرساوبی بەهەشتی بەرینمی

## یادێک لە ڕابردوو

دەچمە سەر یاڵێ وەك کۆنە شوانێك

نان و هێلکەیەك دەکەم بەخوانێك

دڵخۆش دوور لە خەم دەرون پڕ شادی

سروود ئەچڕم بە گشت زوو بانێك

بۆچیمە قەسر و کۆشك و تەلارێ

دەرون پڕدەردبم خەمم لێبارێ

ئینسان دڵخۆش بێ ئیتر ژین چییە

بۆ خۆمان بدەین لە هەموو بارێ

تەمەن کەمێکە کەمیش بۆی ڕاکە

ئاخری ئێمە هەر ژێری خاکە

تاوێ خۆش بژی خۆکفرنابێ

ژین بۆ خۆش بیە ئاوابی چاکە

هەرباره بەربی هەر خاك بە سەربی

هەرخزمەت کاری داری بێبەربی

پارە و سامانێ سوودی نەبێ بۆت
حەقتە هەرکزو ولات و لەجەربی

لە پاش مردنت بە تۆچی سامان
بۆخۆت خۆش بژی دەستم بەدامان
خۆپارە نابەی بۆ ناو گۆڕەکەت
وەك سوالٌ کەر مەژی ئامان سەت ئامان

تۆ کارتی بانکی ژیان بووی بێ ڕەسدو بێمایە بووی
بۆمنی بەت بەختی داما و بێسێبەربێ سایە بووی

بکەوە ڕێ بۆچەقی وی لە گشت کاروانێ دوا کەوتی
ڕێگای ڕاستت بزرکرد و سەرنشینی ڕێگای چەوتی

ڕۆژێ هەر بە داخی تۆوە دەمرم و سەردەنێمەوە
ئەترسم لە نێو گۆڕیشدا بێیت و بنوسێی پێمەوە

## ئەستێرەی بەخت

ئەی ئەستێرەکەی بەختی من دەربکەوە بەرەو ئاسۆ
هەتاکەو کەی لە نشێوی بۆچی ناڕۆی بەرێی ڕاسۆ

دەهەستەوە ، خەوخۆش مەبە، دامەنیشە دیار خەیالۆ
بەختی عالەم خەریك سەفان بۆچی کەوتوی لە مالۆ

دەهەستەوە ڕۆژ درەنگە هۆشت هەبێ سالٌ هاتوو ڕۆی
لە کولانەی سینەی مندا هەتاکەی خەریك هاتوو چۆی

## فەڵەك

فەڵەك لە دەستت تاکەی بکەم شین
بڵێی ڕۆژێ بێ دەست بەردەی لە بین

فەڵەك هەتاکەی دەرونم پڕ بێ
بە دەستی تۆوە ژیانم شڕبێ

فەڵەك هەناوت بە پارە کردم
ئاخ هەڵکێشانت لێمارە کردم

فەڵەك ڕەشەبا بۆ دەواری من
فەڵەك شین و ڕۆی نێو نەواری من

فەڵەك کوا ڕەحم فەڵەك کوا ویژدان
بۆمن بناڵم تا بسپێرم گیان

فەڵەك لە ناڵەم نەهاتییە لەقین
سۆزێکت نەبوو کافری بێدین

فەڵەك شەق وەشین لەتۆپی چارەم
هەموو شت تۆبی ئەی من چ کارەم

فەڵەك بێ ئاگا لە دەردی گیانم
ئەی خامۆش کەری چرای ژیانم

ڕەحمێکت هەبێ بەسینەی بە سۆم
بە ئازار و دەرد بەناڵە و ڕۆڕۆم

بە فرمێسکی گەش بە قوڵپەی گریان
بە ڕەنگی زەرد و بەجەرگی بوریان

بەزەیەکت بێ بەعومری جوانیم
ڕۆشنایم نەدی چەنانێ ڕوانیم

فەڵەك من ئەمرم بەدەس خەمەوە
دەبم بە زووخاڵ بەلای کەمەوە

لەسەر گۆڕەکەم دوایی شینەکەی
حەز بەهەناوی بێ پەرژین نەکەی

فەڵەك من ئەمرم تۆ هەر بمێنی
چەشنی بایەقوش لە چۆڵ بخوێنی

## دایکم

دایە سەت خۆزگە هەر منداڵەبووم
لەگەڵ تۆ خەریك گرووگاڵە بووم

کێ وەك تۆ دڵسۆز هات بە لامەوە
دەرمانێکی خست بە سەر زامەوە

کێ بە وێنەی تۆ دڵسۆزی من بوو
خەم خواری من و جەرگ ئاژن بوو

دایە ڕۆشنای ئاسمانی لێڵم
دایە بەبێ تۆ بێکەسی خێڵم

دایە سوکنای دڵی پڕ تاسەم
دایە بەبێ تۆ نایە هەناسەم

هەرکەس تۆی نەبێ هەر ئەو بێ کەسە
بەس دایك هەبێ لە دوونیا بەسە

دایك گەوهەرە ،دایك سامانە
لە دەستان ئەچێ دەستم دامانە

ڕێزی دایکتان بخەنە سەر سەر
عەیبە خەڵوەتگە بۆچی دەربەدەر

دایکێ نۆکەس بێنێتە بەرهەم
گەورەیان بکات بە فرمێسك و خەم

بۆ دەر بە دەر و بێکەس و کار بێ
منداڵی ئاوا لاشەی بە مار بێ

یەکێ بۆ دایکی کە وەفای نەبێ
با هیچ کەسی تر بە تەمای نەبێ

## بۆنی باران

باران بباری نم نم لە سەرخۆ
ژیان ببخشە دیسانۆ لە نۆ

دای مرکێنەوە گڕی هەناسەم
تینێ بخەرە دڵەی پڕ تاسەم

بەو بۆنە خۆشەت با تاوێ مەست بم

تاکەی گڕ گرتووی بێ قاچ و دەست بم

بۆیە بۆنی تۆم لا خۆش و جوانە

چوون ئومێد بەخشە،مژدەی ژیانە

چەن خۆشە ئینسان وەکو تۆ وابێ

هاتنی خۆشی و شادی لەدوا بێ

ئەی ڕەفیق عومری درێژ بۆ زۆری عەزابی گیانە

ڕۆژێ سـوتـاوی ئاگر و ڕۆژێ ڕوو لــــە مینمـە

نا پرسی ئارەزووی من دەبێ چ بێ وەکو کوردێ

هەوای ئازادی هەڵبمژم دەست بەردەن لەم بینمە

شاکیرە ئەمڕۆ وەك قانع وێڵی سەربەستی گەلە

بۆخۆم نی یە بۆ ئێوەیە وا هاوار و شینمە

## مام شاکیری

هەست و بیر و خەیاڵم مـانعی خـۆشـی ژینمە

وشیاری و بێ دەست و پێی خەنجەری سەر سینمە

هەوری دیدەم زۆری بارانت فرمێسکی دانە و بەخوڕ

سەوز نەبوو گوڵێکی جوان بۆم چاوی بێ تینمە

لە بەرزای تاوێ ڕوانیم لە سـابـاتی تەمـەنـم

هەرخەمم بینی هاوەڵ و هاودەمی دێـرینمـە

## ڕێبوار

برای شیرینم ڕێبواری ڕێی دوور

کاروان چییەکەی بەینی دوو سنور

ئەی کۆڵ بەرەکەی چوار دەور پاسدار

تاوێ گوێ بگرە بۆ منی ڕازدار

برا لە دونیا کێ شادی بینی

کێ مەینەت دەستی نەخستە بینی

کەی بوول بولێکی خۆش ئاواز و جوان
تێر حەسایەوە لەسایەی ژیان

هەر گوڵێ جوان بێ عومر کورتەبێ
ژینی پڕخەم و تاڵی و تورتە بێ

برام ئەم دونیا چی پێیە بۆمان
سەرکز و داماو هەر بژین بۆ مان

برا کەی دونیا لاگیری مەردە
تەمەن بۆ فەقیر هەرئاخ و دەردە

ڕۆژگار ڕۆشن بۆ فەقیر لێڵە
بۆ بمرە و بژی دیوانە و وێڵە

چی چاوەڕێکەین لە چەرخی بەخیل
هیوات پێی نەبێ ئامان و دەخیل

کاتێ فەقیر مرد بیکەن بەشایی
مرد و سەت مەرگی هاتە کۆتایی

## خەفەت

ئەی خەم ئەگەر تۆ بت بوایە مایە
ئایە قەت بۆ من دەبووی بەسایە

ئەی خەم ئەگەر تۆ تاجی ژیان بای
دەبوو وەك ئێستا خاوەن کیان بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ شیرینی ژین بای
دەبوو هەر بۆ من وا دەست لەبین بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ ئاوی حەیات بای
دەبوو هەر بۆ من دەرد و ئافات بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ دەرگای شادی بای

دەبوو ڕوو لە من هەر بێ دادی بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ خۆشی فرۆش بای

دەهاتییە سینەم ئەگەر درۆش بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ پارە و سامان بای

دەبوو وەك ئێستا دەست بەدامان بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ دونیای ڕووناك بای

دەبوو لەگەڵ من تۆزقاڵێ چاك بای

## وەڵامی خەم

ڕێباز چەن سەیری چەنێ نەزانی

خەمانت نۆشی وەك ئاوی كانی

ئێستاش هەر تینوی بۆ خەمانی نۆ

ڕەبی من ڕۆبم بۆ بەد بەختی تۆ

گەرمن سایەبم چیم لە تۆ داوە

باهەر بسوتێی لەو بەر هەتاوە

ئەمن هەربەشی بەگزادە و خانم

بۆیە لەلای تۆم چوون بێمەكانم

تاجی ژیان بام پشتم لە تۆ بوو

خەڵاتی من بۆت ئازار و ڕۆبوو

خاكی سینەی تۆجێگای كی یانە

بە دەر لەو شوێنە كەنگێ ژیانە

شەكەری ژین بام بۆ تۆ تاڵەبووم

هەردەردەسەری و ناڵە ناڵە بووم

لێت دادەخرا دەرگای شادی من

هاوژینت خەم بوو لە پای دادی من

خۆشی فرۆشبام بە تۆم نەدەدا

ئەڵماس چۆن دەردری بە خەڵکی گەدا

خاوەن دراو بمان هاوشانی میر بووم

بەس ڕەنجەڕۆخۆم لای تۆ زوو پیر بووم

دونیای ڕووناك بام بۆتۆ تاریك بووم

روو لەقرتان بووم هێندی باریك بووم

گـلەی مـەکە ئـێشتـا مـن بـاشـم

ڕۆژی تـۆزقـاڵێ ڕۆحـت ئـەتـاشـم

## نەبەزین

لەو دەمەی هەورازم ڕێ یە

باران و کرێوە و شێ یە

لە سەر لووتکەی بێ هیوای

هاتم و ئومێدم پێ یە

لەودەمەی کە ژیان تاڵە

دەرونم پڕ ناڵە ناڵە

لە مابەینی هیوا و نوشست

ئومێدی سەرکەلم زاڵە

لەو دەمەی ئەستەمە ئەمەل

هیوا لێی کەوتووە چوارپەل

ئەمن گزنگی بەیانم

هەڵدێم و دەچمە سەرکەل

لەو دەمەی دەمی خەزانە

گەردوون خەریکی فەوتانە

خونچەیەکم دەپشکوم و

دروشمی سەرزارم مانە

لەودەمەی خەم هێرش دێنێ

قەڵای هیوا دەڕوخێنێ

ئومێدی من سەربازێکە

شەڕ دەکا خۆی ناچەمێنێ

لەودەمەی کە زار لاڵەبێ

ئاوی حەیاتیش تاڵە بێ

هەڵۆیەکی بەرزەم فڕم

هیواو ئومێدم باڵە بێ

## نۆکەری بێگانە

لە پێشوازی جەنابی میر بەڕیز وەستان بەماچ و موچ

بەلاف لێدان مەکەن باوەڕ کە هەر پوچ بون بەدایم پوچ

## بۆ خۆشەویست

وەرن شوێنی سەروەرکەوین ئەی ئەحبابانی مُحَمّد °

ئێمە گۆڕاین کوا وەك ئەوین ئەی ئەحبابانی مُحَمّد

دونیای شڕ و ئاخیری شەڕ خەجاڵەت و ماڵ وێران خۆین

شەرمە ئاوا شوێنی کەوین ئەی ئەحبابانی مُحَمّد

## سەربەرزی

چەن خۆشە بژی تۆیش وەك ئینسانێ

لێقەوماو نەبی بۆ پارووە نانێ

نەدەی لە دەرگای نا پیاوی نا مەرد

ژین نەگوزەرێنی بە ئازار و دەرد

بۆخۆت ئازادبی لەو چەنەی زەمەن

ئەو جاکە زۆر بێ یان کەم بێ تەمەن

بێمەنەت بژی بێ پرتە و بۆڵە

دونیا ناکێشی خۆتۆ بەو کۆڵە

بە نانی شێوێ بە سەرێکی بەرز

بۆهیچ نامەردی مل نەخەیتە ئەرز

ئەوجا مەلیکیش خۆزگەی بە تۆیە
تۆشادومان بی چش نانت جۆیە

خەیاڵ بڵاوبی ژینت بەزایە
بەهەشت لە دونیا نایەتە کایە

ئەوچەنەی تەمەن بۆخۆت ڕابوێرە
سەختی ڕۆژگاریش بە خوا بسپێرە

بەشی من و تۆ ئەمەیە کاکە
کەمێ خۆش بژین بۆ هەردوو چاکە

بەخۆزگە و بریا زیاد ناکا بۆمان
ئەمەیشمان ئەڕوا قوربەسەرخۆمان

## تەمەن

تەمەن ڕۆیشت بەناکامی نە خۆشی یەك نە شادییە
چ لەو بەختە سەر شێتەکەم هەر ئارەزووی بێدادییە

ڕەشەبا بوو گەڵای ویستی هەڵوەرانم دانە دانە
هەیکەلی بۆ بەجێ هێشتوم سەت شکور هێشتا هادییە

## هاوڕێکەم

ئەی خەفەت یاخوا بەخێربێی ئەی هاوەڵە کۆنەکەم
تازە هیچ ترست نەبێ حەیاتی بێ تۆ چۆنەکەم

هەر ئەتۆی هاوڕێ نەهات و ڕۆژگاری سەخت وناخۆش
حەیفە منیش بێ وەفابم خزمەت کاری تۆنەکەم

هەزار ئینسانی بێ وەفا قوربانی ساتێکت بێ
لەبۆ هیجری ناکاوی تۆ نابێ شین و ڕۆنەکەم

چەرخی فەلاك هاتوو ڕۆی هەزار نامەردی دەرخست
کەمن دۆستی وەك تۆم هەبێ جا شانازی بۆنەکەم

## خۆشەویستی

دەبا هەنسکە ساردە کان بە ڕۆژگار سەخت داخ کەین

دەبا فرمێسك و ژانەکان لە شادومانی دا زاخ کەین

دەبا هەوری  بێ هیوای ڕێژنەی ئومێد ببارێنێ

دەبا ڕووناکی سەر ئاسۆ هەوری مەینەت بتارێنێ

دەبا ڕێگای بەستەڵەکمان بەتین گەرمی بتاوێنین

دەبا لەگەڵ یەکتری بین تێر یەکتری بلاوێنین

دەبا چەپکە گوڵی تەمەن لەیەقەی شادومانی دەین

دەبا هاودەمی ئازیز بین بۆئەبەد شان لەشانی دەین

دەبا کاسەی مەینەتیمان داببارێ دانە دانە

دەبا کانگای دڵەکانمان بۆیەکتری ببنە لانە

دەبا لە باوەشی یەکتر بەرگەی سەختای ژین بگرین

ژیان خۆش جا ئەگەر بژین یا هەردوو بەیەکۆ بمرین

## ئیسانین

برا ئینسانین بە ئینسان ناکەین

لە ئینسان بوونمان وەرن حاشاکەین

ئێمە کەهاو خوی ئاژەڵی کێوین

حەقمان جەنگەڵە چی بکەین بێخێوین

برا کوا ڕەوشت برا کوا شەرم

برا کوا وشەی ناسك ونەرم

برا کوا گوفتی شیرین وبەتام

ئێمە هەر ئازاین خوێ بکەینە زام

برا کوا دەستی هاوکاری و هیمەت

کێ بۆ جنسی خۆی دادەنێ قیمەت

کوانێ ئەو دەستەی لای بێدەستان بێ

بۆپیاوی کەوتوو مایەی هەستان بێ

برا کوا هەست و ویژدانی ئێمە

ئەوین هەڵگرین بۆڕۆژی خێمە

## شەو

شەوە و بەقەت تاریکی شەو دڵم تەنگە و پەرێشانم

شکەتم ماندووم هیلاکم هەڵناگیرێ قورسە گیانم

ڕۆحی پڕدەرد و ناسۆرم ئاوازی بێکەسی ئەچڕێ

عەزیزەکەم تۆی لێنەمای هەتا شان بدەی لە شانم

ئەم هەموو داخ و پەژارە گەلێ زۆرە بۆسینەی من

لەم دەریایە بێکەشتیم و لەغەرق بوون و خنکانم

من سەربازێکی بێچەك و لەشکری دووژمنیش هەزار

نەوەك تیغی هەزاران تیغ چەقین لە سەر و دامانم

ئەشهەدوو لەعەزەل فامیم کە هاتمە دونیا گریام

لەغەیری هەناسە سواری چ بوو سەرووەت و سامانم

شاکیرە شەوگاری پڕخەم بێدەنگی بێدەنگی باشە

دەریای مەینەت بشڵەقینی خەو دەتۆرێ لە چاوانم

## مردن

وادەی ئەجەل هاکا گەیشت مردنی بەسامی هێنا

پۆشاکی ڕەونەقی برد و دوو مەتر لە خامی هێنا

ئەی ڕەفیقان بۆ گۆڕی تار شەوقێ چرایە پێویستە

ماڵ وێران بێ بەوێنەی من ئەو کەسەی ناکامی هێنا

کاروان چی یەك یەك تێپەڕین هاکا گەیشت بەمن وتۆیش

خۆ بپێچە سەفەر سەختە پیر و نەونەمامی هێنا

## ساڵی تازە

هاوڕێ کوا بەینی ئەم ساڵ و ئەوساڵ

هەرچی دەگۆڕێ هەر تاڵە و هەر تاڵ

هەرچەندی بڕوا و چەندی بێتەوە

هەر یەك شتێکە بۆ پیاوی بێ باڵ

## ژانە سەر

سەرم ژانەکا ئازاری گیانە

هەناوم قۆری و سەریشم بانە

کولا بێ خاوەن بوو بە ژەهری مار

چاك ئاگری دا تاڵاوی ڕۆژگار

ئەمەندەی ناڵان لە سەر ئاگردان

گەرموو بوو کولا هەڵچو هاتە بان

ڕەشی قەتران و تاڵ و توورت بوو

کڕیاری نەبوو عومری کورت بوو

لەسەرخاك و خۆڵ ڕۆ کرایە خوار

دونیای پڕ مەینەت پێی نەدا بوار

گلەی مەکەن لەتاڵی چایی

بۆچی تاڵە بێ هەر لە خۆڕایی

هەرگیز ئینسانێ تاڵ نابێ لەخۆ

ئەگەر هۆشیاربی هیچ ناپرسی بۆ

## ڕێبواری تۆم

پیرم و بە پیری تۆوە ئــەوا هاتم ئەی چـــاوەکەم

هەرچیم هەیە فیدای تۆبێ سەر و ماڵم تا ناوەکەم

ڕێبواری ڕێگای عیشقی تۆم ماندوم شەکەتم هیلاکم

خەریك هەڵبەز و دابەزم هـــەربەماسی بێ ئاوەکەم

## شەوگار

شەوگار بۆمنی نامواد شەماڵە بۆ ئاگردانێ

هەڵدەقرچێ دەرونی من دەسوتێ وەکو بوریانێ

جـۆشـی دەدا سـەمـاوەری پـڕ لـە تـاڵ و تـفتی ژیـان

هەوری سینەم لەنگەر دەگری و هەڵ دەڕێژێ لە بـارانێ

عەجایـب لەدەشـتی ڕوخـسار نـەبـووە بە وێرانە و ماوە

هەموو شەوێ لافاو دەیباو لێی هەڵ دەکا چ تۆفانێ

## هۆنراوەیەک بۆ پێشەوا

. پێشەوا گیان تـاقـانەبووی

دەرمانی ئەم زامانە بووی

میللەت دۆست و خۆنەویست بووی

ڕووناکی ئەم چاوانە بووی

لە ناو ئەم گەلە بێکەسا

خەڵاتی ئەو ئاسمانە بووی

خۆزگە ئەمڕۆ ئەتۆش دەمای

ئاخۆ تۆ لە کامەنە بووی

وەك جاران گەل پەروەر ئەبووی

یان خەریکی سامانە بووی

ئەمن دڵنیام تۆ دەناسم

باوەشی بێدارانە بووی

تۆمەزنی نەدەگۆڕای

پێشەواکەی جارانە بووی

## کوردم

کوردم هەژارم بەختم سیایە

خۆشی زەمانە لە ژینم جیایە

کوردم ڕەنگ زەردی دەستی ئەمیرم

ئەمە چەن قەرنە کۆت و زنجیرم

کوردم بەش مەینەت بێ ماڵ و حاڵم

دووژمنم زۆرە و خۆم تەنیا باڵم

کوردم بێگانەم لە زێدی باوام
لە عەزەڵ چۆن بووم ئێستایش هەر ئاوام

کوردم بێ چەنسم بەختی من ڕەشە
هەر دەر بەدەری و ناسۆریم بەشە

کوردم سەردارم خاکی ئەفرۆشێ
ڕۆحی میللەتێ دادەکرۆشێ

کوردم ناوچاوم سیازدەی تەواوە
بە دەزوی مەینەت بەرگم دوراوە

کوردم خاکەکەم ئاڵتوون و زیوە
هێشتا سواڵەکەم هیچم نەدیوە

کوردم زیندوو کوژ عاشقی مردووم
دۆستی ئەو کەسەم خاکەکەی بردوم

کوردم ئارەزووم ڕەخس و سەمایە
چش با نۆکەربم هەتا هەتایە

کوردم زۆربڵێ کردارم کەمە
بۆیە تەمەنم پڕ دەرد و خەمە

کوردم خۆش باوەڕ لێم خوڕە وەك مێ
سەر نا لەقێنم جوان ئەی گرم ڕێ

## ئازادی

ئازادی هیوای گەلانی جیهان
بەبێ بوونی تۆ چی هەیە ئینسان

ئازادی هیوای گەلی چەوساوە
بەبێ بوونی تۆ ژیان چی ناوە

ئازادی خونجەی نە پشکوتی ون
ئازادی بەرگی جەستەی ڕووتی من

ئازادی تیکەی دەمی برسی من

بۆ تۆیە هەموو لەرز و ترسی من

ئازادی ڕوگەی دڵەی پڕتاسەم

کەی بێ دابکەی پڕ بکەی کاسەم

ئازادی ڕاخەر جێگای خەوی من

ئازادی ڕۆحی جەستەی کەوی من

ئازادی کیژی ڕوو گەشی جوان

چی دەبێ جارێ بۆم بێیتە ژوان

ئیتر نە ناڵم بەتاسەی تۆ وە

ژین بە ڕێنەکەم بەشین و ڕۆوە

لە شەقەی باڵدەین بۆ لوتکەی ئەمەل

دەست لەمل یەك بین تا وادەی ئەجەل

ویردی سەر زارمان با ئازادی بێ

ئیتر نەجاتمان لە بێدادی بێ

بە سینگی خۆمۆ ئەتۆ تون دەکەم

شاخی مەینەتی سەر و بن دەکەم

ئەمن تۆم هەبێ ئیتر کافی یە

چی دیکەم بوێ بێ ئینصافی یە

## من و بەناو شێتێك

ئەی برای ڕەنگ زەرد وەك من شێت مەشهوور

لە ڕەحمی زەمین کەوتین دورا و دوور

بۆ وات بەسەر هات لە چەرخی گەردوون

بۆ وا کەوتووی زەلیل و زەبوون

تۆکەی شایەنی بەرد و جنێ وی

خۆ هەر هیچ نەبێ تۆیش مرۆڤ نێوی

با هەر برسی بم  بێلانە و جێ بم

شێت و دێوانەی شار و لادێ بم

بۆ هەڵە لەرزی بێ نوێن و نانی

باشە کوا ویژدان خۆتۆیش ئینسانی

ئەمن چ هیوام هەبێ بە ئێوە

حەیفە مرۆڤن مرۆڤتان نێوە

## وەڵامی هاودەردەکەم

خەم بۆ من مەخۆ زوو خەمی خۆت بێ

خەمی دەرونی پڕ داخ و سۆت بێ

بۆ شەق هەڵ ئەدەن لە منی کڵۆڵ

لە منی دێوانەی کەژ و چیا و چۆڵ

ژینی من ڕۆی بە دەرد و ئازار

تۆ لە خەم دووربی کاکی خوێندەوار

ئەکەونە شوێنم بە شێتە شێتە

تۆ بۆ خۆت شێت نی ئەی لەگەڵ کێتە

نەك جارێ سەت جار تۆ بەو حاشابێ

هەتاکو ڕۆحم لە نێو لاشا بێ

فەلەك بە کزی هێنامتە کایە

هەر گلەی بێ هەتا هەتایە

وەك ئێوە ئاژیم وێنای ئاژەڵ بم

قەینا با گول و پیس و پاتەڵ بم

## بۆ خۆشەویست

یا موحەمەد( ص ع )بینای چاو ئەی سەرداری مورسەلین
ئەی شافیعی ڕۆژی مەحشەر ڕەحمەتەن لیلعالەمین

ڕۆژی جەزا هەر کەس بۆ خۆی بەلام ئەتۆی بە قوربان
خەم خۆری دوای ئومەتێکی لە ئاخیر تا ئەوەلین

## ئەی دڵ

ئەی دڵەی بێ عارکوانێ سوکنایی
لە دونیای تاریك هەیە ڕۆشنایی

ئەی دڵەی خۆش بین پڕ ئاهو بریا
بێ هیوا نەبووی لە وەی پێت کریا

ئەی دڵەی بێناز جارێ لە جاران
شادومانیت دی وەك باقی یاران

ئەی دڵەی ناسك پڕ لە داخ و ڕۆ
غەیری مەینەتی هیچم دا بەتۆ

ئەی دڵەی شەیدای جارێ پێکەنین
خەم بەچی حەقێ پێی گرتووی بین

ئەی دڵ تۆگەنجی جارێ پیر مەبە
لەگەڵ مەینەتی گۆشەگیر مەبە

ئەی دڵ چی بکەم لە چەرخی زەمەن
شادیت نەبینی جارێ لەتەمەن

دەبێ هەڵبکەین جاچی یە چارمان
هەردووك شان بدەین لەکۆڵ و بارمان

## ئازیز

ئازیز نیوەی من بۆ ون بوی نەمای
شادی بەبێ من، هەیە بە تەمای

لای من بەبێ تۆ دونیا وێرانە
گەر من بمردبام تۆ زیندو دەمای

## ئەجەل

هەر کەسێ فکری ئەجەل کا ڕوو قایم نابێ ئەمەندە
نەفس فامی چ کارەیە موتەوازع بێ پەسەندە

ئەسەف لاف و گەزافی زۆر لە بیری کردین ئێمە چین
کە تۆ نۆشیت تاڵی ژیان تێدەگەی ژەهرەیا قەندە

بێ حورمەتی جەرخی زەمان پێکەنینی بە ڕووی زۆرا
ئەم ڕۆژگارەی هێنا کایە زانا بە نۆکەری گەندە

ئەگەر من هیچێ نەزانم ئەوە فێربووم هەتا ئەمرم
ئینسانی هۆشیار و زانا قەت نابێ بە کویلە و بەندە

دەبا بڵێن بیلێنەوە ئێمە سەرمان نەوی ناکەین
سەری نەوی و تیکەی چەور کەی کاری ئینسانی ڕەندە

ئەی ڕەفیقان چەندە خۆشە بە سەر بەرزی ژین و مردن
شکۆی ئینسان کالانی یە هەتا بڵێی نرخی چەندە

## خۆشەویستی

دەبا تۆوی خۆشەویستی بنێژین لە کیلگەی ژینا
هەتاکەی دەس لەملان بین لەگەڵ ڕق و بوغز و قینا

خۆشەویستی وەك هەناسە بۆ ئەم ژینە پێویستی یە
بێ خۆشەویستی چۆن بڕۆین بەناو دونیای پڕ لە مینا

هاو دەرود و هاو خەمێ نەبێ بۆ ئینسانی دەرون شەقار
چۆن ئەم ژینە بەرێ دەکرێ بە هەنگا وای لەکەمینا

هەر کەس کەسێکی خۆش بوێ دڵی نایە ئازاریدا
هەر بەبۆنەی ئەوە خۆشە چی خۆشی وا لە زەمینا

من دەزانم گەلێ کەمن ئەهلی دڵ و خاوەن وەفا
چ لەم دڵە زۆردارەکەم چۆن جڵەوی بووە ستێنم

ئەی دڵە هیچ حاڵی مەبە خۆش بەحاڵی ناحاڵیان
منیش هەر بەبێ ئاگای ئەزانم سەر ئەلەقێنم

## شەرت

شەرتە وەك بوول بولی شەیدا هەر بەیادی تۆ بخوێنم
لە خەیاڵ و بیرم نەچی چەندی بژیم و بمێنم

شەرتە ئاهو فریادی من بێت و بچێ هەتا مردن
فەرهادێکی سەدەی نوێ بم کێوی مەینەت بڕوخێنم

شەرتە هێلانەی دڵی خۆم لە غەیری تۆ وێرانەکەم
لە پاشی تۆ ڕازی دڵم لای هیچ کەسێ نە درکێنم

ئەی نیگارا با بمێنێ بەڵێنی ئەوین داری من
کە مۆر کرا بەهەناسە و ناڵین و جەرگی پڕ خوێنم

## گێڕاو

دەستە دەستە تاقمی خەم ڕادەخرێن لەبەر پێما
ئاوازی خەم و تەنیای دەچرپێنن بەبن گوێما

من کۆترێکی لانەواز باڵشکاوی بێنشتیمان
هەر کەس بەشی خۆی خۆشی برد خەمە وا بۆمن بەجێما

داخ لەدڵەی ئەو تەمەنەم هەناسەی شادیم نەکێشا
ڕۆژگار بوو بە شاخی ئەستەم هات و وەستا لەسەر ڕێما

ڕەفیق وەرە پێت پیشاندەم دەفتەری پڕیادگاری من
ئازار و مەینەت دەبینی لەناخی دڵی توێ تویما

خۆشەویستی و خۆنەویستی منی بەم ڕۆژگارە گەیاند
بێــویژدانــە گــڕی داوم تـــازە ئــەڕوانــی بــەکوێما

بەڵێ وایە چارەنووسی هەرکەسێ بەم چەشنە بژی
ئەم ڕاستی یە ڕوون دەبینی لەهۆنراوەی کۆن ونوێما

## دەردی دوو ژنــە

بـرایـی دووژنــە حـاڵت وێرانـە
مـاڵ لـە بەرچـاوت ئەڵێی زیـنـدانـە

گەر لۆمەت نەکەن خەڵکانی عەوام
سەرت هەڵ دەگری بۆ ئێران و شام

بـەس بـێ فادەیە دەردی بێ دەوات
مەگەر گـیان کێشی ببـێتـە نەوات

چاڵێکت هەڵ کەند بۆ عمری جوانت
دوو قـەسـابـیـشت بـەردایە گـیـانـت

بـەرێدا دەڕۆیی بێهۆش و بێ گیان
پـارویی دەمیشت لـێبووە بـە ژان

بـاشـە پێم بڵێ چیت دابـوو لـەمە
ژنێ بـاشـت بـوو پـێت وابوو کـەمە

هـیـچـێ نـــاوتـرێ کـارتــرازاوە
ژیـنـت بــەرێکە بــە واوەیــلاوە

## وەڵامێك بۆ من

بـرایـی شـاعـیرم گوێم بۆ ڕادێرە
خـەڵکی دەیـان ووت پـڕاوپڕ خێرە

منی نەزانیش عەودالی خـێربووم
خاوەن سامان بووم بە وێنەی شێربووم

ئـێستاوەك ڕێویی گەڕبووم لە کونا
کـڕیاریی مـەرگـم لـە داخی ژنـا

ڕۆژ و شـەوگـارم دابـەشـکـراوە
پـەتی سێدارەم بـۆهـەڵ خراوە

بـەتەمەن گەنجم ڕەنگم سەت ساڵە
دەڵێن حاڵداری ئاگایی لەحاڵە

## دیسان من

بـرایی دووژنـە دەرون پـڕ لـە دەرد
حەقتە هەڵ کێشی لە هەناسەی سەرد

خێر دوو ژنـە فـێری درۆ بـووی
لەبین هەردووکیان ڕوخای نوغرۆبووی

لـەمـاساوکـردن خـاوەن شـەهـادەیی
زۆرت خـوێندووە یـەکەم بەرنادەیی

دەردی دووژنـە وا دایـڕزانـی
لـەژیانـی خـۆت زۆر پـەشیـمانی

گـێڕەکەت بۆشەو سووکانت لارە
دەبـێ ڕایی کـێشی چارت ناچارە

سـامت نـەماوە ڕێوی تەواوی
حەبلـی سەیارەی کوت وبچڕاوی

لەماڵ دەرناچی بێ مۆڵەت شەوێ
ئەم لاولانی یە گەر کۆست کەوێ

عەسەبییەکەی زووت هەڵ کەنرا لەبن
دەبێ هەڵ لەرزی تێر لە ترسی ژن

نقـەت لێنـایـە نـوزەت بـڕاوە
سـووچی پلاکت هەرزوو کوژیـاوە

زۆربـەی دووژنـە حـاڵی ئاوایـە
ئـاواتی مـەرگە بەس حـەیف نایە

هەیشە هەر دەڵێ خۆشە ژیانم
دەرونم شادە و بێ دەردی گیانم

کەچاو دەخشێنم بەناو ژیانیا
هەر ئاخ و دەردە هاڵەناو گیانیا

من بەیانم کرد دەردی دووژنە
کێ دەردە داربێ هاوفکری منە

## ڕاستی کوانێ

ڕاستی کوانێ
لە مێژەوە ئەو هەر ونە

خۆری وڵات دا پۆشرا
بەم پەڵە هەورە چڵکنە

ئەمە چی نیشتیمانێکە
بەسەر هاتێکی سامناکە

گۆڕستانی خەون و خولیای
هەرچی بوونەوەری پاکە

چیمان نێژا بە خوێنی گەش
چەندین خۆزگە و بریاو هیوا

ئەوەی شین بوو لەبەختی مە
خوێن خورێکی دۆ نەدیوە

ئەو پرسیارەی کەلێی ناگەم
سەختە وەڵامەکەی سەختە

ئەمە بەری ڕەنجی منە
یان ئەویش ناو چاو بەختە

## کارەسات

ڕەفیق وەرە تەماشاکە دەفتەری ژینی هەژارێ
هەوری مەینەتی دەبینی لە هەر بنمیچ و دیوارێ

هەر ئینسانێ دێتەکایە بەدەم شین و گریانەوە

ڕۆژگار هەندێ ژێر دەکاتۆ هەندێ پێی نادا بوارێ

هەل هەلەی شادی دەکێشن ڕوو بەخەندە چاوڕێن

هەزار ناز و نیعمەتی زۆر پێی دەگەن کە دێتە خوارێ

دایەی برسی بە نیوە هێز لە ژوورێکی سارد و سڕدا

منداڵێکی هێنا کایە ،لەبۆ مینەتی ڕۆژگارێ

هەناسەی ساردی زۆر کێشا بۆ خوانێ خۆش بۆجلکێ جوان

دەسەڵاتی باوان چی یە کەنەیان بێ ئیختیدارێ

بەسەد دەردە سەری ژیان پێگەی بوو بە نەمامێ

ڕەشەبای تونی زەمانە هەمدیسان بوو بە ئازارێ

نە ژیا وەک باقی یاران نەگەیشت بە شادومانی

لە کاروانی درێژی خەم ئەمیش هات بوو بە ڕێبوارێ

## پەرتووک

پەرتووک بەرز بە سەد هێندەی کە هەی

هەر لەسایەی تۆ گەل دەکا ئۆ خەی

میللەتانی تر لە سایەی تۆ دا

چەقیبوون دەرچوون لە شین و ڕۆدا

بوون بە ئەستێرەی علیم و زەوق و فەن

لە سایەی تۆ وە بوون بە وەی کە هەن

ئێمەیش موحتاجین بە لووتفی ئێوە

ئەو شاخە ببڕین ئەستەمی نێوە

بە ئاوات بگەین وەک باقی گەلان

خۆری بەختی مەش دەرچێ لە کەلان

لەشەڕ و کوشتن چیمان کەوتە دەس
پەرتووك تۆ وەرە ببە فریاد ڕەس

ببە کەشتی نوح لە دەریای ژیان
بۆ قەومی کوردی بێکەس و کییان

ئێمەش هەڵژنیین بەرز بینەوە
هەتاکەی هەروا دەست بەبینەوە

شەرتە خوا کردی گەشتینە مەنزڵ
خۆزگە و موردای بۆ کردین حاسڵ

لەهەر بنمیچ و کوچ و دیواری
پەیکەری تۆ بێ لە هەموو شاری

هەر کەس بەلاتا سەفەرکا و بڕوا
سەری نەوی کا بە هەموو بڕوا

لەبیرت نەکەین تا ڕۆژی مەحشەر
گەر ئەم کارەمان بۆبکەی مەیسەر

## ئاوات

تۆ بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کۆشکی ئومێد میوان بین
یا دەبێ تەمەنێکی نوح هەڵ توتێین و چاوەڕوان بین

## عیشق

مەی شێوێنە ڕۆژگاری من وەك زوڵفی شێواوتە
دەست بەدامان موخلیسی تۆم ڕوحم لە پێناوتە

کە ڕەنگی زەردم دەبینی دەسا لوتفو وەفایەك
پارەی کردم تیغی عیشوەت هێشتا دەڵێی ماوتە

بە چاوانت کەم بڕوانا هەناسەت لێبڕیوم
عەجیب و سەیرە نازانم چۆن ئاوا پێکاوتە

خاك بەسەرخۆم گڕی عیشقت دەبینی سوتـانمی
دەربـازم نـابێ لەو ئەبرۆی وەکو تیغ کێشاوتە

دڵداری جوانە عەزیزم بێوەفای یـانی چی
ئەی نیگارا بێ مروەتی لە نێو تیلەی چاوتە

دەسا وەرە بـاقی تەمەن بانەچێ وەك ئەوەی چوو
شەرتە نـازت بکێشم هێند ئەو خەمەی کێشاوتە

## خاکی وەتەن

خاکی وەتەن هەتـاکو کەی شیوەن و نـاڵە و گرین
هەر ڕۆژ لەبەر کارە ساتێ سەری خۆ لە قوڕگرین

بست بە بستی خاکی وەتەن تەماشاکەی عەزیزم
شوێنی دەرزی یەك نـابینی کە نەیبێ زام و برین

هەر دەبێ خۆری ئـازادی هەڵ بێ لە خـاکی وڵات
وەرن ئـاڵای ستەم و زۆر لـە نیشتـیمـان داگـریـن

بەرە و ئـامانج و هیوایە سەربەخۆی نیشتیمان
دەستە جەمعی دەگوزەرێنین ڕۆژگاری تـاڵ و شرین

ئەو ڕۆژەی وڵات ئـازاد بوو وەکو تەیرێکی ئەسیر
بەرە و لوتکەی ئـازادین ژین هەڵفڕین و بـاڵ گرین

ڕێبازە هـەر بـەخـەیـاڵی ئەو ڕۆژگـارەیە مـاوە
دەبێ هەوڵ و خـاباتی بێ تـا هەناسەی ئـاخرین

## مێسی

ئەی شـازادەکەی تۆپی پێ
کە مێژوو لە سەر تۆ دەدوێ

لاڵە زووبـانی گۆ نـاکا
داستـان و مێژووی سەروەریت

سیحر و جـاد و بیرەوەریت
دەبێ بە ئەفسانەی مێژوو

شایەتی مەزنیت دەدەن

ئەوانەی ئێستا هی پێ شوو

## خەیاڵی خاو

دوێشەو بەدەم خەیاڵەوە

لە کانگای ژینی تاڵەوە

هەر کە خەوتم چوومە گوڵزار

شاکاری دەستی کردگار

ئەوەی لەنێو خەیاڵم بوو

سەبووری ژینی تاڵم بوو

ئاوی فێنکی سینەم بوو

خۆزگە و بریای ئەم ژینەم بوو

لەوێ بینم بەچاوی سەر

ئاوات و خۆزگەی ژینی من

هێندەم زانی پەری خەیاڵ

شۆخێکی گەنجی چاردە ساڵ

وردە وردە کەمەن کێش بوو

تیشکی هەتاوی لە پێش بوو

قەشەنگ و جوان و خوێن شیرین

هەر ئەو بوو مەڵهەمی برین

لەسەر خۆ هاتە لامەوە

زەوقی ون بووی پێدامەوە

هات و چرپاندی بە گوێما

تەلیسمێکی ئالان پێما

نەهۆشم ما نە ئەندێشە

نە ئەوەی ئازار و ئێشە

لە ژێر ڕووناکی ڕووخساری
بە زووبانی شەکر باری
بۆ نابی بە هاودەمی من
هەتاکو کەم بێ خەمی من

فەرمووی گیانە چلۆن هاتی
بۆ ڕەنگ زەرد و کز و ماتی
کەڕازیبوو سەری لەقان
دەرونمی ڕاچەڵەکان

ئەوەی دیارە لەڕەنگدا
لەشێوەی شەوە زەنگدا
خۆشە گەر بەخەیاڵیش بێ
شیرین دوای چەندی تاڵیش بێ

ئەم بینیوە لە ژینم دا
ئازارێکە لە بینمدا
هێندەم زانی لە دوورەوە
لە دۆڵێکی بێ نورەوە

وتم ئەی شۆخی دیدە مەس
ئازار و مەینەتیم هێند هەس
چوار جەلادی ڕەشی دێزە
چی ناشرینی و جێی قێزە

باس ناکرێ لەسەرپێ یە
دوور و درێژوو بێ جێ یە
کێشرابوو بە ڕوویانا
بە ڕێگەی هات و چوویانا

توند قیژاندی بەسەر منا
ئەو پیسەی دێزی چڵکنە

تۆچیت وچ کارەی لێرە
کوانێ پێناسەکەت بێرە

دامە دەستی پێیدا ڕوانی
تەواو سەیری کرد بەجوانی

وتی چەن عەجیب و سەیرە
چۆنە کورد هاتۆتە ئێرە

خێرا هەر چوار پەلی تون کەن
پشتیش بە شەقێ کون کەن

چەن چاو قایم وبێ گوێ یە
لەبەهەشتی خەیاڵدایە
کەچی هەویەی کوردی پێ یە

## سنتوورژەن

ڕەفیق بیژەنە ئاوازێ تازە
سوکنای بدا بەم دڵە بێ نازە

ڕەفیق بی ژەنە ئاوازێکی نوێ
لە دڵی گەش کەس بۆ خۆی بگرێ جێ

خورپە خورپی دڵ دا بنێ وەك تۆن
ئەبەد ئەمێنێ هەر گیز نابێ کۆن

عاشقێ شەیدا بە دڵی گەرم
بیخوێنێ نەی بێ هیچ ترس و شەرم

ئازیز بەسێتی دووری تۆ
دەك ماڵ وێران خۆم دیسانۆ لە نۆ

ئازیز غەریبی شاری دڵی تۆم
سوکنایم نایە بۆ هەرکوێ ئەڕۆم

نێوانی کردین ڕۆژگاری غەدار
تاکەی بناڵێن بە خەم و ئازار

یان شاد بینەوە یا پێ کۆ بمرین
هەتاکەی بەرگەی ئەم زووڵمە بگرین

## ڕۆژگار

دەوری ڕۆژگار وا گۆڕاوە ئینسانی وەك بەردی دەوێ
ڕۆژی بەد کار وبەد خووە پیاوی دانا هەردی دەوێ

هەرچیت هەیە بیفرۆشە لە پێ ناوی تیکەی چەور
ڕاستگۆی و حەق بێژی ئەمڕۆ قوزەڵقورد و دەردی دەوێ

ڕەشەی بای ئارەزوو بردی چی ڕێبواری ڕێگەی حەق بوو
تێکۆشان دژی زۆر داری مرۆڤ گەلی مەردی دەوێ

بۆ ئەوەی ئایندەی ئێمە ڕەش نەبێ وەکو ڕابردوو
ئەی لاوی کورد مەودای عومرت کێڵانێك و وەردی دەوێ

لەچاوەڕێی ڕەحمی خودا دەستە و ئەژنۆ دابنیشین
هەرچی ئاواتێ هەمانە چاڵێکی ژێر ئەردی دەوێ

بۆ ئایندەیەکی گەش وئاسۆیەکی ڕوونی ژیان
بەرخودانی ئێمەی گەنج و هۆشیار بوونی فەردی دەوێ

## ڕووح

من دەزانم لە هەر کوێ بی
شار نشین بی یان لەدێ بی
دڵم پەیوەستە بە تۆوە
ئەبێ تۆ دڵ بەستی کێ بی

هێزی ئەژنۆم چوو نەما تینی چاو
تاسەی دووری تۆم کەوتۆتە هەناو
پیری ئاخر شەڕ دەبا هەر من بم
تازە دڵ خۆشم بە خەیاڵی خاو

چما عومری من چەندی حیساوە
چەنی مەینەت و دەرد و زوخاوە
ئەوەی ئەمێنێ بۆ کەیف و خۆشی
خەندەیە تۆیە بەدەم نیگاوە

عیشقی دڵی من لەعالم جیایە
شەهوەت پەرست نیم هەتا هەتایە
ئەو گرەی ناخم کەتۆ ئەی بینی
زەردە خەنەیەك هێنایە کایە

بۆیە ئەوینم لا بەرز و جوانە
چونکە هەوێنی ژینی ئینسانە
گەر دەری بێنی ئەوین لەم ژینە
ئەوەی دەمێنێ هەر دەرد وژانە

## ماندووم

ماندووم هیلاکم بۆم ڕاخە گۆڕێ
ئەمیش هەر گۆڕە خۆچی ئەگۆڕێ

ئاشی زەمانە ئەوەندەی گێڕام
بۆ نانێ نابم هێشتا هەر بێڕام

ڕەفیق ئەشەدو بێ تەرەف گیری
گەنجی ئاوا بێ قوڕ بەسەر پیری

ڕەفیق ئەی باشە تەمەن چەنێکە
ڕۆژ بەڕێکردن کوا چی فەنێکە

کە تۆ نەزانی ژینت بۆچی یە
لەم ژینە زیادی حەقت کەنێکە

ڕەفیق تۆ بیلێ ژین چی مانایە
بۆ خواردن و خەو هاتینە کایە

چما فەرقی مەو ئاژەڵێ چی یە
ئێمە چە پەڵ و ئەو بێ خەتایە

ڕەفیق من تۆڕەم هیچ نەبێ سوودم
مانایە نەدا بوون و و جوودم

لە سایەی منا کەس نەڵێ ئۆخەی
ئەوکات بێ مایە و ماڵی فەرودم

ڕەفیق ئەزانم تۆیش وەك من پەستی
ئازای ئەنامت ڕەشماری گەستی

پێم نالێی ئاخر هەتاکو کەنگێ
بەخوێن ئاو بدەین داری سەربەستی

ڕەفیق من ئەمرم خەفەت ئەم کوژێ
ئینسانی نەگ بەت باشە کەم بژێ

ڕەفیق درۆت کرد بە دروشمی پوچ
وێنەی دونیات کرد بۆ بە لنگەوقوچ

ڕەفیق تۆ وتت دونیا جوانی یە
سەرچاوەی ژیان کامەرانی یە

تابلۆی گوفتی تۆ هەمووی جوانی بوو
هەر گۆڤەندێکی پڕ گۆرانی بوو

پایز و بەهار هەمووی خۆشی بوو
هەر کەسە و دۆستی لەنێو کۆشی بوو

ئەو میوزیکانەی کە دەنگی دڵ بوو
ئاوێزان بوونی بوولبوول و گوڵ بوو

تۆکەی تفت کرد لە ئاوی حەیات
لە ژینی زۆری پڕ دەرد و نەهات

## ڕەفیق

ڕەفیق ئەزانی بۆمن ڕەش بینم
مەینەت ئەی کێشێ ستونی ژینم

دیمەنی دونیا هەر نەهاتی بوو
بۆ میللەتی مە خۆشی قاتی بوو

ڕەفیق لەم خاکە گەر کەڕ و کوێربی
نیعمەتی خوایە شوکر بژێربی

نرکەی مەزڵومێ نابیسی بە گوێ
لەبن بڕان بن دەستێ دەستی هێمەتێ

زریکەی دایکێ کوڕی کوژراوە
ناڵەی منداڵێ بێ ناو ئاوە

ڕەفیق فرمێسکی بێ دەسەلاتی
ئیسپاتی بکا لەجەری ولاتی

ئەوە چ ژین وعومر و وەختێکە
ئەوە تەمەنی چ بەد بەختێکە

## هەر بخەون

هەر بخەون لە خەودابن
لە دونیایەکی تاریکی
دوا کەوتوی بێ برەودابن

هەر بخەون وەکو خەوتوون
سەرخۆش ومەست و بێ هۆشن
چما بەرنەفخی سوور کەوتوون

هەر بخەون وبێ خەم بن
خەو بەسەر بەستی ببینن
دەبا هەر دیلی ستەم بن

هەر بخەون و هەڵمەستن
تە پاوتل بکەن لەوجێدا
وەکو کەسی ماران گەستن

هەر بخەون و خەو خۆشبن

لەدونیای ڕووناکی ئەمڕۆ

ئێوە لە تاریکی گۆش بن

هەر بخەون ڕۆشن بیران

لە ئاخوڕی باش گیراون

کەوتوون چەشنی ئەسیران

هەر بخەون دەلای لایە

ئەو لانکەی ڕای دەژەنن

دیلی یەکی بێ کۆتایە

## فرمێسك

لە دیدەی من بابباری

فرمێسکێکی سوێری بێ ناز

لە هەورێکی پڕ مەینەتی و

ئاسمانێکی پڕ لە ڕاز

لەدیدەی من بابباری

نەك فرمێسکێ سەدان دانە

لافاوی مەینەت هەڵسێنێ

بۆم سەرداره زۆر دارانە

لە دیدەی من بابباری

فرمێسکێکی بێ خێری سوور

بۆ ئەوخاکەی چوارلەت کراو

خرایە نێوانی سنوور

لەدیدەی من بابباری

فرمێسکێ بۆ بێ کەسی خۆم

گەلێ دژوارە ئەڕێ یە

هەر بەتاقی تەنێ بڕۆم

لەدیدەی من بابباری

فرمسکێکی لە نەفرەت پڕ

لە کۆشکی زۆرداری ئەمڕۆ

سەرا پا تێی بەربدا گڕ

لەدیدەی من بابباری

فرمێسکی بۆ بەنی ئادەم

کەرامەتی ئینسانی خۆم

بەقەسری فیرعەون نادەم

لەدیدەی من بابباری

فرمێسکێکی پڕ لە ئەوین

بۆ ئەوکەسەی ساتێ هات و

زەمانێکە بۆی بێ خەوین

## بۆ منداڵێکی سەر ترافیک

کاکی شۆفێر پەلەمەکە

ئا ئەم کلێنسە بکڕە

وەکو ئەرکێ ئینسانی خۆت

ڕووی ڕەشی ژیانێ بسڕە

ئەو ڕووەی شەوی تاریکی

ئاسمانی ژینی مەیە

بە ناو چاویدا سەرپا

تانە و تەشەر و لەکەیە

کاکی شۆفێر پەلەمەکە و

تێر بڕوانە لەم تابلۆیە

بە چاوی سووک بەڕوانە ژین

دەینی منی لە ئەستۆیە

کاکی شۆفێر دەستی تەزیو

هەناسەی ساردی پڕ لە خەم

دە پارێمۆ لێمی بکڕی

تەماشام مەکە وەکو کەم

منیش وەکو هەرمنداڵێ

حەزم لەسەمەری ژین بوو

چ بڵێم بەڕۆژگاری زۆردار

لە بەرچی لەمن بە قین بوو

دەبێ ئارەزووی منداڵی

لەگۆڕی ژیاندا ون کەم

نەوەک تفێ هەزاران تف

لەڕۆژگار و ژین و بوون کەم

کاکی شۆفێر پە لەمەکە

ئەم بنێشتەی من شیرینە

بیخە دەمێ ئەو رۆژگارەی

لە ئێمە مانان بە قینە

کاکی شۆفێر تاڵی زەمەن

بەم بنێشتە ئەشێ لاچێ

تەمەنی پڕ دەردە سەری

بەم شێوەیە بەسەرناچێ

سەردەمێکە ئاسۆی هیوا هەوری مەینەت دای پۆشیوە

دێوەزمەی تاریك و لێڵی خۆی پێچاوە بە خۆشی وە

هیواش هیواش تیشکی ڕۆژ و ڕووناکی ئاسمان وزەمین

خۆی ون دەکا و بزر دەبێ گیری دەکەن بۆ سەوکەمین

ئیتر ستەم و زۆرداری دێتە سەر بالیف و جێمان

پێ دەنێتە سەر دڵماندا ڕادەوەستێ لەسەر ڕێمان

تێکەڵی نوتفەی داوێنی سەر جێگەی خەوتنێ دەبن

دژی نوزەی تیشکی ڕۆژ و ئاسۆی سەرکەوتنێ دەبن

دەبن بەژەهر ودێن دەچن لەناو دەمار و خوێن ماندا

نایەڵن ساتێ بحەسێین بۆ گۆڕیش دێن بەشوێنماندا

دەسا ئەی میللەتی خەو خۆش بنوو چاوت بنوقێنە

هەرچی باسی ئازادی یە بەیەك چەرخێ بیسوتێنە

## تووڕەی

نە گەنمێك چرۆ دەکا نە گوڵێ سەر دێنتەدەر

داری هیوایان هەڵکشا بە ئازار ودەرد و کەسەر

یەك یەك ڕەوی باڵندەکان سەر هەڵدەگرن لە نیشتیمان

ڕوودەکەنە کەناری مەرگ قەدەرێکی بێ ناونیشان

ئاغا و کوێخاکەی جارانێ سەر لەنوێ نوێ دەبێتەوە

لەکویلەی ئەم عەسرە پیرۆز خەریکە سوێی بۆی بێتەوە

## یاخی بوون

دەمەوێ ئەم جارە بفڕم

بەسەر لووتکەی سەختی ژینا

هەڵزنێمە شاخی ئەستەم

بەسەر حەسار و پەرژینا

ئیتر نامەوێ بمێنم

لە زەوی نزم ونەوی

بۆ هەڵکشان بەرە و ئاسۆ

بەڕێوەم بۆ پێش ڕەوی

لە گۆماوی کولەمەرگی

دەمەوێ دەرچم بڕۆم

بۆ ئەوچەنەی تەمەن ماوە

مشورێکی ڕاست بخۆم

گەلێ سەختە ڕەفیقی بۆق

هاونشینی کیسەڵان

هاودەمی مار و مێرو بی

بەلا گیڕی دەغەلان

دەست لە ملی ڕێوی پیر و

بێچووە گورگی زۆر و دڕبی

قاز ومراوی زۆنگاو بی

یان وەکو مرشکی کڕ بی

بەڵێ سەختە تۆیش دەیزانی

لە خاکی قەدەری نادیار

یا ڕۆژێ ماری دەتگەزێ

یان هەڵت دەدڕێ سەگێ هار

## خۆشەویستم

خۆشەویستم باوەڕ بکە

لەنێو ناخ و جەرگ ودڵ دای

لەگەڵ جریوەی بوول بوولی
شێت و شەیدای پەڕەی گوڵ دای

خۆشەویستم باوەڕ بکە
لە هەناسە و دەرونم دای
ئەتۆ خوێنی نێو جەستەمی
لەگەڵ ژیان و بوونم دای

خۆشەویستم خۆشەویستیم
بەکردار بۆسەلماندووی
ئەو کۆشکەی ئاواتی تۆیە
لە دڵما بۆم خولقاندووی

خۆشەویستم بەعیشقی تۆ
هەتاکو ئەمڕۆ ژیاوم
ئەمن بێ تۆ سەحرایەکی
وشك و بیرین وبێ ئاوم

خۆشەویستم گوفتی شیرین
شیعری تەڕ و تازەی ئەوین
لەئاستی تۆ شەرمەزارن
دانە بەدانە سەر نەوین

## بیرت دەکەم

بیرت ئەکەم هێندەی ئاسمان
هێندەی دەریا
هێندەی گەردوونی بێ پایان

ئاخر گوڵم
سەفەری تۆ
بۆ ئەمەندە کاتی خایان

چاو لە ڕێگا وەکو پیری
نەگەیشتم بە دیدارت
هەموو عومرم دایەدەستت

بە باڵات نەت بینی شایان

بیرت ئەکەم

هێندەی چرچی

سەر ڕووخساری گرژوو ماتم

هێندەی نەگریسی ئەو ساتەی

بۆم ڕۆژگارە ڕەشە هاتم

بیرت ئەکەم هێندەی زەوی

هێندەی گەردوون

هێندەی تاڵی عومری زۆری

ئینسانێکی دیل و زەبوون

بیرت ئەکەم هێندەی هزری

پەرش وبڵاو ژاکاوم

هێندەی سووپای مەینەتی ژین

لە چوار لاوە دەوری داوم

بەڵێ گیانە بیرت ئەکەم

هێندەی فەرهەنگی زمانم

لەبیرم دای لە یادناچی

هەتا بێت وبچێ گیانم

## تۆ جیهانی

ئەی ئاسمانی ڕوونی بێ تەم

ئەی ئەستێرەی کامەرانی

ئەی گزنگی ئاسۆی ڕووناك

ئەی هێنەری شادومانی

ئەو ئێوارەی تۆ لەم شارەی

دار و بەرد و خاك و ئاوی

بە جارێ زەردە دەی گرێ

کۆشك و تەلاری ڕوو خاوی

باڵندەکانی شاری مە

هەڵدەفڕن و دەجری وێنن

لەخۆشی هاتنی تۆدا

بە گشت ئاوازێ دەخوێنن

کوچە و کۆڵەنەکانی شار

هەستاون و دەست بە دووعان

خۆر وئاسمانی شاریش

لە چاوەڕێی هاتنی تۆدان

ئەو ئێوارەی تەشریف دێنی

خۆر زۆر درەنگ ئاوا دەبێ

ئاخر گیانە پێشوازی تۆ

شەرت بێ هەر ئاوا دەبێ

بەلام گیانە ئەو ئێوارەی

لەم وێرانە سەفەر دەکەی

نەك من ئەم شارە بە جارێ

توشی دەرد و کەسەر دەکەی

تەمی مەینەتی دەپۆشی

سەران سەر ئاسمانی ئێرە

شەوە زەنگە بەدی ناکەی

ئاسمان و مانگ و ئەستێرە

پۆل پۆل ڕەوی باڵندەکان

بە ئاسمانی شارا دەڕۆن

سەر هەڵدەگرن و نامێنن

مشوری شوێنی تۆ دەخۆن

خۆزگە منیش باڵم دەبوو

هەر بە شوێنی تۆدا ئەفریم

سوکنایی‌یەکم بۆ دەهات

مەراقی ئەم دڵەی ئەبڕیم

گیانە ئەگەر هەر بەڕاستی

خەڵکی ئەم شارەت خۆشەوێ

هەموو تەمەن لێرانە بە و

دەمەڕۆ بۆ ئێرە و ئەوێ

## تواناوە

دڵم تەنگە هەناسەم سوار دیدە بارانم ئەمن

لێو بەبار و پەرێشانی کۆچی یارانم ئەمن

ئێلاهی مات و مەلوول و بێ کەس و دیوانە خۆم

بەتیغی زۆر داری ڕۆژگار لە بیمارانم ئەمن

بە سەر درکەلانی تەمەن تێ پەڕێ هەتا زووە

لە دەست ژینی تووڕەهاتم زۆر پەرێشانم ئەمن

قیسپی داچەقیوی ڕۆژگار دەچێ بەناو جەرگ و دڵا

تێدەگەم بەبێ هودەیی مەستی مەستانم ئەمن

ئیتر دەڵێن ناوچاوت بوو فاڵ و جادوی پێناوێ

ستەم دیدەی ژینی شێت و شەقی دەورانم ئەمن

نەبوو ڕۆژێ هەوایەکی ئازادی و شادی هەڵمژم

بۆ نەختێ حەسانەوەی گیان چاوەڕێی نەمانم ئەمن

دڵ خوازی من جاتێ بگە لە سەربووردەی ژینی من

بۆیە ڕەنگ زەرد و مەلوولم هەر چەندە جوانم ئەمن

ئەزیزم چش لە شیعر و هونەر و دەب و عیرفان

هەر بەڕاستی هونەر مەندم بۆیە ماڵ وێرانم ئەمن

مام ڕێباز ڕێگای ژیان سەخت و ناهەموارە ئەدی

بۆیە هەروا نەناسراو بێ ناونیشانم ئەمن

## ناتەواوی

ئەی ئەوکەسانەی هەمیشە باوەشتان لە ژیان داوە

پێم ناڵێن ئەم ژینە تاڵە چلۆن وا تامی شیرینە

لە دەستم چوو عومری جوانی بە هەرچیم دا چۆنی گوزەشت

دونیا بەشی ئەوین ناکا هەی هو بەشی ڕق و کینە

خەریکی بە گرێی بدە هەوڵ و هیمەتکە عەزیزم

بەشی دەبێ هەر خوری بێ ئا ئەم ڕستن و چنینە

خەجاڵەت بی بەنی ئادەم بۆ ئەم دونیا بێ بەهایە

بوی بە کۆیلەی بێ دەم و زوان بۆو زۆردار و سەر سەرینە

ئەی خودا شەرتە ئابڕووی خۆم نەدەم بە گەنجینەی قارون

نەبوونی قەت عەیب نی یە نا مەردی سەرشۆڕی ژینە

هەرچەندە عومریشم کەمە ناگا بە چارەکە قەرنێ
بەتەجروبەم لەم حەیاتە گشت هۆشمەندان سەرسپیینە

تاوێ لە ئاسۆ بڕوانن با لە تیشکی هەتاو فێربین
بەسەر بەرزی ژین و مردن سەرنواندن نا مومکینە

## وەرە وەکو باران

نم نم وەرە وەکو باران
هیواش هیواش
داببارێ
ئەمن قەت لێت بێزار نابم
هەڵ بنشێ لە کەنارێ
وەرە و بچۆ
گێژاو بخۆ
لەسەر ڕووخساری زەردی من
ڕای بماڵە
بانەمێنێ
هەموو ئازار و دەردی من

هاتنی تۆ
وەکو باران
قات و قڕی ژین کەم دەکا
هەزاران کێڵەی پڕ هیوام
گوڵی خونچەیان دەم دەکا
بەڵام نەکەی
وەکو باران
درەنگ درەنگ
میوانم بی
من دەمەوێ هەموو تەمەن
لەگەڵم بی
هاو شانم بی
دەسا وانم نمەی باران
تنۆك تنۆك دادەبارێ
هەر هیچ نەبێ
وەکو مردن
سەردێ بدە
تەنیا جارێ

## خەیاڵ

ئازیز ئەگەرچی دووری دوور
لە یەك دوورین بە چەند سنوور
کاتێ کە ئەم نامەت بینی
دەست درێژکە و چاوت داخە
لای دونیای خەیاڵی مندا
تۆیش دوونیای خەیاڵت ڕاخە
بەیەك دەگەین لە ما بەینی
بە سەدان میل و پێوانە
ئیتر ئەستەم بونی نابێ
لە فەرهەنگێکی دێوانە
بەسەر دەریای بەستەڵەکدا
بەسەر شاخی بەرز و نەوی
سنوورەکان دەڕوخێنین
بە یەك هەڵمەت و پێش ڕەوی
لەگەڵ گزنگی هەتاوە
لەگەڵ بارانی بە خوڕدا
لەگەڵ تۆفان و ڕەشەبا
لەگەڵ ئاگری بە گوڕدا
دەگەین بەیەك وەك دوو شە پۆل
فەیەزانێك دێنینە بوون
هێند توند لە ئامێزت دەگرم
تا تێکەڵ ببن گۆشت و خوون
ئیتر هیچ ستەم و زۆری نەتوانێ
لەمنت سێنێ
هەتا گیان کێش جزووی مەرگ
لە جەستەی من نەئالێنێ
بەس چیبکەم ژیکەڵەکەم
شەو دەرەنگە خەیاڵ دوورە
ڕۆحی ئێمە ئاوێزانە و جەستەمان
لەودیو سنوورە
زۆر بێزارم دەستت بەردەم
هەر چەندە شەکەتوو ماندووم
ڕۆژگار زۆر ئازاری داوم
گەلای زۆری لێوەراندووم
گیانە چما چزوو ون بوی

شەوگار زۆری پێوە ماوە

نابڕێتەوە تولانی یە

ئەم دۆزەخەی ژینی ناوە

## ئەگەر مردم

ئازیز توخوا ئەگەر مردم سەفەرم کرد لەم وێرانە

جەستەیەکی بێ گیان ماوە بۆ خاك و کرم و مۆرانە

ئەو دڵەی کەوا سەرمەستی عیشق و ئەوین وجوانی بوو

ئەسەف لە گوڵزاری ژینا هەر بەشی ماڵ وێرانی بوو

ئەوا ئەمڕۆ گوزەشت دەکا لەو دونیایەی بێگانە بوو

بۆ ئینسانی عیشقی جوانی لە هیچ سوچێ جێگا نەبوو

هاواری کرد و تۆڕە بوو تفی لە خود پەرستی کرد

ئینسان دۆست و ژین پەروەربوو لەو ڕۆژەوە کەهەستی کرد

کاری ئێمە وەك ئینسانێ لەم تەمەن و عومر و ژینە

دەستی کەوتوویە بگرێ و ئازادی ئەو دەست لە بێنە

بیر و ئەندێشەو خەیاڵی هەر خۆشی ژینی ئێوە بوو

داریکی وشك و برین بوو بەری ئازادی پێوە بوو

ئەوا ئەمڕۆ ئەسیر ئەکرێ ئەلەم چاڵە تەنگ و تارە

هاوەڵی نزیکی ئەمڕۆی هەر کرم و دووپشك و مارە

چما حەیاتی بە خەمی بەهەزاران ئاوات سپارد

سەرمایەی ئەو چەن شیعرێکە و جەستەیەکی بێ گیانی سارد

## بێ هیوای

وا بەتەمام هەر ئێستاکە

پێنوسەکەم ورد و خاشکەم

چۆن دەتوانم بە پێنوسێ

حاڵی میللەتەکەم باشکەم

من بێ زار بووم لەم پەیڤانەی
هەر هیوای گەشی وجوانی یە
خەیاڵ و ئاواتی شاعیر
ئاخیری سەرگەردانی یە

وشەکانمان لە نێو دوو توێی
پەڕەکاندا ئەسیر ماون
چما ئەم پەیڤە جوانانە
بۆ هیچ کەسێ نە درکاون

سەردەمێکە زیزوو ماندووین
لە زیندانی پەرتووك خانە
لەم وڵاتە کوانێ بەهای
ئەوشتەی بەنرخ و جوانە

سەردەمێکە گوفتی شیرین
قسەی جوانی پڕ لە ئەوین
تورِ دراوی بێ زاری
دەست بەسەرو دیل ونەوین

حەیفە ئیتر منداڵی خۆ
تورِ بدەینە سەر سەنێرکوان
وەك ئەو کەسەی دڵۆپی
خۆی فرِێ دەدا بەبێ ویژدان

بەداخەوە لەم زەمانا
ئیتر دەبێ جوانی شووم بێ
لە نێو دوو توێی پەرتوکێدا
سەردەمێك بۆچی مەحکوم بێ

ئیتر دەبێ بەدەستی خۆ
دەمی خۆمان هەڵبدوورین
کەس لەم هاوارە تێ ناگا
دەبێ بێدەنگ بین مەجبوورین

بەداخەوە فرمێسکی سوور
چ قورِپێ وان و قتژ رِنین
دەبێ ئازاری دڵی خۆ
هەر بە بێدەنگی دابسرِین

## کەسەر

ئەزیزم دونیا خامۆشە
منیش هێندی ئەو خامۆشم
دونیا تاریك و نیتكە
وەكو دڵی سیا پۆشم

ئەزیزم وادەتوێتەوە هیواش
هیواش تەمەنی من
هاكا لە پڕ كوژایەوە
چرای لێڵی زەمەنی من

ماندووم بۆخۆم بۆ عومری تۆ
بۆ هەزاران نركە و ناڵە
بۆ ئازار و دەردەسەری
ئا ئەو ژیانی چەن ساڵە

ئێمە لەم تۆفانی ژینا
لەم زریان و باو بۆرانە
لەگەڵ دونیای چەقۆ وەشێن
ئەم ڕۆژگارە ژین خۆرانە

دەبێ هەر دەستە وەستان بین
لەبەر ڕێژینەی سەختی باران
دەبێ هەر ئاخ هەڵبكێشین
بۆ ڕۆژانی كۆن و جاران

دەبێ هەر خەم هەڵبواسین
بە تەنافی ژین و مەرگا
ئاخر گوڵم هەتا مەحشەر
دەبێ دان بنێین بە جەرگا

ئانا گوڵم نەهاتووین
سەری ڕەشمان سپی بكەین

لەم ستەم وزووڵم و زۆرە
بێدەنگ بین کپی بکەین

چۆن دەتوانم هەروا خۆش بم
لەعومری نەو بەهاری خۆم
لە مەینەت و دەردەسەری
ئەوەڵ و یەکجاری خۆم

ئاخر گوڵم من نازانم
یەقەی کام ستەم کار تون کەم
سکاڵای سەختی دەورراون و
ژیان و تەمەن و بوون کەم

ئاخر گوڵم کام ستەم کار
حەسرەتی ژینی دا پێمان
ئەم دونیای ئازار و دەردەی
کردە لانە و ماڵ وجێمان

## هۆنراوەیەک بۆ پەشێو

پەشێوەکەم ئەتۆ ئاسۆی
ئاسمانێکی گەش و جوانی

هەڵۆیەکی بەرزە فڕی
چیاکانی نیشتیمانی

پەشێوەکەم وانەکانت
دەزرنگێ لە گوێ ماندا

ئەم نیشیمانە برسی یە و
نەوتیش وا لە ژێر پێماندا

پەشێوەکەم بۆ تۆ نەت وت
ئەوەی کورد بێ نەوەی نوێ بێ

بۆم ڕێگای ژین و ژیانە دەبێ
توێشووی ڕێگەی پێ بێ

تویێشووی ئێمە ئازارێکە و
دێت و دەچێ بە ناخ ماندا

خۆزگە دەمای بەدەستی خۆم
ئەو ئالایەم بۆ دادەنایی

ئاگرێکی زۆر بەتینە
گڕ دەخوا لە دەماخماندا

ئەو ئازارەی لە دڵ تایە
ئیتر هیچ نەمایە بەقایی

شەقان دەخۆین حە پس دەکرێن
ژین و ژیانمان لێ تاڵە

پەشێوەکە ئەتۆ دوور نی
ئەوە تانێی لە چاوماندا

دەربەدەری ژینی کردین
هەر بە عومرێکی چەن ساڵە

بۆ هەمیشە لەگەڵ ئێمەی
ماوی و دەژی لەناو ماندا

هەرکە دەگەم بە ئەو دێڕەی
بۆ دەرەوە ئە بێ وڵات

تۆ مەزنی ئەتۆ خۆری
لە هەر سوچێکی نیشتیمان

ڕۆح و گیانم دێتە لەرزین
وەك کوردێکی ڕەنگ زەردی لات

کوردستانی خۆتت پاراست
کە چەکی شیعرت کردەشان

بۆقی کرڕ و کرمی مردوو

بەتۆ ناگەن تۆ هەتاوی

بەوانە شیرینەکانت

لەنێو دڵماندا چەسپاوی

## ئادەمی گێژ

ڕۆژی عومرت ئاوا دەبێ دە تێ فکرە ئادەمی گێژ

چاویلکەی دونیا پەرستیت هەتاو کەی لە چاوا بێ

بەسەر سمدان شەو نخونی تێرنەبووی هێشتا هەربرسی

ڕۆژێ لە ژین گوزەر دەکەی وەك ئەوەی نەبووبێ وابێ

خەجاڵەت بی بەنی ئادەم چەن بە هەڵپەو عەجولی

ئەم هەموو ڕەنجەت لە چی یە مەرگ لە پێشت وەستا بێ

تاوێ بە خۆتا بڕوانە چارەنووست بەرە و کوێ یە

ئەو قاقا چی یەتی تامی شین و شەپۆڕی لە دوا بێ

ئەوەی ئەندێشەی ببینێ ئەم هەموو تابلۆی ژیانە

ڕەفیق نسحەتی قەت ناوێ دەبێ خۆی ئینسانی چابێ

ئەگەر تۆ هەی بەڵگەم دەوێ لە دادگای گەردون و بوونا

کەمێ ویژدان ،لەتێ ئەوین، دەرون پاکی، ئەگەرمابێ

بەسکی تێر ،گیرفانی پڕ، بێ باك لە حاڵی سەد بێحاڵ

ئەگەر میرە گەر سەردارە یارەبی سووك و ڕیسوا بێ

تف لە گا بەردی ڕەق و تەق زۆر داری خوێن مژی بەد فەڕ

چاوی لەبێ چاوی نەبێ دەی تا ماوە نابینا بێ

ئیتر شیعر سەد برینی دڵی پێ مەرهەم ناکرێ

یەکێ نۆکەری چەکان بێ لە پێنووس تێناگا نابێ

## من و کاتژمێر

چك چك سەعات بیژمێرە

ئەم ترپە ترپ و لێدانە

هەر تر پەیەك ئازارێكە
لەو ژەهرەی ناوی ژیانە

چك چك سەعات هەر بێدار بە
بێ ئۆقرەبە هەر مەخەوە
منیش هەمیشە بێدارم
ڕۆژ بەڕێ دەكەین پێكەوە

چك چك سەعات لەو دونیایەی
كە ئینسان تێیدا تەنیایە
كەناری ئارامی نی یە
شادی یە بێنێتە كایە

هەتاكو گوڕت تێدابێ
ئەڕۆی چوون شەیدا و سەرمەستی
خۆزگەم بەخۆت كە تێناگەی
بێ هۆش و ئەندێشە و هەستی

لەگەڵ ئازیزی خۆت دەژی
لە كوچێكی گەرم و گوڕدا
دەستی لە دەستت ئالاوە
لەگەڵ خولانەوە و سوڕدا

ئەسەف شاعیر حەسودی دێ
بە كات ژمێرێكی بێ گیان
بڵێی هەبێ بەشمەینەت بێ
لە زەمینا وەكو ئینسان

## خاتوون

خاتوون تۆ تیشكی هەتاوی
ڕووناكی ئاسمانی ژینی
لە لای ئێمە تینی هیوای
كانگای ئومێد و یەقینی

تۆ زەوی یەكی بە پیتی
شایەن نی بە گشت جوتیاری

گۆماوێكی گەنی و مەبە
فروانبە وەك ڕووبارێ

نزم و نەوی هەڵپڕوكاو
گوڵی زەردی پەڕ پەڕكراو
نێچیرێكی بریندار و
لە نەهامەتی تەڕكراو

دەوامەبە ئەتۆ ئاسۆی
ڕووناكی هەڵدێ لە تۆ وە
دێوەزمەی سۆزانی بەدخو
بۆ ئە پێچێنێ بە خۆوە

قەترەی خوێنی دامێنی تۆ
ئارەزووی پێسی پێ كپ كا
قسەی لوس و داو دانەنێ
چۆن تۆ دەگرێ ئەی چ بكا

خاتوون من باوەڕم پێ تە

سبەی بەسەدان مانگ و خۆر
لە ئاسمانی تۆ وە هەڵدێن
دژی زووڵم و ستەم و زۆر

نیشتیمانی كوردەواری
ڕووناك دەبێ بە چراخان
هەر دەڵێین وەتەن ئاوابێ
بژی داد و ئازادی گیان

هەتا تۆ دیلی جوانی بی
ئێمەش هەردیل و ژێر دەستین
مەترسە بە دڵ لەگەڵتین
باوك تین براتین كەس تین

بیخە ژێر پێت كەرامەتی
بازرگانانی گۆشت و خوێن
لە ژێر نەعلە شڕەكانیشت
پێیان ڕەوا نەبینی شوێن

## ون بوون

تۆ ئەستێرەی کام ئاسمان بووی
لە پڕێ هاتیت و ون بووی
خۆتۆ لە نێو دڵی مندا
هەر خەریکی هات و چوون بووی

لەوساتەوە کە تۆ ونی
ئاسمانم هەوری بە تەمە
دەریایەکی شەڵەقاوم
کەنارم ئامێزی خەمە

دێم و دەچم گینگڵ دەخۆم
بەنێو سەدان یادگاری جوان
ئەو ڕۆژانەی پڕ شادی بووین
لە پڕێ دیارنەمان و کوان

دوورگەی هیوات نایەدڵم
کە چی بێ هیوا و خامۆشم
لە جێی باوەشی میهری تۆ
سەرم خستۆتە سەر کۆشم

وەك شەپۆلێکی بێ قەرار
کەنار بە کەنار جێ دەکەم
تۆ ئەوەندە بێ ویژدانی
من دەردە دڵ بۆ کێ دەکەم

ئەی بێ ویژدان دڵ ڕەقی تۆ
منی هاڕی هەتا توانی
شاخێکی بەرز و بڵندبووم
کردمی بە جۆگەلە و کانی

دەبێ بۆ ئەوین سەری خۆ
نزم بکەین بۆ سەر زەوی
ئەویش هەتاکو ئەتوانێ
جەستەی ئێمە بکا کەوی

## ئامۆژگاری

چەن خۆشە کوڕم مەرد بی مەرد

ئازاری لابەی لە کەسی ڕەنگ زەرد

چەن خۆشە کوڕم جاری لە جاران

شادی بخەیتە دڵی بی ماران

چەن خۆشە کوڕم خاوەن هەست بی

لە زووڵم وناحەق تورە و پەست بی

چەن خۆشە کوڕم نوزەی هەتیووی

بت شەڵەژێنێ و بۆی بێنی شیوێ

ڕۆڵە چەن چەن خۆشە کەسێکی عوریان

هەناسە ساردی دەست دەوری ژیان

پۆشاکی خەمی لە بەر بماڵی

ئیتر نەی چێژێ ئازار و تاڵی

ڕۆڵە چەن خۆشە خزمەت گوزار بی

خۆ بەکەم زان و ژیر و هۆشیار بی

گوێچکە و چاوەکەی کەڕ و کوێرنەبێ

خەمی برسی بێ هەر خۆی تێر نەبێ

جاری بپرسێ لە ئازاری کەس

نەڵێ من دەستم تەنیا بۆ خۆم هەس

هەرکەس هەر بۆ خۆی ڕاکە ڕاکی بی

یارەبی هەر خەم بەرگی چاکی بی

کەسێ چاو شۆڕ بێ لە نووزەی برسی

لە دوا ڕۆژی خۆی با ببێ ترسی

## داخی دووری

نەساتێکە نە چەن ڕۆژێ

نە چەن وەخت و

نەچەن ساڵێ

هەر مەگەر تۆفانی نوح بێ و

خەمی دووری تۆ بماڵێ

ئەسەف چەندین ساتی خۆش و

چەندین ڕۆژگاری پڕ جوانی

بە جارێ بوو بەوێرانە

باڵە خانەی کامەرانی

ئومێدی هەناسەی شادی و

جارێکی تری پێکەنین

بارگەو بنەی پێ چایەوە و
سەردەمێکە لێرانە نین
ئەوەی شادی و بزەی ڕوو بوو
نووسا بە ئەوینی تۆوە
من نازانم چۆن بوو
چلۆن منت هەروا لە بیرچۆوە
ئەوین دار لە تاریکیدا
ڕووی ڕاستی دۆستی لێ ونە
دێو درنج بوو سەد ئەسەف
وام زانی شیرینی منە

ژیان نەویم
تەمەن لێڵ و تورە هاتم
هەڵت دەگرم تورڕت دەدەم
با لە دەستت بێ نەجاتم
بتی گەورە ئاسمانی من
زەمینی من
لە دەستی تۆ هەراسانە
ڕۆح لەژێر قاچی تۆدایە
تۆیش وای لەژێر پێی بێگانە

## بتی گەورە

بتی گەورە تۆ نام بیسی
بۆنام بینی
هەر پیش دەخۆی کوا بتەقی
زەمەنێکە لێت بێزارم
هەقی تێهڵدان و شەقی
بتی گەورە لەسایەتی تۆ

## بتی گەورە

لە ڕۆژی فیشەك بارانا
ژیان وژین دەدرا لەخاچ
پەیکەری تۆم لەگەڵ خۆم برد
بەتاسەوە ئەم کردی ماچ
بە فرمێسك و نوزەی گریان
سەردەمێك بە ژیانی خۆم

ئەم هێشت جەستەت بهاڕێ

دەم گوت ئەتۆ منی من تۆم

لە یادت چوو دەر بەدەربووی

خاك بەسەر بووی

لەمانی خۆت بێ خەبەر بووی

بەڵام ئێستا لە سایەی تۆ

بۆو ڕۆژگارە ڕەشەی ژیان

شەو ڕۆژ بدەم لە ئەژنۆ

ئێستا خوێنی ڕۆحم دەخۆی

ڕۆشنای ژینم هەڵدەگری

بووی بەداری ژەقنەبوت و

هەر ڕۆژ بە جۆری بەردەگری

بتی گەورە تۆ نەخودای

چۆن سەرمت بۆنەوی بکەم

هەتاوکەی بەشەقی تۆ

جەستەی ماندووم کەوی بکەم

## تۆ

تۆ گزنگی ئاسمانێکی

هیواش هیواش و لەسەرخۆ

ئەم زەمینە ڕەنگت دەگری و

دەتوێتەوە و دەبێ بە تۆ

## مام ڕێباز

مام ڕێبازکێ یە دەربەسی نەمن نە تۆ نە هیچ کەسێ

کە خۆت نەبی دەربەسی خۆت گازندە بۆش و بەلاشە

لە قیامەت نەفسی نەفسی ئەمێستاکە لە سەر دونیا

موحتاجیت بوو لێت ڕادەکا ئەوەی فەرحان دەم هەراشە

هەڵی بگرە ئەو توێشووەی زەروری ڕێگای ژیانە

بیدە بەری بابی هاڕێ هەتاکو گەرمە ئەم ئاشە

زەمەن بەناڵە تێ ناگا بە ئێشارەت ئیتر چلۆن

حاڵی بێ ئەو ناحاڵی یەی لە مەینەتی پەیکەرتاشە

دەسا ئەی ئاگری جەفا دەی مەردبە و ئاوا بچۆ
بدە جەستەی خوێن مژی گەل هەڵی وەشێنە ئەولاشە

ژیانی مە جوجەڵەیە و لەبەر دایك جوكە جوكمان
پەلاماری ژینمان دەدەن داڵ و قەلە ڕەش و واشە

سەیری ئاسمانکە مام ڕێباز ئەستێرە و گزنگ وئاسۆ
خۆر لەجێگای عاسێ هەڵدێ نزمی بەدایم لە پاشە

## تۆکێی

تۆ بارانی کام ئاسمانی
شە پۆلی کام دەریایی خەمی
تیشك و ڕووناکی کام چیا و
کام لووتکەی تیژی ئەستەمی
تۆ گوڵزاری کام بەهاری

نێرگزی کام دەشت وهەردی
ئەرێ فریشتەی ئاسمانی
یان تۆ پەری لە سەر ئەردی

خەنینەکەت سەدای دەنگی
کام بوول بوولی ڕەنگ زەردە
نیگاکانت چارە و دەوای
سەد ئێش و ئازار و دەردە
دڵم توندە هێندەی توندی
ئازاری دەوران و زەمەن
بەنێو دونیای هێمنی خۆت
تا ئەتوانی بمکە کەمن
لەدونیای تاریکی و ستەم
بم بە دونیای گەش وجوانی
تەمەن چەنێکە عەزیزم
هەمووی هەر بۆ ماڵ وێرانی

## ئەم شەو

ئە م شە و ئە ستێرەی سە رشێتم
بێ ئاسمان و بێ زەمینم
دێم و دەچم هە نگاو دەنێم
چرای خامۆشی بێ تینم

ئه م شه و دەریای کش و ماتم
شه  پۆلی کەناری خه مم
باڵندەی بێ په ڕ و باڵم
کۆتی دەستمه هاودەمم
ئه م شه و سه یره یادی دوری
یادی ڕۆژانی ڕابردوو
یادی چه ندین ساتی خۆشی
ئه و زەمه نه ی که له دەس چوو
دێنه بیرم یادی جاران
ئەو ساتانەی که ڕۆیشتن
لەگەڵ دەسته و جه معی یاران
به ڵام گیانه دەردی دووریت
سه ردەسته ی هه موو دەردێکه
سه رچاوەی ناسۆری دڵی
مه جنونی دەشت و هه ردێکه
له بیرت دێ له ناو گوڵزار
وەرزێ به هار دار ودیوار
زەمینێك مه ستی ئێمه بوون
ئه تۆ دەگوت دونیای منی

ئه ی منیش بێ تۆ کێم هه بوون
که له چاوی تۆم ئه ڕوانی
سه د ئومێد و هیوا و جوانی
ڕازەکانتیان ئه درکانت بۆم
ئارەزووم بوو لێت بڕوانم
سه د هێندەی عومر و ژینی خۆم
ئازیز ئه و ڕۆژانه خەو بوون
ئه ی بۆ هه روا چوون و نه مان
ئاخر ئێمه  پێ نه زان بووین
یا دەوری لێ گۆڕین زەمان
ئه ستێره و مانگ تریفه ی شه و
گزنگ و ئاسمان و ئاسۆ
ئیتر جوانین هه ست بزوێنین
لێ یان ناڕوانم به تاسۆ
تۆ ئه ستێرەو مانگی من بووی
تریفه ی شه وی چوارده بووی
له ناو سه ر دەسته ی جواناندا
تۆ باشترین بژاردە بووی
ئاسمانی بێ به زەی تۆ کام

ئه ستێرەی گرتۆته خۆی

ئاسمانی من گه ردونی من

بێ شك به هه میشه هه ر تۆی

## ئیلاهی

ئیلاهی له دونیای بونا کۆترێکی لانه وازم

تا دوا ڕادەی بێنیازی لەم جیهانه بێنیازم

دام له شه قه ی باڵ و فریم به خه ویش نایه مه زەمین

له گه ڵ دەوری ژینی شێتا چۆن ئه توانم من بسازم

له دۆڵی پڕچەقەڵی ژین له دارستانی پڕ ستەم

منی بانگ خوازی داد گەری چۆن هەروا دەبێ دەربازم

ئەی بایەقوش نیشتیمانت کردە وێرانه و کەلاوە

بۆچی دەبێ تکایی ژیان له قەلی ڕوو ڕەش بخوازم

هەی هو ڕێو ئەی سەرداری قاز و مریشك و مراوی

چۆن دەبم به دەروێشی تۆ من خاوەن بیر وڕێبازم

ورچه کوێر زەمانەی بەد فەڕ تاجی شاهانەی دابه تۆ

زەمەنێ کۆیلەی عەیاربووی ئێستا تۆ بوویه ئوستازم

هەرچی جوانی بوو دەرکرا تەمی ڕەش وڵاتی داگرت

نیشتیمان بوو به گۆڕستان مەگەر خاك هەڵگرێ نازم

## بمگره خۆت

ئازیزەکەم

وەك چۆن دەریا

شه پۆلی شێت دەگرێته خۆی

وەك چۆن بەهار

گوڵی عەیار

دڕکی بێ زێد دەگرێته خۆی

بمگره خۆت بمگره خۆت

ئازیزەکەم وەك چۆن ئاسمان

مانگی جوان

ئەستێرەی جوان دەگرێتە خۆی

وەك چۆن دایك

منداڵ و ژان

ئازاری گیان دەگرێتە خۆی

بمگرە خۆت بمگرە خۆت

ئازیزەکەم وەك چۆن تەنوور

داری ئەستوور

بە ئەسپای دەگرێتە خۆی

یان وەك چۆن شاخ

بەفری دڵ داخ

تا کۆتایی دەگرێتە خۆی

بمگرە خۆت بمگرە خۆت

ئازیزەکەم وەکو چۆن گوڵ

توند و بەکوڵ

هەنگی دڵدار دەگرێتە خۆی

وەکو چۆن خاك

شەهیدی پاك

بەگریە و زار دەگرێتەخۆی

بمگرە خۆت بمگرە خۆت

## بەڵێنت دا

بەڵێنت دا

بە شاهیدی دار و دیوار

بە شاهیدی ئەو ئاسمانە

لە سەرمان گرت بووی قەرار

بە شاهیدی

هەموو ئەستێرەکانی شار

بەڵێنت دا
نەمدەیتە دەست تاریکی شەو
نەم دەیتە دەست شەپۆلی خەم
ئاخر ئێستا
تاریکستانێك هاتە بوون
من بەڵێنی تۆ چی لێ کەم

بەڵێنت دا
کەناری بی بۆ ئارامی
شەپۆلی من بگریتە خۆت
ئەمن ئێستا بەسەر سامی
بێ کەنارم
شەپۆلم لێ ئەباری بۆت

بەڵێنت دا
ڕووناکی ئاسمانی من بی
لێم ون نەبی
بەڵێن نەبوو کەژێر دەستەی
ڕۆژگاری تاڵ و تون نەبی

ئێستا نە ئاسمانت هێشتم
نە ڕووناکی
نەمدەزانی بەوڕادەیە
لە ئاستی منا بێ باکی

بەڵێنت دا
خەنینەکەت
ڕەنگی ژیانی کاڵم کا
نیگای سیحراوی چاوانت
لاڵم بکا
تۆ ئەزانی
ڕەنگەکانت
هەمووی دزی
تابلۆ و باخچەکەم بێ ڕەنگە
دیمەنی هیچ
نام هەژێنێ
دڵم هێند عاجز و تەنگە

بلێنت دا

چاوەکانت نوقمم بکەن

لەتین و هەست

نیگاکانت سەرخۆشم کەن

بێ هۆش و مەست

ئێستا نیگاکانت ونن

دیدەی منیش لێڵ و تارە

نوزەی ڕووناکی شك نابەم

لەوەتەی دووری لەم شارە

## خۆزگە

پڕ بە دڵم ئەمڕۆ دەڵێم ئازیز سەد خۆزگە من و تۆ

جووتێ مەلی ئازاد بایەین نەك دوو ئینسانی ڕەنجەڕۆ

دەمان دا لە شەقەی باڵ و دەفڕین لە ئاسمانی وڵات

سەرکز و مەلوول نە دەژیاین بەحسرەتی سەدان ئاوات

دەفڕین و بێ باك لەکۆت و زنجیری سەد قامچی بەدەس

بێ باك لە تانە و تەشەری چەن دەم پیس و هەزار ناکەس

دەرباز دەبووین لەو سنوورەی کفنی ڕەشی کردە بەرمان

لەو سنوورەی تەوقی دیلی و ژێر دەستەی کردە سەرمان

هەڵ دەفڕین و باری خەم مان لەم زەمینە بەجێ دەهێشت

توخوا ئازیز لەم خاکە دا من و تۆ شیرینی مان چێشت

هەڵ دەفڕین و تێ دەپەڕین بەسەر خاك و چیاو ئاوا

بەچاوی پڕ لەفرمێسك دەمان وت وەتەن ماڵ ئاوا

ئازیز لەو ساتە بە دواوە تۆ دەبووی بە نیشتیمانم

دەبووی بە ڕۆح و دڵ و گیان ڕازی دەبووی ئەرێ خانم

لە سەر شاخێکی زۆر بڵند لە تەنیشت دەریایەکی مەند

ئازیز ئەگەر تۆم هەبایە پێستی مەینەتیم هەڵ ئەکەند

دیسان ئازیز ئەو دەنگەیەی هەمیشە دەم بیست و دەم بیست

لێو هەڵقرچان و تووڕەبوون جوێنیشتم نەئەدا لە کیست

لەگەڵ گزنگی هەتاوا لە تەنیشت یەکتری دەفرین

( لەکۆتای نامەکەتا )بە گیان بۆ یەکتری ئەچرین

ئێوارانیش کاتێ هەتاو ئاوا دەبێ نایبینێ چاو

ئەم زەمینە هێمن دەبێ نامێنێ دەنگ و ژاوە ژاو

باڵت ڕاخە سەری ماندووم ڕۆژگارێکە خاکە سارە

بەلەمی تۆ فانی نوحم ئامێزت جودی کەنارە

ئێستا خەیاڵی ئەودەمە دڵی زۆر خێرا و توند کردووم

ئەی جادوگەر بە تیلەی چاو چی جادویەکت لێکردووم

ئازیز من و تۆ لەم خاکە جووتێ مەلی باڵ کراوین

بەداخەوە کەی ئازاد بووین هەمیشە گیرۆدەی داوین

نەك ناتوانین سەر هەڵگرین لەم دار و دیوار و بەردە

لەم وڵاتەی خەنینیشی ئازار و مەینەتی و دەردە

دەبێ هەزاران ڕازی تۆیش لە دڵی خۆمدا بنێژم

یان لەشیعرێکی پڕ خەم دا داخی دەرونم هەڵ ڕێژم

## ناکامی

ئیتر دەبێ لەنێو خەودا

لە ئاوێنەی شکاوی بەخت

بڕوانی بۆم

ئەوسنوورەی ژوانی مە بوو

داگیر کراو

بووە باڵەخانەی چەن نهۆم

درەختەکانیان هەڵکێشا

جۆگەکەیان پڕکرد لە بەرد

وا بوون بەژان

ئەوانە ڕەوی بەرازبوون

ئاکاری وان

ڕەوشتیان دوور بوو لەئینسان

ئەو بەردەیەی سەردەمانێ
هاوڕازمان بوو
ئاگاداری خواستی دڵمان
هەموو ڕازوو نیازمان بوو
چوار لەتیان کرد
جێگە و لانەکەی من و تۆ

هەناسەکان
دۆڕێنران لە دەستمان چوو
ئەمانە شێر و خەتیان کرد

درزێکیشیان نەهێشت بۆمان
بۆ تیلەی چاو
ژوونگە بوو بە گۆڕستان
پێکی ئەوین بوو بە زووخاو

ئیتر نایەم بۆ دیدەنیت
فرمێسکەکان
نیگاکانی پڕ لە خەمت
ڕووخساری هەڵبڕزکاوت
پرچی ئاڵۆز
پڕ قوڵپەی گریانە دەمت

نەدەتوانم ژێرت بکەم
نەدەتوانم شادت بکەم
دەبێ هەتاکو من دەمرم
وەك ترسنۆك
لە ژێر لێوە یادت بکەم

## لێم ببورە

لێم ببورە
شیعرەکانم
لاسارن و کورتە بالآن
وەك منداڵەکانی گەڕەك
بەدار چنارێکدا ئاڵان

## ناسك

شیعرەكانم منداڵێكن

نە پێ یان گرتووە نە زووبان

بەدارە دارە دێن بۆلات

بۆت دەگرین

لێ یان تێ ناگەی كیژی جوان

## ناكامی

ئەگەر بەدەستی من بایە

چەرخی زەمەن

سوڕانی زەویم دەوەستاند

ئەو وشەیەم دەگوت بەتۆ

بەم جیهانە

كە بۆ جارێكیش نەم دركاند

## شەو

كاتێ شەو دێ

دەستی ئەوین دەكاتەوە

بۆ ئەم شارە

ئەوەیش ئێمە دەیدەین بە شەو

بە تەنیا خەم و ئازارە

## ئۆقرە بگرە

ئۆقرە بگرە

دڵە زەمەن كەڕ و كوێرە

تاوانی تۆ و ئەوان چی بوو

هاتن بۆم ژینە هەڵدێرە

## سلێمانی

سلێمانی ڕووخساری تۆ كە هەمیشە گەش و جوانە

ئەمێستاكە هەوری ماتەم  دای پۆشیوە ئەم ئاسمانە

هەزاران خەم لە ڕووی تۆدا دەردەكەون و ئاشكران

دڵت تەنگە ڕەنگت زەردە  ڕوویان ڕەش بێ ئاسۆگران

پەشێوی تۆ ئازاری تۆ نە هۆیەکە نە سەد دانە
چوون نەت هێشتووە کوندە پوو لە باوشت بکا لانە

دەك ڕووی ڕەش بن دالّی کەرخۆر زل و مل قەوی بی حونەر
بوون بە داری قوزەڵ قورد و ڕۆژی سەد جاران دێنەبەر

نەبە فرمێکی تیمساحی نەبە دروشمی هیچ و قۆڕ
لە ئاستی شارەکەی مندا هەر مل شۆڕبن دایم مل شۆڕ

سلێمانی لە چاوم دای لە ئاسمان و هەتاومدای
لە دەرونی بەخەمم دای لەسەر ڕێگا و هەنگاومدای

ئەزیزەکەم تێر تێر بگری بۆحاڵ تەنگی نەخۆش وساغ
لە دەست دەسەلاتی کوردی واوەیلا و شیوەن وسەد داخ

ئەزیزەکەم تێر دوعاکە بۆ هاولاتی گیرفان بەتاڵ
لەدەسەلاتی چاو چۆچنۆك لە دەسەلاتی کەڕ و لاڵ

نا نا مەگری ئاسمانی خۆت بکە تەوقی گەردنی وان
واین لەسەدەی بیست و یەکدا تازە هاوار ئەکەین بۆ نان

لێتان تورەم سەد جار هێندەی ئاسمان و ئەوەی تیایەتی
زەوی وئاسمانتان هەڵ لووشی ڕوو ڕەشانی کوردایەتی

## نەت ناسیوم

نەت ناسیوم
بەخەمەکانم ئاشنانی
لەئازارەکانم دووری
ئەو شیعرانەی بۆم نوسی وی
بەخودی خۆم
جار جارێ ئەدەن سەبووری

## لێم تێناگەی

لێم تێناگەی
وشەکانم قورسن تیژن
کز و لاتن

بۆیە سوکن

بەسکە خشێ بۆ لات هاتن

## ونم مەکە

ونم مەکە

ئاسمان هەتاو ون ناکات

زەوی لەباران ناتۆرێ

چیا قەد بەفر دەرناکات

ونم مەکە

منداڵێکی لەرز بردووم

گریانێ قورگی پێ گرتووم

چیت پێ بڵێم

ماوم ، مردووم

ونم مەکە

ڕێبوارێکی ڕێگەی دوورم

کەس ناناسم

ونم بکەی لێت نابورم

ونم مەکە

پەیمانت دا پەیمان شکێن

لێرە نارۆی

گەرمانگ و خۆریش ئاوابن

ئەستێرەکانیش هەڵوەرێن

## ئازار

بەڵێ سەختە

ژیان و ژین لەنێو ئەم جەنگەڵستانە

ئەوەی کە قیمەتی نەبێ

شکۆ وشعوری ئینسانە

## کە دەمەوێت

کە دەمەوێت هۆنراوەیەك

بۆ چاوەکانت بنووسم

لێوی سووری چەن وشەی جوان

بە هەستەوە ڕابمووسم

لەوساتەدا
لەنێو ئەو هەست و نەستەدا
بە کوڵ فرمێسکی هەژارێك
دەی بەستێت خوێن لە جەستەدا
دەم و زووبانم لاڵ دەبن
وشەی شیرینی یادی تۆش لام تاڵ دەبن

کە دەمەوێت هۆنراوەیەك
گوزارشت کات لە خەندەی تۆ
بت دوێنێ لەگەڵ تابێ
هەر ڕێك ببێ بە بەندەی تۆ
لە پڕ ناڵەی ئەو کیژۆڵەی
نیوە شەو درایە بەر دەست ڕێژ
هەستی شیعری من کول دەبێ
چۆن ببێ تیژ
ئەو هۆنراوەش بەناکامی
گیان دەسپێرێ
کەشاعیر بەڵێنی دابوو
بەنامەیەك بۆت بنێرێ

شەرم دەکەم دەربڕم
ئەو هەستەی بۆ بوونت هەمە
خەڵکی خەمی نانێکی بێ
بڵێم نەبوونی تۆ خەمە
بەڵێ گیانە ئەوەمنە
لێم تۆڕەبە
نەفرەت کە لێم
ناتوانم دەستی تۆبگرم
دەستی خەمی گەل بێتە ڕێم

## ڕق

ئەی بوول بوولی سەدا زێڕین
بۆ نایزانی
قەلەڕەش و کوندە پەپوو
تورەن لە ئاوازی ڕاستی
تورەن لە ڕەنگ و بۆی جوانی

ئەوان دڵخوازی تاریکین

شەم شەمە کوێرەی شەو ڕەون

دەیانەوێ بەڕەنگی ڕەش

ژیانی مە بکەن تەون

لە بۆ سەدان خەریك هۆسەن

کەڕ ولاڵن

ئەوانە گەنە و کرێنکن

شەیدای خوێنی پاك و ئاڵن

ئەوانە ڕاوچی ڕۆشانین

ئەستێرە و هەتاو ڕاوەکەن

هەتا ڕۆژێ ئەم وڵاتە

بە دەریایی خوێناوەکەن

قین لەدڵن ، دەرون ڕەشن

بۆگەنیون

ئەوانە تیری لە عنەتن

لە جەرگی ئێمە چەقیون

لەم نیشتیمانە بترازێ

دێز و گەڕن

سەرنەوی و ملشۆڕ و لاتن

ئای بێ ئەرزش و بێ فەڕن

دەرپێکەیان هەتا ئەژنۆ

دەترازێنن

بۆ ناحەزانی ئەم خاکە

هەر شەوی سور دەسازێنن

هەتاکو دوا سنووری ڕق

تف لە خۆتان

تف لەبوون تان

لەدەسەڵاتی زووڵم وزۆر

لە حوکمەت و ئەزموونتان

## سەفەر

وا من دەڕۆم

بەڵام ئەگەر یادت کردم

خەمت خواردم

بەزەیت هات بە ڕەنگ زەردیم

بە دەستی تەزیو ساردم

ئازیز لە مانگ بڕوانە

ئەم شەو گەش و ڕوون و جوانە

ئەو چاوەی ئەی بڕێتە چاوت

بە چاوی منی بزانە

خەنینێك بكە بەڕووی دا

بیخە بەرچاوی ڕووخسارت

دەبێتە چراخان ئێرە

ڕووناك دەبێتەوە شارت

كەتۆ ونی

مانگ لە خۆیشی بێ زارە

شەوە زەنگە

ئەم زەمینە لێڵ وتارە

## ڕۆژی ئالا

ئەی ڕاونراو

هۆ هەڵهاتوی خاك و ئاوت

بۆ نیشتیمان !

بۆ و ولاتە !

پڕ فرمێسكە هەردوو چاوت!

## نیوە شەو

نیوە شەوە و

نیگایەكت تەلی ناسۆری

ژەنیوم

سەدان یادگاری و ساتی جوان

ژوورەكەیان لێ تەنیوم

ڕاوەستاون

لێم دەڕوانن

هەندێ خەنین

هەندێ گریان

لە بێدەنگی ڕام دەماڵن

وەك تەرزە و تۆفان و زریان

## شیعرێك بۆ خۆم

بیست و سێ ساڵە من هاتوومە بوون
گەلێکم دیوە ڕۆژی تاڵ و توون
مەلی مەینەتی لە سەر شانم نیشت
تا ئێستایش نەمدی ئاسمانی ڕوون
هۆ ئەو کەسانەی هۆگرتان کردین
ئەری پرسیاری بۆ هاتن بۆ چوون

بیست و سێ ساڵە میوانی ژینم
ئاشنای خەم و ئێش و برینم
من و مەینەتی ئاوێتەی یەك بووین
ئێستا لە شادی پڕ ڕق و قینم
ئازارە ئینسان پێی دەبێ گەورە
ناچاری نی یە وایە یەقینم

بیست وسێ ساڵە پێ دەگەم و هەم
لە ژین حاڵی بووم چ زۆر و چ کەم
زەمان ناهێڵێ مرۆڤ شاد بژی
ڕێگای دەخاتە سەر چیای ئەستەم
یان تەسلیم بوونە یاخود شەڕی مان
ژیان چی پێ یە بۆ بەنی ئادەم

بیست و سێ ساڵە و چەن سەعات و سات
مام ڕێبواز هاتی بە کۆڵێ ئاوات
باوەشێ خۆزگەت نایە سەر شانت
ئاخۆ ئەم دونیا هەتا کوێت ئەبات
ئەو جیهانەی کە مەراقی تۆیە
بلێی بیبینی هێند بوارت بدات

## تەنز

پێ یان وتم بۆ ڕەش بینی
نوسەری لاو
وتم ئاخر زوڵفی ڕەشە
منیش بۆیە ئەم دونیایەم
وا بەڕەشی دێتە پێش چاو
گەر حەزدەکەن

من گەش بین بم

شیعرەکانم زەرد و سووربن

وەرن بڵێن

بەوناازدارە

با لە ڕەنگی ڕەش بە دووربن

## نێهینی

هۆ ئەو خەمەی هەتا ئێستایش

نە وتومی

نە ئاشکرای

ئا لەم ژینە تاریکەدا

تۆ بۆ من ڕووناکیت

چرای

گەرچی تاڵی

ئازار و ناسۆر و دەردی

منی گلا

دەمم وشك ناخم برین

هۆ شەماڵی هەڵ نەکردوو

وەرە و بمبە

بەرە و جۆگەی گەرمی ئەوین

لە ئامێزی

ئەو دایکەی هێنامی یە بوون

هەڵم دەگری

ئازیز دەبێ لە گۆڕیش دا

لەلای من جێگەیەك بگری

## ئەگەر ئەمشەو

ئەگەر ئەم شەو

کۆتا وشە

بڵێم بە تۆ

ئەم هەوری بێ دەنگی یەی من

چەخماخەداو

بەرامبەری تۆ بێ مەگۆ

بە دڵ پێت دەڵێم خۆشمەوێی

عیشقێکی پاکی بێ درۆ

ئەمن چم لە تۆ بینی وە

بێجگە لە خەم
بێ جگە لە تاڵی و ناکامی
بۆ خۆشمەوێی
ئاخر خۆیشم نازانم بۆ

## دایکم

دایە سەت خۆزگە هەر منداڵەبووم
لەگەڵ تۆ خەریك گڕوو گاڵە بووم

کێ وەك تۆ دڵسۆز هات بە لامەوە
دەرمانێکی خست بە سەر زامەوە

کێ بە وێنەی تۆ دڵسۆزی من بوو
خەم خواری من و جەرگ ئاژن بوو

دایە ڕۆشنای ئاسمانی لێڵم
دایە بەبێ تۆ بێکەسی خێڵم

دایە سوکنای دڵی پڕ تاسەم
دایە بەبێ تۆ نایە هەناسەم

هەرکەس تۆی نەبێ هەر ئەو بێ کەسە
بەس دایك هەبێ لە دوونیا بەسە

دایك گەوهەرە ،دایك سامانە
لە دەستان ئەچێ دەستم دامانە

ڕێزی دایکتان بخەنە سەر سەر
عەیبە خەڵوەتگە بۆچی دەربەدەر

دایکێ نۆکەس بێنێتە بەرهەم
گەورەیان بکات بە فرمێسك و خەم

بۆ دەر بە دەر و بێکەس و کار بێ
منداڵی ئاوا لاشەی بە مار بێ

یەکێ بۆ دایکی کە وەفای نەبێ
با هیچ کەسی تر بە تەمای نەبێ

## بۆنی باران

باران بباریێ نم نم لە سەرخۆ

ژیان ببخشە دیسانۆ لە نۆ

دای مرکێنەوە گڕی هەناسەم

تینێ بخەرە دڵەی پڕ تاسەم

بەو بۆنە خۆشەت با تاویێ مەست بم

تاکەی گڕ گرتووی بێ قاچ و دەست بم

بۆیە بۆنی تۆم لا خۆش و جوانە

چوون ئومێد بەخشە، مژدەی ژیانە

چەن خۆشە ئینسان وەکو تۆ وابێ

هاتنی خۆشی و شادی لەدوا بێ

## مام شاکیری

هەست و بیر و خەیاڵم مانعی خۆشی ژینمە

وشیاری و بێ دەست و پێی خەنجەری سەر سینمە

هەوری دیدەم زۆری بارانت فرمێسکی دانە و بەخوڕ

سەوز نەبوو گوڵێکی جوان بۆم چاوی بێ تینمە

لە بەرزای تاویێ ڕوانیم لە ساباتی تەمەنم

هەرخەمم بینی هاوەڵ و هاودەمی دێرینمە

ئەی ڕەفیق عومری درێژ بۆ زۆری عەزابی گیانە

ڕۆژێ سوتاوی ئاگر و ڕۆژێ ڕوو لە مینمە

نا پرسی ئارەزووی من دەبێ چ بێ وەکو کوردێ

هەوای ئازادی هەڵبمژم دەست بەردەن لەم بینمە

شاکیرە ئەمڕۆ وەك قانع وێڵی سەربەستی گەلە

بۆخۆم نی یە بۆ ئێوەیە وا هاوار و شینمە

## ڕێبوار

برای شیرینم ڕێبواری ڕێی دوور
کاروان چییەکەی بەینی دوو سنور

ئەی کۆڵ بەرەکەی چوار دەور پاسدار
تاوێ گوێ بگرە بۆ منی ڕازدار

برا لە دونیا کێ شادی بینی
کێ مەینەت دەستی نەخستە بینی

کەی بوول بولێکی خۆش ئاواز و جوان
تێر حەسایەوە لەسایەی ژیان

هەر گوڵێ جوان بێ عومر کورتەبێ
ژینی پڕخەم و تاڵی و تورتە بێ

برام ئەم دونیا چی پێیە بۆمان
سەرکز و داماو هەر بژین بۆ مان

برا کەی دونیا لاگیری مەردە
تەمەن بۆ فەقیر هەرئاخ و دەردە

ڕۆژگار ڕۆشن بۆ فەقیر لێڵە
بۆ بمرە و بژی دیوانە و وێڵە

چی چاوەڕێکەین لە چەرخی بەخیل
هیوات پێی نەبێ ئامان و دەخیل

کاتێ فەقیر مرد بیکەن بەشایی
مرد و سەت مەرگی هاتە کۆتایی

## خەفەت

ئەی خەم ئەگەر تۆ بت بوایە مایە
ئایە قەت بۆ من دەبووی بەسایە

ئەی خەم ئەگەر تۆ تاجی ژیان بای
دەبوو وەك ئێستا خاوەن كیان بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ شیرینی ژین بای
دەبوو هەر بۆ من وا دەست لەبین بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ ئاوی حەیات بای
دەبوو هەر بۆ من دەرد و ئافات بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ دەرگای شادی بای
دەبوو ڕوو لە من هەر بێ دادی بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ خۆشی فرۆش بای
دەهاتییە سینەم ئەگەر درۆش بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ پارە و سامان بای
دەبوو وەك ئێستا دەست بەدامان بای

ئەی خەم ئەگەر تۆ دونیای ڕووناك بای
دەبوو لەگەڵ من تۆزقاڵێ چاك بای

## وەڵامی خەم

ڕێباز چەن سەیری چەنێ نەزانی
خەمانت نۆشی وەك ئاوی كانی

ئێستاش هەر تینوی بۆ خەمانی نۆ
ڕەبی من ڕۆبم بۆ بەد بەختی تۆ

گەرمن سایەبم چیم لە تۆ داوە
باهەر بسوتێی لەو بەر هەتاوە

ئەمن هەربەشی بەگزادە و خانم
بۆیە لەلای تۆم چوون بێمەكانم

تاجی ژیان بام پشتم لە تۆ بوو
خەڵاتی من بۆت ئازار و ڕۆبوو

خاكی سینەی تۆجێگای كی یانە
بە دەر لەو شوێنە كەنگێ ژیانە

شەکەری ژین بام بۆ تۆ تاڵەبووم

هەردەردەسەری و ناڵە ناڵە بووم

لێت دادەخرا دەرگای شادی من

هاوژینت خەم بوو لە پای دادی من

خۆشی فرۆشبام بە تۆم نەدەدا

ئەڵماس چۆن دەردرێ بە خەڵکی گەدا

خاوەن دراو بمان هاوشانی میر بووم

بەس ڕەنجەڕۆخۆم لای تۆ زوو پیر بووم

دونیای ڕووناك بام بۆتۆ تاريك بووم

ڕوو لەقرتان بووم هێندی باريك بووم

گـلـەی مـەکـە ئـێشتـا مـن بـاشـم

ڕۆژی تـۆزقـاڵێ ڕۆحـت ئـەتـاشـم

## نەبەزین

لەو دەمەی هەورازم ڕێ یە

باران و کرێوە و شێ یە

لە سەر لووتکەی بێ هیوای

هاتم و ئومێدم پێ یە

لەودەمەی کە ژیان تاڵە

دەرونم پڕ ناڵە ناڵە

لە مابەینی هیوا و نوشست

ئومێدی سەرکەلم زاڵە

لەو دەمەی ئەستەمە ئەمەل

هیوا لێی کەوتووە چوارپەل

ئەمن گزنگی بەیانم

هەڵدێم و دەچمە سەرکەل

لەو دەمەی دەمی خەزانە

گەردوون خەریکی فەوتانە

خونچەیەکم دە پشکوم و

دروشمی سەرزارم مانە

لەوەدەمەی خەم هێرش دێنێ

قەلای هیوا دەرووخێنێ

ئومێدی من سەربازێکە

شەڕ دەکا خۆی ناچەمێنێ

لەوەدەمەی کە زار لالەبێ

ئاوی حەیاتیش تالە بێ

هەلۆیەکی بەرزەم فڕم

هیواو ئومێدم بالە بێ

## نۆکەری بێگانە

لە پێشوازی جەنابی میر بەڕیز وەستان بەماچ و موچ

بەلاف لێدان مەکەن باوەڕ کە هەر پوچ بون بەدایم پوچ

## بۆ خۆشەویست

وەرن شوێنی سەروەرکەوین ئەی ئەحبابانی مُحَمّدْ

ئێمە گۆڕاین کوا وەك ئەوین ئەی ئەحبابانی مُحَمّدْ

دونیای شڕ و ئاخیری شەڕ خەجالەت و مال وێران خۆین

شەرمە ئاوا شوێنی کەوین ئەی ئەحبابانی مُحَمّد

## سەربەرزی

چەن خۆشە بژی تۆیش وەك ئینسانێ

لێقەوماو نەبی بۆ پاروە نانێ

نەدەی لە دەرگای نا پیاوی نا مەرد

ژین نەگوزەرێنی بە ئازار و دەرد

بۆخۆت ئازادبی لەو چەنەی زەمەن

ئەو جاکە زۆر بێ یان کەم بێ تەمەن

بێمەنەت بژی بێ پرتە و بۆڵە

دونیا ناکێشی خۆتۆ بەو کۆڵە

بە نانی شێوێ بە سەرێکی بەرز

بۆهیچ نامەردی مل نەخەیتە ئەرز

ئەوجا مەلیکیش خۆزگەی بە تۆیە

تۆشادومان بی چش نانت جۆیە

خەیاڵ بلاوبی ژینت بەزایە

بەهەشت لە دونیا نایەتە کایە

ئەوچەنەی تەمەن بۆخۆت ڕابوێرە

سەختی ڕۆژگاریش بە خوا بسپێرە

بەشی من و تۆ ئەمەیە کاکە

کەمێ خۆش بژین بۆ هەردوو چاکە

بەخۆزگە و بریا زیاد ناکا بۆمان

ئەمەیشمان ئەڕوا قوربەسەرخۆمان

## تەمەن

تـەمـەن ڕۆیشــت بەناکامی نە خۆشی یەك نە شـادییە

چ لـەو بەختـە سـەر شێتەکەم هەر ئارەزووی بـێدادییە

ڕەشـەبـا بـــوو گەڵای ویـستـی هـەڵـوەرانـم دانــە دانــە

هەیکەلی بۆ بەجێ هێشتوم سەت شکور هێشتا هادییە

## هاوڕێکەم

ئەی خەفەت یاخوا بەخێربێی ئەی هاوەڵە کۆنەکەم

تـازە هـیچ تـرست نەبـێ   حەیـاتی بێ تۆ چـۆنەکەم

هەر ئەتۆی هاوڕێ نەهات و ڕۆژگاری سەخت وناخۆش

حـەیفە منیش بێ وەفابم خزمەت کاری تۆنەکەم

هەزار ئینسانی بێ وەفــــا قوربــانــی ساتێکت بێ
لەبـــۆ هیجـری ناکاوی تۆ نابێ شین و ڕۆنـەکەم

چەرخی فەلاك هاتوو ڕۆی هەزار نامەردی دەرخست
کەمن دۆستی وەك تۆم هەبێ جا شانازی بۆنەکەم

دەبا کاسەی مەینەتیمان دابباریێ دانە دانە
دەبا کانگای دڵەکانمان بۆیەکتری ببنە لانە

دەبا لە باوەشی یەکتر بەرگەی سەختای ژین بگرین
ژیان خۆش جا ئەگەر بژین یا هەردوو بەیەکۆ بمرین

## خۆشەویستی

دەبا هەنسکە ساردە کان بە ڕۆژگار سەخت داخ کەین
دەبا فرمێسك و ژانەکان لە شادومانی دا زاخ کەین

دەبا هەوری بێ هیوای ڕێژنەی ئومێد ببارێنێ
دەبا ڕووناکی سەر ئاسۆ هەوری مەینەت بتارێنێ

دەبا ڕێگای بەستەڵەکمان بەتین گەرمی بتاوێنین
دەبا لەگەڵ یەکتری بین تێر یەکتری بلاوێنین

دەبا چەپکە گوڵی تەمەن لەیەقەی شادومانی دەین
دەبا هاودەمی ئازیز بین بۆئەبەد شان لەشانی دەین

## ئیسانین

برا ئینسانین بە ئینسان ناکەین
لە ئینسان بوونمان وەرن حاشاکەین

ئێمە کەهاو خوی ئاژەڵی کێوین
حەقمان جەنگەڵە چی بکەین بێخێوین

برا کوا ڕەوشت برا کوا شەرم
برا کوا وشەی ناسك ونەرم

برا کوا گوفتی شیرین وبەتام
ئێمە هەر ئازاین خوێ بکەینە زام

برا کوا دەستی هاوکاری و هیمەت
کێ بۆ جنسی خۆی دادەنێ قیمەت

کوانێ ئەو دەستەی لای بێدەستان بێ
بۆ پیاوی کەوتوو مایەی هەستان بێ

برا کوا هەست و ویژدانی ئێمە
ئەوین هەڵگرین بۆڕۆژی خێمە

## شەو

شەوە و بەقەت تاریکی شەو دڵم تەنگە و پەرێشانم
شەکەتم ماندووم هیلاکم هەڵناگیرێ قورسە گیانم

ڕۆحی پڕدەرد و ناسۆرم ئاوازی بێکەسی ئەچڕێ
عەزیزەکەم تۆی لێنەمای هەتا شان بدەی لە شانم

ئەم هەمموو داخ و پەژارە گەلێ زۆرە بۆسینەی من
لەم دەریایە بێکەشتیم و لەغەرق بوون و خنکانم

من سەربازێکی بێچەك و لەشکری دووژمنیش هەزار
نەوەك تیغێ هەزاران تیغ چەقین لە سەر و دامانم

ئەشهەدوو لەعەزەل فامیم کە هاتمە دونیا گریام
لەغەیری هەناسە سواری چ بوو سەروەت و سامانم

شاکیرە شەوگاری پڕخەم بێدەنگی بێدەنگی باشە
دەریای مەینەت بشڵەقینی خەو دەتۆرێ لە چاوانم

## مردن

وادەی ئەجەل هاکا گەیشت مردنی بەسامی هێنا
پۆشاکی ڕەونەقی برد و دوو مەتر لە خامی هێنا

ئەی ڕەفیقان بۆ گۆڕی تار شەوقێ چرایە پێویستە
ماڵ وێران بێ بەوێنەی من ئەو کەسەی ناکامی هێنا

کاروان چی یەك یەك تێپەڕین هاکا گەیشت بەمن وتۆیش
خۆ بپێچە سەفەر سەختە پیر و نەونەمامی هێنا

## ساڵی تازە

هاوڕێ کوا بەینی ئەم ساڵ و ئەوساڵ
هەرچی دەگۆڕێ هەر تاڵە و هەر تاڵ

هەرچەندی بڕوا و چەندی بێتەوە
هەریەك شتێکە بۆ پیاوی بێ باڵ

## ژانە سەر

سەرم ژانەکا ئازاری گیانە
هەناوم قۆری و سەریشم بانە

کولا بێ خاوەن بوو بە ژەهری مار
چاك ئاگری دا تالاوی ڕۆژگار

ئەمەندەی نالان لە سەر ئاگردان
گەرموو بوو کولا هەڵچو هاتە بان

ڕەشی قەتران و تاڵ و توورت بوو
کڕیاری نەبوو عومری کورت بوو

لەسەرخاك و خۆڵ ڕۆ کرایە خوار
دونیای پڕ مەینەت پێی نەدا بوار

گلەی مەکەن لەتاڵی چایی
بۆچی تاڵە بێ هەر لە خۆڕایی

هەرگیز ئینسانێ تاڵ نابێ لەخۆ
ئەگەر هۆشیاربی هیچ نا پرسی بۆ

## ڕێبواری تۆم

پیرم و بە پیری تۆوە ئــەوا هاتم ئەی چـــاوەکەم
هەرچیم هەیە فیدای تۆبێ سەر و ماڵم تا ناوەکەم

ڕێبواری ڕێگای عیشقی تۆم ماندوم شەکەتم هیلاکم
خەریك هەڵبەز و دابەزم هـــەربەماسی بێ ئاوەکەم

## شەوگار

شـەوگار بۆمنـی نـامـوراد شـەماڵە بـۆ ئاگـردانـێ
هـەڵدەقرچێ دەرونـی من دەسوتێ وەکو بوریـانـێ

جـۆشـی دەدا سـەمـاوەری پـڕ لـە تـاڵ و تـفتی ژیان
هەوری سینەم لەنگەر دەگرێ و هەڵ دەڕێژێ لە بـارانێ

عەجایب لەدەشـتی ڕوخسار نـەبـووە بە وێرانە و ماوە
هەموو شەوێ لافاو دەیباو لێی هەڵ دەکا چ تۆفانێ

## هۆنراوەیەك بۆ پێشەوا

پێشەوا گیان تـاقانەبووی
دەرمانی ئەم زامانە بووی
میللەت دۆست و خۆنەویست بووی
ڕوونـاکی ئەم چاوانە بووی
لە نـاو ئەم گەلە بێکەسا
خەڵاتی ئەو ئاسمانە بووی
خۆزگە ئەمڕۆ ئەتۆش دەمای
ئاخۆ تۆ لە کامەنە بووی
وەك جاران گەل پەروەر ئەبووی
یان خەریکی سامانە بووی
ئەمن دڵنیام تۆ دەناسم
باوەشی بێدارانە بووی
تۆمەزنی نەدەگۆڕای
پێشەواکەی جارانە بووی

## کوردم

کوردم هەژارم بەختم سیایە
خۆشی زەمانە لە ژینم جیایە

کوردم ناوچاوم سیازدەی تەواوە
بە دەزوی مەینەت بەرگم دوراوە

کوردم ڕەنگ زەردی دەستی ئەمیرم
ئەمە چەن قەرنە کۆت و زنجیرم

کوردم خاکەکەم ئاڵتوون و زیوە
هێشتا سواڵەکەم هیچم نەدیوە

کوردم بەش مەینەت بێ ماڵ و حاڵم
دووژمنم زۆرە و خۆم تەنیا باڵم

کوردم زیندوو کوژ عاشقی مردووم
دۆستی ئەو کەسەم خاکەکەی بردوم

کوردم بێگانەم لە زێدی باوام
لە عەزەڵ چۆن بووم ئێستایش هەر ئاوام

کوردم ئارەزووم ڕەخس و سەمایە
چش با نۆکەربم هەتا هەتایە

کوردم بێ چەنسم بەختی من ڕەشە
هەر دەر بەدەری و ناسۆریم بەشە

کوردم زۆربڵێ کردارم کەمە
بۆیە تەمەنم پڕ دەرد و خەمە

کوردم سەردارم خاکی ئەفرۆشێ
ڕۆحی میللەتێ دادەکرۆشێ

کوردم خۆش باوەڕ لێم خورە وەك مێ
سەر نا لەقێنم جوان ئەی گرم ڕێ

## ئازادی

ئازادی هیوای گەلانی جیهان
بەبێ بوونی تۆ چی هەیە ئینسان

ئازادی کیژی ڕوو گەشی جوان
چی دەبێ جارێ بۆم ببێتە ژوان

ئازادی هیوای گەلی چەوساوە
بەبێ بوونی تۆ ژیان چی ناوە

ئیتر نە ناڵم بەتاسەی تۆ وە
ژین بە ڕێنەکەم بەشین و ڕۆوە

ئازادی خونچەی نە پشکوتی ون
ئازادی بەرگی جەستەی ڕووتی من

لە شەقەی باڵدەین بۆ لوتکەی ئەمەل
دەست لەمل یەك بین تا وادەی ئەجەل

ئازادی تیکەی دەمی برسی من
بۆ تۆیە هەموو لەرز و ترسی من

ویردی سەر زارمان با ئازادی بێ
ئیتر نەجاتمان لە بێدادی بێ

ئازادی ڕوگەی دڵەی پرتاسەم
کەی بێ دابکەی پڕ بکەی کاسەم

بە سینگی خۆمۆ ئەتۆ تون دەکەم
شاخی مەینەتی سەر و بن دەکەم

ئازادی ڕاخەر جێگای خەوی من
ئازادی ڕۆحی جەستەی کەوی من

ئەمن تۆم هەبێ ئیتر کافی یە
چی دیکەم بوێ بێ ئینصافی یە

## من و بەناو شێتێک

ئەی برای ڕەنگ زەرد وەك من شێت مەشهوور

لە ڕەحمی زەمین کەوتین دورا و دوور

بۆ وات بەسەر هات لە چەرخی گەردوون

بۆ وا کەوتووی زەلیل و زەبوون

تۆکەی شایەنی بەرد و جنێ وی

خۆ هەر هیچ نەبێ تۆیش مرۆڤ نێوی

بۆ هەڵە لەرزی بێ نوێن و نانی

باشە کوا ویژدان خۆتۆیش ئینسانی

## وەڵامی هاودەردەکەم

خەم بۆ من مەخۆ زوو خەمی خۆت بێ

خەمی دەرونی پڕ داخ و سۆت بێ

ژینی من ڕۆی بە دەرد و ئازار

تۆ لە خەم دووربی کاکی خوێندەوار

نەك جارێ سەت جار تۆ بەو حاشابێ

هەتاکو ڕۆحم لە نێو لاشا بێ

وەك ئێوە ناژیم وێنای ئاژەڵ بم

قەینا با گول و پیس و پاتەڵ بم

با هەر برسی بم بێلانە و جێ بم

شێت و دێوانەی شار و لادێ بم

ئەمن چ هیوام هەبێ بە ئێوە

حەیفە مرۆڤن مرۆڤتان نێوە

بۆ شەق هەڵ ئەدەن لە منی کلۆڵ

لە منی دێوانەی کەژ و چیا و چۆڵ

ئەکەونە شوێنم بە شێتە شێتە
تۆ بۆ خۆت شێت نی ئەی لەگەڵ کێتە

فەلەك بە کزی هێنامتە کایە
هەر گلەی بێ هەتا هەتایە

## بۆ خۆشەویست

یا موحەمەد( ص ع )بینای چاو ئەی سەرداری مورسەلین
ئەی شافیعی ڕۆژی مەحشەر ڕەحمەتەن لیلعالەمین

ڕۆژی جەزا هەرکەس بۆ خۆی بەلاّم ئەتۆی بە قوربان
خەم خۆری دوای ئومەتێکی لە ئاخیر تا ئەوەلین

## ئەی دڵ

ئەی دڵەی بێ عارکوانێ سوکنایی
لە دونیای تاریك هەیە ڕۆشنایی

ئەی دڵەی خۆش بین پڕ ئاهو بریا
بێ هیوا نەبووی لە وەی پێت کریا

ئەی دڵەی بێناز جارێ لە جاران
شادومانیت دی وەك باقی یاران

ئەی دڵەی ناسك پڕ لە داخ و ڕۆ
غەیری مەینەتی هیچم دا بەتۆ

ئەی دڵەی شەیدای جارێ پێکەنین
خەم بەچی حەقێ پێی گرتووی بین

ئەی دڵ تۆگەنجی جارێ پیر مەبە
لەگەڵ مەینەتی گۆشەگیر مەبە

ئەی دڵ چی بکەم لە چەرخی زەمەن
شادیت نەبینی جارێ لەتەمەن

دەبێ هەڵبکەین جاچی یە چارمان
هەردووك شان بدەین لەكۆڵ و بارمان

## ئازیز

ئازیز نیوەی من بۆ ون بوی نەمای
شادی بەبێ من، هەیە بە تەمای

لای من بەبێ تۆ دونیا وێرانە
گەر من بمردبام تۆ زیندو دەمای

## ئەجەل

هەر كەسێ فكری ئەجەل كا ڕوو قایم نابێ ئەمەندە
نەفس فامی چ كارەیە موتەوازع بێ پەسەندە

ئەسەف لاف و گەزافی زۆر لە بیری كردین ئێمە چین
كە تۆ نۆشیت تاڵی ژیان تێدەگەی ژەهرەیا قەندە

بێ حورمەتی چەرخی زەمان پێكەنینی بە ڕووی زۆرا
ئەم ڕۆژگارەی هێنا كایە زانا بە نۆكەری گەندە

ئەگەر من هیچێ نەزانم ئەوە فێربووم هەتا ئەمرم
ئینسانی هۆشیار و زانا قەت نابێ بە كویلە و بەندە

دەبا بڵێن بیڵێنەوە ئێمە سەرمان نەوی ناكەین
سەری نەوی و تیكەی چەور كەی كاری ئینسانی ڕەندە

ئەی ڕەفیقان چەندە خۆشە بە سەر بەرزی ژین و مردن
شكۆی ئینسان كاڵانی یە هەتا بڵێی نرخی چەندە

## خۆشەویستی

دەبا تۆوی خۆشەویستی بنێژین لە كیڵگەی ژینا
هەتاكەی دەس لەملان بین لەگەڵ ڕق و بوغز و قینا

خۆشەویستی وەك هەناسە بۆ ئەم ژینە پێویستی یە
بێ خۆشەویستی چۆن بڕۆین بەناو دونیای پڕ لە مینا

هاو دەرود و هاو خەمێ نەبێ بۆ ئینسانی دەرون شەقار
چۆن ئەم ژینە بەڕێ دەکرێ بە هەنگا وای لەکەمینا

هەر کەس کەسێکی خۆش بوێ دڵی نایە ئازاریدا
هەر بەبۆنەی ئەوە خۆشە چی خۆشی وا لە زەمینا

من دەزانم گەلێ کەمن ئەهلی دڵ و خاوەن وەفا
چ لەم دڵە زۆردارەکەم چۆن جڵەوی بووە ستێنم

ئەی دڵە هیچ حاڵی مەبە خۆش بەحاڵی ناحاڵیان
منیش هەر بەبێ ئاگای ئەزانم سەر ئەلەقێنم

## شەرت

شەرتە وەك بوول بولی شەیدا هەر بەیادی تۆ بخوێنم
لە خەیاڵ و بیرم نەچی چەندی بژیم و بمێنم

شەرتە ئاهو فریادی من بێت و بچێ هەتا مردن
فەرهادێکی سەدەی نوێ بم کێوی مەینەت بڕوخێنم

شەرتە هێلانەی دڵی خۆم لە غەیری تۆ وێرانەکەم
لە پاشی تۆ ڕازی دڵم لای هیچ کەسێ نە درکێنم

ئەی نیگارا با بمێنێ بەڵێنی ئەوین داری من
کە مۆرکرا بەهەناسە و ناڵین و جەرگی پڕ خوێنم

## گێژاو

دەســـتە دەستە تــاقمــی خـــەم ڕادەخرێن لەبەر پێما
ئـاوازی خـەم و تـــــەنیـــای دەچــرپێـنن بەبـن گوێـما

مــن کۆترێکــی لانــەواز بــاڵشکـــاوی بێــنشــتیمان
هەر کەس بەشی خۆی خۆشی برد خەمە وا بۆمن بەجێما

داخ لـــەدڵەی ئــەو تەمەنەم هەناسەی شادیم نەکێشا
ڕۆژگار بوو بە شاخی ئەستەم هات و وەستا لەسەر ڕێما

ڕەفیــــق وەرە پێت پیشاندەم دەفتەری پڕیادگاری من
ئازار و مەینـــــەت دەبیـــنی لـەناخی دڵی توێ تــوێما

خۆشەویستی و خۆنەویستی منی بەم ڕۆژگارە گەیاند
بێویژدانە گڕی داوم تازە ئەڕوانی بەکوێما

بەڵێ وایە چارەنووسی هەرکەسێ بەم چەشنە بژی
ئەم ڕاستی یە ڕوون دەبینی لەهۆنراوەی کۆن ونوێما

## دەردی دوو ژنە

برایی دووژنە حاڵت ویرانە
ماڵ لە بەرچاوت ئەڵێی زیندانە

گەر لۆمەت نەکەن خەڵکانی عەوام
سەرت هەڵ دەگری بۆ ئێران و شام

بەس بێ فادەیە دەردی بێ دەوات
مەگەر گیان کێشێ ببێتە نەوات

چاڵێکت هەڵ کەند بۆ عمری جوانت
دوو قەسابیشت بەردایە گیانت

بەرێدا دەڕۆیی بێهۆش و بێ گیان
پارویی دەمیشت لێبووە بە ژان

باشە پێم بڵێ چیت دابوو لەمە
ژنێ باشت بوو پێت وابوو کەمە

هیچێ ناوترێ کارترازاوە
ژینت بەرێکە بە واوەیلاوە

## وەڵامێک بۆ من

برایی شاعیرم گوێم بۆ ڕادێرە
خەڵکی دەیان ووت پڕاوپڕ خێرە

منی نەزانیش عەودالی خێربووم
خاوەن سامان بووم بە وێنەی شێربووم

ئێستاوەك ڕێویی گەڕیووم لە کونا
کڕیاریی مەرگم لە داخی ژنا

ڕۆژ و شــەوگــارم دابــەشــکــراوە
پــەتی سێدارەم بــۆهــەڵ خراوە

گـێڕەکەت بۆشەو سووکانت لارە
دەبـێ ڕایی کـێشی چارت ناچارە

بـەتـەمەن گەنجم ڕەنگم سەت ساڵە
دەڵێن حاڵداری ئاگایی لەحاڵە

سـامت نـەماوە ڕێوی تەواوی
حەبلـی سەیارەی کوت وبچڕاوی

## دیسان من

بـرایی دووژنـە دەرون پـڕ لـە دەرد
حەقتە هەڵ کێشی لە هەناسەی سەرد

لەماڵ دەرناچی بێ مۆڵەت شەوێ
ئەم لاولانی یە گەر کۆست کەوێ

خـێر دوو ژنـە فـێری درۆ بـووی
لەبین هەردووکیان ڕوخای نوغرۆبووی

عەسەبییەکەی زووت هەڵ کەنرا لەبن
دەبێ هەڵ لەرزی تێر لە ترسی ژن

لـەمـاساوکـردن خـاوەن شـەهـادەیی
زۆرت خـوێندووە یـەکەم بەرنادەیی

نقـەت لێنـایـە نــوزەت بـڕاوە
سـووچی پلاکت هەرزوو کوژیـاوە

دەردی دووژنــە وا دایــڕزانــی
لـەژیانـی خـۆت زۆر پـەشیـمانی

زۆربـەی دووژنــە حـاڵی ئاوایـە
ئـاواتی مـەرگە بەس حـەیف نایە

هـەیشە هەر دەڵێ خۆشە ژیـانـم
گۆڕستانی خەون و خولیای

دەرونم شادە و بێ دەردی گیانم
هەرچی بوونەوەری پاکە

کـەچاو دەخشێـنم بەنـاو ژیـانـیـا
چیمان نێژا بە خوێنی گەش

هـەر ئـاخ و دەردە هـالـەنـاو گیانیا
چەندین خۆزگە و بریاو هیوا

مـن بەیـانـم کرد دەردی دووژنــە
ئەوەی شین بوو لەبەختی مە

کـێ دەردە داربـێ هـاوفکری منە
خوێن خورێکی دۆ نەدیوە

## ڕاستی کوانێ

ڕاستی کوانێ
لە مێژەوە ئەو هەر ونە

خۆری وڵات دا پۆشرا
بەم پەڵە هەورە چڵکنە

ئەمە چی نیشتیمانێکە
بەسەر هاتێکی سامناکە

ئەو پرسیـارەی کەلێی نـاگەم
سەختە وەڵامەکەی سەختە
ئەمە بەری ڕەنجی منە
یـان ئەویش نـاو چاو بەختە

## کارەسات

ڕەفیق وەرە تەماشاکە دەفتەری ژینی هەژارێ
هەوری مەینەتی دەبینی لە هەر بنمیچ و دیوارێ

هەر ئینسانێ دێتەکایە بەدەم شین و گریانەوە
ڕۆژگار هەندێ ژێر دەکاتۆ هەندێ پێی نادا بوارێ

هەل هەلەی شادی دەکێشن ڕوو بەخەندە چاوڕێن
هەزار ناز و نیعمەتی زۆر پێی دەگەن کە دێتە خوارێ

دایەی برسی بە نیوە هێز لە ژوورێکی سارد و سڕدا
منداڵێکی هێنا کایە ،لەبۆ مینەتی ڕۆژگارێ

هەناسەی ساردی زۆر کێشا بۆ خوانێ خۆش بۆجلکێ جوان
دەسەڵاتی باوان چی یە کەنەیان بێ ئیختیدارێ

بەسەد دەردە سەری ژیان پێگەی بوو بە نەمامێ
ڕەشەبای تونی زەمانە هەمدیسان بوو بە ئازارێ

نە ژیا وەك باقی یاران نەگەیشت بە شادومانی
لە کاروانی درێژی خەم ئەمیش هات بوو بە ڕێبوارێ

## پەرتووك

پەرتووك بەرز بە سەد هێندەی کە هەی
هەر لەسایەی تۆ گەل دەکا ئۆ خەی

میللەتانی تر لە سایەی تۆ دا
چەقیبوون دەرچوون لە شین و ڕۆدا

بوون بە ئەستێرەی علیم و زەوق و فەن
لە سایەی تۆ وە بوون بە وەی کە هەن

ئێمەیش موحتاجین بە لووتفی ئێوە
ئەو شاخە ببڕین ئەستەمی نێوە

بە ئاوات بگەین وەك باقی گەلان
خۆری بەختی مەش دەرچێ لە کەلان

لەشەڕ و کوشتن چیمان کەوتە دەس
پەرتووك تۆ وەرە ببە فریاد ڕەس

ببە کەشتی نوح لە دەریای ژیان
بۆ قەومی کوردی بێکەس و کییان

ئێمەش هەڵزنیین بەرز بینەوە
هەتاکەی هەروا دەست بەبینەوە

شەرتە خوا کردی گەشتینە مەنزڵ
خۆزگە و موردای بۆ کردین حاسڵ

لەهەر بنمیچ و کوچ و دیواری
پەیکەری تۆ بێ لە هەموو شاری

هەر کەس بەلاتا سەفەرکا و بڕوا
سەری نەوی کا بە هەموو بڕوا

لەبیرت نەکەین تا ڕۆژی مەحشەر
گەر ئەم کارەمان بۆبکەی مەیسەر

## ئاوات

تۆ بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کۆشکی ئومێد میوان بین
یا دەبێ تەمەنێکی نوح هەڵ توتیین و چاوەڕوان بین

## عیشق

مەی شێوێنە ڕۆژگاری من وەك زوڵفی شێواوتە
دەست بەدامان موخلیسی تۆم ڕوحم لە پێناوتە

کە ڕەنگی زەردم دەبینی دەسا لوتفو وەفایەك
پارەی کردم تیغی عیشوەت هێشتا دەڵێی ماوتە

بە چاوانت کەم بڕوانا هەناسەت لێبڕیوم
عەجیب و سەیرە نازانم چۆن ئاوا پێکاوتە

خاك بەسەرخۆم گڕی عیشقت دەبینی سوتانمی
دەربازم نابێ لەو ئەبرۆی وەکو تیغ کێشاوتە

دڵداری جوانە عەزیزم بێوەفای یانی چی
ئەی نیگارا بێ مرووەتی لە نێو تیلەی چاوتە

دەسا وەرە باقی تەمەن بانەچێ وەك ئەووەی چوو
شەرتە نازت بکێشم هێند ئەو خەمەی کێشاوتە

ئەو ڕۆژەی وڵات ئازاد بوو وەکو تەیرێکی ئەسیر
بەرە و لوتکەی ئازادین ژین هەڵفڕین و باڵ گرین

ڕێبازە هەر بەخەیاڵی ئەو ڕۆژگارەیە ماوە
دەبێ هەوڵ و خاباتی بێ تا هەناسەی ئاخرین

## خاکی وەتەن

خاکی وەتەن هەتاکو کەی شیوەن و ناڵە و گرین
هەر ڕۆژ لەبەر کارە ساتێ سەری خۆ لە قوڕگرین

بست بە بستی خاکی وەتەن تەماشاکەی عەزیزم
شوێنی دەرزی یەك نابینی کە نەیبێ زام و برین

هەر دەبێ خۆری ئازادی هەڵ بێ لە خاکی وڵات
وەرن ئاڵای ستەم و زۆر لە نیشتیمان داگرین

بەرە و ئامانج و هیوایە سەربەخۆی نیشتیمان
دەستە جەمعی دەگوزەرێنین ڕۆژگاری تاڵ و شرین

## مێسی

ئەی شازادەکەی تۆپی پێ
کە مێژوو لە سەر تۆ دەدوێ
لاڵە زووبانی گۆ ناکا
داستان و مێژووی سەروەریت
سیحر و جاد و بیرەووەریت
دەبێ بە ئەفسانەی مێژوو
شایەتی مەزنیت دەدەن
ئەوانەی ئێستا هی پێ شوو

## خەیاڵی خاو

دوێشەو بەدەم خەیاڵەوە

لە کانگای ژینی تاڵەوە

هەر کە خەوتم چوومە گوڵزار

شاکاری دەستی کردگار

ئەوەی لەنێو خەیاڵم بوو

سەبووری ژینی تاڵم بوو

ئاوی فێنکی سینەم بوو

خۆزگە و بریای ئەم ژینەم بوو

لەوێ بینم بەچاوی سەر

ئاوات و خۆزگەی ژینی من

سەوز دەبوو دەهاتە دەر

هێندەم زانی پەری خەیاڵ

## شۆخێکی گەنجی چاردە ساڵ

وردە وردە کەمەن کێش بوو

تیشکی هەتاوی لە پێش بوو

قەشەنگ و جوان و خوێن شیرین

هەر ئەو بوو مەڵهەمی برین

لەسەر خۆ هاتە لامەوە

زەوقی ون بووی پێدامەوە

هات و چرپاندی بە گوێما

تەلیسمێکی ئاڵان پێما

نەهۆشم ما نە ئەندێشە

نە ئەوەی ئازار و ئێشە

لە ژێر رووناکی رووخساری

بە زووبانی شەکر باری

فەرمووی گیانە چلۆن هاتی
بۆ ڕەنگ زەرد و کز و ماتی
کەڕازیبوو سەری لەقان
دەرونمی ڕاچەڵەکان

ئەوەی دیارە لەڕەنگدا
لەشێوەی شەوە زەنگدا
خۆشە گەر بەخەیاڵیش بێ
شیرین دوای چەندی تاڵیش بێ

نەم بینیوە لە ژینم دا
ئازارێکە لە بینمدا
هێندەم زانی لە دوورەوە
لە دۆڵێکی بێ نورەوە

وتم ئەی شۆخی دیدە مەس
ئازار و مەینەتیم هێند هەس
چوار جەلادی ڕەشی دێزە
چی ناشرینی و جێی قێزە

باس ناکرێ لەسەرپێ یە
دوور و درێژوو بێ جێ یە
کێشرابوو بە ڕوویانا
بە ڕێگەی هات و چوویانا

بۆ نابی بە هاودەمی من
هەتاکو کەم بێ خەمی من
توند قیژاندی بەسەر منا
ئەو پیسەی دێزی چڵکنە

تۆچیت وچ کارەی لێرە

کوانێ پێناسەکەت بێرە

دامە دەستی پێیدا ڕوانی

تەواو سەیری کرد بەجوانی

وتی چەن عەجیب و سەیرە

چۆنە کورد هاتۆتە ئێرە

خێرا هەر چوار پەلی تون کەن

پشتیش بە شەقێ کون کەن

چەن چاو قایم وبێ گوێ یە

لەبەهەشتی خەیاڵدایە

کەچی هەویەی کوردی پێ یە

رەفیق بی ژەنە ئاوازێکی نوێ

لە دڵی گەش کەس بۆ خۆی بگرێ جێ

خورپە خورپی دڵ دا بنێ وەك تۆن

ئەبەد ئەمێنێ هەر گیز نابێ کۆن

عاشقێ شەیدا بە دڵی گەرم

بیخوێنێ نەی بێ هیچ ترس و شەرم

ئازیز بەسێتی دووری دووری تۆ

دەك ماڵ وێران خۆم دیسانۆ لە نۆ

ئازیز غەریبی شاری دڵی تۆم

سوکنایم نایە بۆ هەرکوێ ئەڕۆم

نێوانی کردین ڕۆژگاری غەدار

تاکەی بناڵین بە خەم و ئازار

## سنتوورژەن

ڕەفیق بیژەنە ئاوازێ تازە

سوکنای بدا بەم دڵە بێ نازە

یان شاد بینەوە یا  پێ کۆ بمرین
هەتاکەی بەرگەی ئەم زوولمە بگرین

بۆ ئایندەیەکی گەش وئاسۆیەکی ڕوونی ژیان
بەرخودانی ئێمەی گەنج و هۆشیار بوونی فەردی دەوێ

## ڕۆژگار

دەوری ڕۆژگار وا گۆڕاوە ئینسانی وەك بەردی دەوێ
ڕۆژی بەد کار وبەد خووە پیاوی دانا هەردی دەوێ

هەرچیت هەیە بیفرۆشە لە پێ ناوی تیکەی چەور
ڕاستگۆی و حەق بێژی ئەمڕۆ قوزەڵقورد و دەردی دەوێ

ڕەشەی بای ئارەزوو بردی چی ڕێبواری ڕێگەی حەق بوو
تێکۆشان دژی زۆر داری مرۆڤ گەلی مەردی دەوێ

بۆ ئەوەی ئایندەی ئێمە ڕەش نەبێ وەکو ڕابردوو
ئەی لاوی کورد مەودای عومرت کێلانێك و وەردی دەوێ

لەچاوەڕێی ڕەحمی خودا دەستە و ئەژنۆ دابنیشین
هەرچی ئاواتێ هەمانە  چاڵێکی ژێر ئەردی دەوێ

## ڕووح

من دەزانم لە هەر کوێ بی
شار نشین بی یان لەدێ بی
دڵم پەیوەستە بە تۆوە
ئەبێ تۆ دڵ بەستی کێ بی

هێزی ئەژنۆم چوو نەما تینی چاو
تاسەی دووری تۆم کەوتۆتە هەناو
پیری ئاخر شەڕ دەبا هەر من بم
تازە دڵ خۆشم بە خەیاڵی خاو

چما عومری من چەندی حیساوە
چەنی مەینەت و دەرد و زوخاوە
ئەوەی ئەمێنێ بۆ کەیف و خۆشی
خەندەیە تۆیە بەدەم نیگاوە

عیشقی دڵی من لەعالم جیایە

شەهوەت پەرست نیم هەتا هەتایە

ئەو گڕەی ناخم کەتۆ ئەی بینی

زەردە خەنەیەك هێنایە کایە

بۆیە ئەوینم لا بەرز و جوانە

چونکە هەوێنی ژینی ئینسانە

گەر دەری بێنی ئەوین لەم ژینە

ئەوەی دەمێنێ هەر دەرد وژانە

رەفیق ئەشەدو بێ تەرەف گیری

گەنجی ئاوا بێ قوڕ بەسەر پیری

رەفیق ئەی باشە تەمەن چەنێکە

ڕۆژ بەرێکردن کوا چی فەنێکە

کە تۆ نەزانی ژینت بۆچی یە

لەم ژینە زیادی حەقت کەنێکە

رەفیق تۆ بیڵێ ژین چی مانایە

بۆ خواردن و خەو هاتینە کایە

## ماندووم

ماندووم هیلاکم بۆم ڕاخە گۆڕێ

ئەمیش هەر گۆڕە خۆچی ئەگۆڕێ

ئاشی زەمانە ئەوەندەی گێڕام

بۆ نانێ نابم هێشتا هەر بێڕام

چما فەرقی مەو ئاژەڵێ چی یە

ئێمە چە پەڵ و ئەو بێ خەتایە

رەفیق من تۆرەم هیچ نەبێ سوودم

مانایە نەدا بوون و و جوودم

لە سایەی منا کەس نەڵێ ئۆخەی
ئەوکات بێ مایە و ماڵی فەرودم

ڕەفیق ئەزانم تۆیش وەك من پەستی
ئازای ئەنامت ڕەشماری گەستی

پێم نالێی ئاخر هەتاکو کەنگێ
بەخوێن ئاو بدەین داری سەربەستی

ڕەفیق من ئەمرم خەفەت ئەم کوژێ
ئینسانی نەگ بەت باشە کەم بژێ

## ڕەفیق

ڕەفیق ئەزانی بۆمن ڕەش بینم
مەینەت ئەی کێشێ ستونی ژینم

ڕەفیق درۆت کرد بە دروشمی پوچ
وێنەی دونیات کرد بۆ بە لنگەوقوچ

ڕەفیق تۆ وتت دونیا جوانی یە
سەرچاوەی ژیان کامەرانی یە

تابلۆی گوفتی تۆ هەمووی جوانی بوو
هەر گۆڤەندێکی پڕ گۆرانی بوو

پایز و بەهار هەمووی خۆشی بوو
هەر کەسە و دۆستی لەنێو کۆشی بوو

ئەو میوزیکانەی کە دەنگی دڵ بوو
ئاوێزان بوونی بوولبوول و گوڵ بوو

تۆکەی تفت کرد لە ئاوی حەیات
لە ژینی زۆری پڕ دەرد و نەهات

دیمەنی دونیا هەر نەهاتی بوو
بۆ میللەتی مە خۆشی قاتی بوو

ڕەفیق لەم خاکە گەر کەڕ و کوێربی

نیعمەتی خوایە شوکر بژێربی

نرکەی مەزڵومێ نابیسی بە گوێ

لەبن بڕان بن دەستێ دەستی هێمەتێ

زریکەی دایکێ کوڕی کوژراوە

ناڵەی منداڵێ بێ ناو ئاوە

ڕەفیق فرمێسکی بێ دەسەڵاتی

ئیسپاتی بکا لەجەری وڵاتی

ئەوە چ ژین وعومر و وەختێکە

ئەوە تەمەنی چ بەد بەختێکە

## هەر بخەون

هەر بخەون لە خەودابن

لە دونیایەکی تاریکی

دوا کەوتوی بێ برەودابن

هەر بخەون وەکو خەوتوون

سەرخۆش ومەست و بێ هۆشن

چما بەرنەفخی سوور کەوتوون

هەر بخەون وبێ خەم بن

خەو بەسەر بەستی ببینن

دەبا هەر دیلی ستەم بن

هەر بخەون و هەڵمەستن

تە پاوتل بکەن لەوجێدا

وەکو کەسی ماران گەستن

هەر بخەون و خەو خۆشبن

لەدونیای ڕووناکی ئەمڕۆ

ئێوە لە تاریکی گۆش بن

هەر بخەون ڕۆشن بیران

لە ئاخوڕی باش گیراون

کەوتوون چەشنی ئەسیران

هەر بخەون دەلای لایە

ئەو لانکەی ڕای دەژەنن

دیلی یەکی بێ کۆتایە

## فرمێسک

لە دیدەی من بـاببـاری

فرمێسکێکی سوێری بێ نـاز

لە هەورێکی پڕ مەینەتی و

ئاسمانێکی پڕ لە ڕاز

لەدیدەی من بـاببـاری

نەك فرمێسکێ سەدان دانە

لافاوی مەینەت هەڵسێنێ

بۆم سەرداره زۆر دارانە

لە دیدەی من بـاببـاری

فرمێسکێکی بێ خێری سوور

بۆ ئەوخاکەی چوارلەت کراو

خرایە نێوانی سنوور

لەدیدەی من بـاببـاری

فرمێسکێ بۆ بێ کەسی خۆم

گەلێ دژواره ئەڕێ یە

هەر بەتـاقی تەنێ بڕۆم

لەدیدەی من بـاببـاری

فرمسکێکی لە نەفرەت پڕ

لە کۆشکی زۆرداری ئەمڕۆ

سەرا پا تێی بەربدا گڕ

لەدیدەی من بـاببـاری

فرمێسکی بۆ بەنی ئادەم

کەرامەتی ئینسانی خۆم
بەقەسری فیرعەون نادەم

لەدیدەی من بابباری
فرمێسکێکی پڕ لە ئەوین

بۆ ئەوکەسەی ساتێ هات و
زەمانێکە بۆی بێ خەوین

## بۆ منداڵێکی سەر ترافیک

کاکی شۆفێر پەلەمەکە
ئا ئەم کلێنسە بکڕە
وەکو ئەرکێ ئینسانی خۆت
رووی ڕەشی ژیانێ بسڕە

ئەو ڕووەی شەوی تاریکی
ئاسمانی ژینی مەیە
بە ناو چاویدا سەرپا
تانە و تەشەر و لەکەیە

کاکی شۆفێر پەلەمەکە و
تێر بڕوانە لەم تابلۆیە
بە چاوی سووك بەڕوانە ژین
دەبینی منی لە ئەستۆیە

کاکی شۆفێر دەستی تەزیو
هەناسەی ساردی پڕ لە خەم
دە پارێمۆ لێمی بکڕێ
تەماشام مەکە وەکو کەم

منیش وەکو هەرمنداڵێ
حەزم لەسەمەری ژین بوو
چ بڵێم بەرۆژگاری زۆردار
لە بەرچی لەمن بە قین بوو

دەبێ ئارەزووی منداڵی
لەگۆڕی ژیاندا ون کەم
نەوەك تفێ هەزاران تف
لەڕۆژگار و ژین و بوون کەم

کاکی شۆفێر پە لەمەکە
ئەم بنێشتەی من شیرینە
بیخە دەمێ ئەو ڕۆژگارەی
لە ئێمە مانان بە قینە

کاکی شۆفێر تالێ زەمەن
بەم بنێشتە ئەشێ لاچێ
تەمەنی پڕ دەردە سەری
بەم شێوەیە بەسەرناچێ

## تووڕەی

نە گەنمێك چرۆ دەکا نە گوڵێ سەر دێنتەدەر
داری هیوایان هەڵکشا بە ئازار ودەرد و کەسەر

یەك یەك ڕەوی باڵندەکان سەر هەڵدەگرن لە نیشتیمان
ڕوودەکەنە کەناری مەرگ قەدەرێکی بێ ناونیشان

سەردەمێکە ئاسۆی هیوا هەوری مەینەت دای پۆشیوە
دێوەزمەی تاریك و لێڵی خۆی پێچاوە بە خۆشی وە

هیواش هیواش تیشکی ڕۆژ و ڕووناکی ئاسمان وزەمین
خۆی ون دەکا و بزر دەبێ گیری دەکەن بۆ سەوکەمین

ئیتر ستەم و زۆرداری دێتە سەر بالیف و جێمان
پێ دەنێتە سەر دڵماندا ڕادەوەستێ لەسەر ڕێمان

تێکەڵی نوتفەی داوێنی سەر جێگەی خەوتنێ دەبن
دژی نوزەی تیشکی ڕۆژ و ئاسۆی سەرکەوتنێ دەبن

دەبن بەژەهر ودێن دەچن لەناو دەمار و خوێن ماندا
نایەڵن ساتێ بحەسێین بۆ گۆڕیش دێن بەشوێنماندا

دەسا ئەی میللەتی خەو خۆش بنوو چاوت بنوقێنە
هەرچی باسی ئازادی یە بەیەك چەرخێ بیسوتێنە

ئاغا و کوێخاکەی جارانی سەر لەنوێ نوێ دەبێتەوە

لەکویلەی ئەم عەسرە پیرۆز خەریکە سوێی بۆی بێتەوە

## یاخی بوون

دەمەوێ ئەم جارە بفڕم

بەسەر لووتکەی سەختی ژینا

هەڵزنێمە شاخی ئەستەم

بەسەر حەسار و پەرژینا

ئیتر نامەوێ بمێنم

لە زەوی نزم ونەوی

بۆ هەڵکشان بەرە و ئاسۆ

بەرێوەم بۆ پێش ڕەوی

لە گۆماوی کولەمەرگی

دەمەوێ دەرچم بڕۆم

بۆ ئەوچەنەی تەمەن ماوە

مشورێکی ڕاست بخۆم

گەلێ سەختە ڕەفیقی بۆق

هاونشینی کیسەڵان

هاودەمی مار و مێرو بی

بەلا گێری دەغەلان

دەست لە ملی ڕێوی پیر و

بێچووە گورگی زۆر و دڕبی

قاز ومراوی زۆنگاو بی

یان وەکو مرشکی کڕ بی

بەڵێ سەختە تۆیش دەیزانی

لە خاکی قەدەری نادیار

یا ڕۆژێ ماری دەتگەزێ

یان هەڵت دەدرێ سەگێ هار

## خۆشەویستم

خۆشەویستم باوەڕ بکە

لەنێو ناخ و جەرگ ودڵ دای

لەگەڵ جریوەی بوول بوولی

شێت و شەیدای پەڕەی گوڵ دای

خۆشەویستم باوەڕ بکە

لە هەناسە و دەرونم دای

ئەتۆ خوێنی نێو جەستەمی

لەگەڵ ژیان و بوونم دای

خۆشەویستم خۆشەویستیم

بەکردار بۆسەلماندووی

ئەو کۆشکەی ئاواتی تۆیە

لە دڵما بۆم خولقاندووی

خۆشەویستم بەعیشقی تۆ

هەتاکو ئەمرۆ ژیاوم

ئەمن بێ تۆ سەحرایەکی

وشك و بیرین وبێ ئاوم

خۆشەویستم گوفتی شیرین

شیعری تەڕ و تازەی ئەوین

لەئاستی تۆ شەرمەزارن

دانە بەدانە سەر نەوین

## بیرت دەکەم

بیرت ئەکەم هێندەی ئاسمان

هێندەی دەریا

هێندەی گەردوونی بێ پایان

ئاخر گوڵم

سەفەری تۆ

بۆ ئەمەندە کاتی خایان

چاو لە ڕێگا وەکو پیری

نەگەیشتم بە دیدارت

هەموو عومرم دایەدەستت

به باڵات نەت بینی شایان

بیرت ئەکەم

هێندەی چرچی

سەر ڕووخساری گرژوو ماتم

هێندەی نەگریسی ئەو ساتەی

بۆم ڕۆژگارە ڕەشە هاتم

بیرت ئەکەم هێندەی زەوی

هێندەی گەردوون

هێندەی تاڵی عومری زۆری

ئینسانێکی دیل و زەبوون

بیرت ئەکەم هێندەی هزری

پەرش وبلاو ژاکاوم

هێندەی سووپای مەینەتی ژین

لە چوار لاوە دەوری داوم

بەڵێ گیانە بیرت ئەکەم

هێندەی فەرهەنگی زمانم

لەبیرم دای لە یادناچی

هەتا بێت وبچێ گیانم

## تۆ جیهانی

ئەی ئاسمانی ڕوونی بێ تەم

ئەی ئەستێرەی کامەرانی

ئەی گزنگی ئاسۆی ڕووناك

ئەی هێنەری شادومانی

ئەو ئێوارەی تۆ لەم شارەی

دار و بەرد و خاك و ئاوی

بە جارێ زەردە دەی گرێ

کۆشك و تەلاری ڕوو خاوی

باڵندەکانی شاری مە

هەڵدەفڕن و دەجری وێنن

لەخۆشی هاتنی تۆدا

بە گشت ئاوازێ دەخوێنن

کوچە و کۆڵەنەکانی شار

هەستاون و دەست بە دووعان

خۆر وئاسمانی شاریش

لە چاوەڕێی هاتنی تۆدان

ئەو ئێوارەی تەشریف دێنی

خۆر زۆر درەنگ ئاوا دەبێ
ئاخر گیانە پێشوازی تۆ
شەرت بێ هەر ئاوا دەبێ

بەڵام گیانە ئەو ئێوارەی
لەم وێرانە سەفەر دەکەی
نەك من ئەم شارە بە جارێ
توشی دەرد و کەسەر دەکەی
تەمی مەینەتی دەپۆشی
سەران سەر ئاسمانی ئێرە
شەوە زەنگە بەدی ناکەی
ئاسمان و مانگ و ئەستێرە
پۆل پۆل ڕەوی باڵندەکان
بە ئاسمانی شارا دەڕۆن
سەر هەڵدەگرن و نامێنن
مشوری شوێنی تۆ دەخۆن
خۆزگە منیش باڵم دەبوو
هەر بە شوێنی تۆدا ئەفڕیم
سوکناییەکم بۆ دەهات
مەراقی ئەم دڵەی ئەبڕیم
گیانە ئەگەر هەر بەڕاستی
خەڵکی ئەم شارەت خۆشەوێ
هەموو تەمەن لێرانە بە و
دەمەڕۆ بۆ ئێرە و ئەوێ

## تواناوه

دڵم تەنگە هەناسەم سوار دیدە بارانم ئەمن
لێو بەبار و پەرێشانی کۆچی یارانم ئەمن

ئیلاهی مات و مەلوول و بێ کەس و دیوانە خۆم
بەتیغی زۆر داری ڕۆژگار لە بیمارانم ئەمن

بە سەر دڕکەڵانی تەمەن تێ پەڕێ هەتا زووە
لە دەست ژینی تووڕەهاتم زۆر پەرێشانم ئەمن

قیسپی داچەقیوی ڕۆژگار دەچێ بەناو جەرگ و دڵا
تێدەگەم بەبێ هودەیی مەستی مەستانم ئەمن

ئیتر دەڵێن ناوچاوت بوو فاڵ و جادوی پێناوێ
ستەم دیدەی ژینی شێت و شەقی دەورانم ئەمن

نەبوو ڕۆژێ هەوایەکی ئازادی و شادی هەڵمژم
بۆ نەختێ حەسانەوەی گیان چاوەڕێی نەمانم ئەمن

دڵ خوازی من جاتێ بگە لە سەربووردەی ژینی من
بۆیە ڕەنگ زەرد و مەلوولم هەر چەندە جوانم ئەمن

ئەزیزم چش لە شیعر و هونەر و دەب و عیرفان
هەر بەڕاستی هونەر مەندم بۆیە ماڵ وێرانم ئەمن

مام ڕێباز ڕێگای ژیان سەخت و ناهەموارە ئەدی
بۆیە هەروا نەناسراو بێ ناونیشانم ئەمن

## ناتەواوی

ئەی ئەوکەسانەی هەمیشە باوەشتان لە ژیان داوە
پێـم نالێن ئەم ژینە تاڵە چلۆن وا تامی شیرینە

لە دەستم چوو عومری جوانی بە هەرچیم دا چۆنی گوزەشت
دونیا بەشی ئەوین ناکا هــەی هــو بەشـی ڕق و کینە

خەریکی بە گرێی بدە هەوڵ و هیمەتکە عەزیزم
بەشی دەبێ هەر خوری بێ ئا ئەم ڕستن و چنینە

خەجاڵەت بی بەنی ئادەم بۆ ئەم دونیا بێ بەهایە
بوی بە کۆیلەی بێ دەم و زوان بۆو زۆردار و سەر سەرینە

ئەی خودا شەرتە ئابرووی خۆم نەدەم بە گەنجینەی قارون
نەبوونی قەت عەیب نی یە نا مەردی سەرشۆڕی ژینە

هەرچەندە عومریشم کەمە ناگا بە چارەکە قەرنێ
بەتەجروبەم لەم حەیاتە گشت هۆشمەندان سەرسپیینە

تاوێ لە ئاسۆ بڕوانن با لە تیشکی هەتاو فێربین
بەسەر بەرزی ژین و مردن سەرنواندن نا مومکینە

## وەرە وەکو باران

نم نم وەرە وەکو باران
هیواش هیواش
دابباری
ئەمن قەت لێت بێزار نابم
هەڵ بنشێ لە کەناری
وەرە و بچۆ
گێژاو بخۆ
لەسەر ڕووخساری زەردی من
ڕای بماڵە
بانەمێنێ

هەموو ئازار و دەردی من
هاتنی تۆ
وەکو باران
قات و قڕی ژین کەم دەکا
هەزاران کێڵەی پڕ هیوام
گوڵی خونچەیان دەم دەکا

بەڵام نەکەی
وەکو باران
درەنگ درەنگ
میوانم بی
من دەمەوێ هەموو تەمەن
لەگەڵم بی
هاو شانم بی
دەسا وانم نمەی باران
تنۆك تنۆك دادەباری
هەر هیچ نەبێ
وەکو مردن
سەردێ بدە
تەنیا جاری

## خەیاڵ

ئازیز ئەگەرچی دووری دوور
لە یەك دوورین بە چەند سنوور
کاتێ کە ئەم نامەت بینی
دەست درێژکە و چاوت داخە
لای دونیای خەیاڵی مندا
تۆیش دوونیای خەیاڵت ڕاخە
بەیەك دەگەین لە ما بەینی
بە سەدان میل و پێوانە
ئیتر ئەستەم بونی نابێ
لە فەرهەنگێکی دێوانە
بەسەر دەریای بەستەڵەکدا
بەسەر شاخی بەرز و نەوی
سنوورەکان دەڕوخێنین
بە یەك هەڵمەت و پێش ڕەوی
لەگەڵ گزنگی هەتاوە
لەگەڵ بارانی بە خوڕدا
لەگەڵ تۆفان و ڕەشەبا
لەگەڵ ئاگری بە گوڕدا

دەگەین بەیەك وەك دوو شە پۆل
فەیەزانێك دێنینە بوون
هێند توند لە ئامێزت دەگرم
تا تێکەڵ ببن گۆشت و خوون
ئیتر هیچ ستەم و زۆری نەتوانێ
لەمنت سێنێ
هەتا گیان کێش جزووی مەرگ
لە جەستەی من نەئالێنێ

بەس چیبکەم ژیکەڵەکەم
شەو دەرەنگە خەیاڵ دوورە
ڕۆحی ئێمە ئاوێزانە و جەستەمان
لەودیو سنوورە
زۆر بێزارم دەستت بەردەم
هەر چەندە شەکەتوو ماندووم
ڕۆژگار زۆر ئازاری داوم
گەڵای زۆری لێوەراندووم
گیانە چما چزوو ون بوی

شەوگار زۆری پێوە ماوە

نابڕێتەوە تولانی یە

ئەم دۆزەخەی ژینی ناوە

## ئەگەر مردم

ئازیز توخوا ئەگەر مردم سەفەرم کرد لەم وێرانە

جەستەیەکی بێ گیان ماوە بۆ خاك و کرم و مۆرانە

ئەو دڵەی کەوا سەرمەستی عیشق و ئەوین وجوانی بوو

ئەسەف لە گوڵزاری ژینا هەر بەشی ماڵ وێرانی بوو

ئەوا ئەمڕۆ گوزەشت دەکا لەو دونیایەی بێگانە بوو

بۆ ئینسانی عیشقی جوانی لە هیچ سوچێ جێگا نەبوو

هاواری کرد و تۆڕە بوو تفی لە خود پەرستی کرد

ئینسان دۆست و ژین پەروەربوو لەو ڕۆژەوە کەهەستی کرد

کاری ئێمە وەك ئینسانێ لەم تەمەن و عومر و ژینە

دەستی کەوتوویە بگرێ و ئازادی ئەو دەست لە بێنە

بیر و ئەندێشەو خەیاڵی هەر خۆشی ژینی ئێوە بوو

داریکی وشك و برین بوو بەری ئازادی پێوە بوو

ئەوا ئەمڕۆ ئەسیر ئەکرێ ئەلەم چاڵە تەنگ و تارە

هاوەڵی نزیکی ئەمڕۆی هەر کرم و دووپشك و مارە

چما حەیاتی بە خەمی بەهەزاران ئاوات سپارد

سەرمایەی ئەو چەن شیعرێکە و جەستەیەکی بێ گیانی سارد

## بێ هیوای

وا بەتەمام هەر ئێستاکە

پێنوسەکەم ورد و خاشکەم

چۆن دەتوانم بە پێنوسێ

حاڵی میللەتەکەم باشکەم

من بێ زار بووم لەم پەیڤانەی
هەر هیوای گەشی وجوانی یە
خەیاڵ و ئاواتی شاعیر
ئاخیری سەرگەردانی یە

حەیفە ئیتر منداڵی خۆ
تورِ بدەینە سەر سەنێرکوان
وەك ئەو کەسەی دڵۆپی
خۆی فرێ دەدا بەبێ ویژدان

وشەکانمان لە نێو دوو توێی
پەڕەکاندا ئەسیر ماون
چما ئەم پەیڤە جوانانە
بۆ هیچ کەسێ نە درکاون

بەداخەوە لەم زەمانا
ئیتر دەبێ جوانی شووم بێ
لە نێو دوو توێی پەرتوکێدا
سەردەمێك بۆچی مەحکوم بێ

سەردەمێکە زیزوو ماندوون
لە زیندانی پەرتووك خانە
لەم وڵاتە کوانێ بەهای
ئەوشتەی بەنرخ و جوانە

ئیتر دەبێ بەدەستی خۆ
دەمی خۆمان هەڵبدوورین
کەس لەم هاوارە تێ ناگا
دەبێ بێدەنگ بین مەجبوورین

سەردەمێکە گوفتی شیرین
قسەی جوانی پڕ لە ئەوین
تورِ دراوی بێ زاری
دەست بەسەرو دیل ونەوین

بەداخەوە فرمێسکی سوور
چ قورِپێ وان و قژ ڕنین
دەبێ ئازاری دڵی خۆ
هەر بە بێدەنگی دابسڕین

# کەسەر

ئەزیزم دونیا خامۆشە
منیش هێندی ئەو خامۆشم
دونیا تاریك و نیتكە
وەکو دڵی سیا پۆشم

ئەزیزم وادەتوێتەوە هیواش
هیواش تەمەنی من
هاکا لە پڕ کوژایەوە
چرای لێڵی زەمەنی من

ماندووم بۆخۆم بۆ عومری تۆ
بۆ هەزاران نرکە و ناڵە
بۆ ئازار و دەردەسەری
ئا ئەو ژیانی چەن ساڵە

ئێمە لەم تۆفانی ژینا
لەم زریان و باو بۆرانە
لەگەڵ دونیای چەقۆ وەشێن
ئەم ڕۆژگارە ژین خۆرانە

دەبێ هەر دەستە وەستان بین
لەبەر ڕێژینەی سەختی باران
دەبێ هەر ئاخ هەڵبکێشین
بۆ ڕۆژانی کۆن و جاران

دەبێ هەر خەم هەڵبواسین
بە تەنافی ژین و مەرگا
ئاخر گوڵم هەتا مەحشەر
دەبێ دان بنێین بە جەرگا

نانا گوڵم نەهاتووین
سەری ڕەشمان سپی بکەین
لەم ستەم وزووڵم و زۆرە
بێدەنگ بین کپی بکەین

چۆن دەتوانم هەروا خۆش بم
لەعومری نەو بەهاری خۆم
لە مەینەت و دەردەسەری
ئەوەڵ و یەکجاری خۆم

ئاخر گوڵم من نازانم
یەقەی کام ستەم کار تون کەم
سکاڵای سەختی دەورراون و
ژیان و تەمەن و بوون کەم

ئاخر گوڵم کام ستەم کار
حەسرەتی ژینی دا پێمان
ئەم دونیای ئازار و دەردەی
کردە لانە و ماڵ وجێمان

## هۆنراوەیەک بۆ پەشێو

پەشێوەکەم ئەتۆ ئاسۆی
ئاسمانێکی گەش و جوانی
هەڵۆیەکی بەرزە فڕی
چیاکانی نیشتیمانی

پەشێوەکەم وانەکانت
دەزرنگێ لە گوێ ماندا

ئەم نیشیمانە برسی یە و
نەوتیش وا لە ژێر پێماندا

پەشێوەکەم بۆ تۆ نەت وت
ئەوەی کورد بێ نەوەی نوێ بێ

بۆم ڕێگای ژین و ژیانە دەبێ
توێشووی ڕێگەی پێ بێ

توێشووی ئێمە ئازارێکە و
دێت و دەچێ بە ناخ ماندا

ئاگرێکی زۆر بەتینە
گڕ دەخوا لە دەماخماندا
ئەو ئازارەی لە دڵ تایە
ئیتر هیچ نەمایە بەقایی

شەقان دەخۆین حە پس دەکرێن
ژین و ژیانمان لێ تاڵە
پەشێوەکە ئەتۆ دوور نی
ئەوە تانێی لە چاوماندا

دەربەدەری ژینی کردین
هەر بە عومرێکی چەن ساڵە
بۆ هەمیشە لەگەڵ ئێمەی
ماوی و دەژی لەناو ماندا

هەرکە دەگەم بە ئەو دێڕەی
بۆ دەرەوە ئە بێ ولات
تۆ مەزنی ئەتۆ خۆری
لە هەر سوچێکی نیشتیمان

ڕۆح و گیانم دێتە لەرزین
وەك کوردێکی ڕەنگ زەردی لات
کوردستانی خۆتت پاراست
کە چەکی شیعرت کردەشان

خۆزگە دەمای بەدەستی خۆم
ئەو ئالایەم بۆ دادەنایی
بۆقی کڕ و کرمی مردوو
بەتۆ ناگەن تۆ هەتاوی

بەوانە شیرینەکانت

لەنێو دڵماندا چەسپاوی

## ئادەمی گێژ

ڕۆژی عومرت ئاوا دەبێ دە تێ فکرە ئادەمی گێژ

چاویلکەی دونیا پەرستیت هەتاو کەی لە چاوا بێ

بەسەر سمدان شەو نخونی تێرنەبووی هێشتا هەربرسی

ڕۆژی لە ژین گوزەر دەکەی وەك ئەوەی نەبووبی وابێ

خەجاڵەت بی بەنی ئادەم چەن بە هەڵپەو عەجولی

ئەم هەموو ڕەنجەت لە چی یە مەرگ لە پێشت وەستا بێ

تاوێ بە خۆتا بڕوانە چارەنووست بەرە و کوێ یە

ئەو قاقا چی یەتی تامی شین و شەپۆڕی لە دوا بێ

ئەوەی ئەندێشەی ببینێ ئەم هەموو تابلۆی ژیانە

ڕەفیق نسحەتی قەت ناوێ دەبێ خۆی ئینسانی چابێ

ئەگەر تۆ هەی بەڵگەم دەوێ لە دادگای گەردون و بوونا

کەمێ ویژدان ،لەتێ ئەوین، دەرون پاکی، ئەگەرمابێ

بەسکی تێر ،گیرفانی پڕ، بێ باك لە حاڵی سەد بێحاڵ

ئەگەر میرە گەر سەردارە یارەبی سووك و ڕیسوا بێ

تف لە گا بەردی ڕەق و تەق زۆر داری خوێن مژی بەد فەڕ

چاوی لەبێ چاوێ نەبێ دەی تا ماوە نابینا بێ

ئیتر شیعر سەد برینی دڵی پێ مەرهەم ناکرێ

یەکێ نۆکەری چەکان بێ لە پێنووس تێناگا نابێ

## من و کاتژمێر

چك چك سەعات بیژمێرە

ئەم ترپە ترپ و لێدانە

هەر ترپەیەك ئازارێکە

لەو ژەهرەی ناوی ژیانە

چك چك سەعات هەر بێدار بە
بێ ئۆقرەبە هەر مەخەوە
منیش هەمیشە بێدارم
ڕۆژ بەڕێ دەکەین پێکەوە

چك چك سەعات لەو دونیایەی
کە ئینسان تێیدا تەنیایە
کەناری ئارامی نی یە
شادی یە بێنێتە کایە

هەتاکو گوڕت تێدابێ
ئەڕۆی چوون شەیدا و سەرمەستی
خۆزگەم بەخۆت کە تێناگەی
بێ هۆش و ئەندێشە و هەستی

لەگەڵ ئازیزی خۆت دەژی
لە کوچێکی گەرم و گوڕدا
دەستی لە دەستت ئالاوە
لەگەڵ خولانەوە و سوڕدا

ئەسەف شاعیر حەسودی دێ
بە کات ژمێرێکی بێ گیان
بڵێی هەبێ بەشمەینەت بێ
لە زەمینا وەکو ئینسان

## خاتوون

خاتوون تۆ تیشکی هەتاوی
ڕووناکی ئاسمانی ژینی
لە لای ئێمە تینی هیوای
کانگای ئومێد و یەقینی

تۆ زەوی یەکی بە پیتی
شایەن نی بە گشت جوتیاری
گۆماوێکی گەنی و مەبە
فروانبە وەك ڕووباری

نزم و نەوی هەڵپڕوکاو
گوڵی زەردی پەڕ پەڕکراو

نێچیرێکی بریندار و

لە نەهامەتی تەڕ کراو

دەوامەبە ئەتۆ ئاسۆی

ڕووناکی هەڵدێ لە تۆ وە

دێوەزمەی سۆزانی بەدخو

بۆ ئە پێچێنێ بە خۆوە

قەترەی خوێنی دامێنی تۆ

ئارەزووی پێسی پێ کپ کا

قسەی لوس و داو دانەنێ

چۆن تۆ دەگرێ ئەی چ بکا

خاتوون من باوەڕم پێ تە

سبەی بەسەدان مانگ و خۆر

لە ئاسمانی تۆ وە هەڵدێن

دژی زووڵم و ستەم و زۆر

نیشتیمانی کوردەواری

ڕووناك دەبێ بە چراخان

هەر دەڵێین وەتەن ئاوابێ

بژی داد و ئازادی گیان

هەتا تۆ دیلی جوانی بی

ئێمەش هەردیل و ژێر دەستین

مەترسە بە دڵ لەگەڵتین

باوك تین براتین کەس تین

بیخە ژێر پێت کەرامەتی

بازرگانانی گۆشت و خوێن

لە ژێر نەعلە شڕەکانیشت

پێیان ڕەوا نەبینی شوێن

## ون بوون

تۆ ئەستێرەی کام ئاسمان بووی

لە پڕێ هاتیت و ون بووی

خۆتۆ لە نێو دڵی مندا
هەر خەریکی هات و چوون بووی

لەوساتەوە کە تۆ ونی
ئاسمانم هەوری بە تەمە
دەریایەکی شەڵەقاوم
کەنارم ئامێزی خەمە

دێم و دەچم گینگڵ دەخۆم
بەنێو سەدان یادگاری جوان
ئەو ڕۆژانەی پڕ شادی بووین
لە پڕێ دیارنەمان و کوان

دوورگەی هیوات نایەدڵم
کە چی بێ هیوا و خامۆشم
لە جێی باوەشی میهری تۆ
سەرم خستۆتە سەر کۆشم

وەك شە پۆلێکی بێ قەرار
کەنار بە کەنار جێ دەکەم
تۆ ئەوەندە بێ ویژدانی
من دەردە دڵ بۆ کێ دەکەم

ئەی بێ ویژدان دڵ ڕەقی تۆ
منی هاڕی هەتا توانی
شاخێکی بەرز و بڵندبووم
کردمی بە جۆگەلە و کانی

دەبێ بۆ ئەوین سەری خۆ
نزم بکەین بۆ سەر زەوی
ئەویش هەتاکو ئەتوانێ
جەستەی ئێمە بکا کەوی

## ئامۆژگاری

چەن خۆشە کوڕم مەرد بی مەرد
ئازارێ لابەی لە کەسی ڕەنگ زەرد
چەن خۆشە کوڕم جارێ لە جاران

شادی بخەیتە دڵی بی ماران
چەن خۆشە کورم خاوەن هەست بی
لە زووڵم وناحەق تورە و پەست بی
چەن خۆشە کورم نوزەی هەتیووێ
بت شەڵەژێنێ و بۆی بێنی شیوێ
ڕۆڵە چەن چەن خۆشە کەسێکی عوریان
هەناسە ساردی دەست دەوری ژیان
پۆشاکی خەمی لە بەر بماڵێ
ئیتر نەی چێژێ ئازار و تاڵێ
ڕۆڵە چەن خۆشە خزمەت گوزار بی
خۆ بەکەم زان و ژیر و هۆشیار بی
گوێچکە و چاوەکەی کەڕ و کوێرنەبێ
خەمی برسی بێ هەر خۆی تێر نەبێ
جارێ بپرسێ لە ئازاری کەس
نەڵێ من دەستم تەنیا بۆ خۆم هەس
هەرکەس هەر بۆ خۆی ڕاکە ڕاکی بی
یارەبی هەر خەم بەرگی چاکی بی
کەسێ چاو شۆڕ بێ لە نووزەی برسی
لە دوا ڕۆژی خۆی با ببێ ترسی

## داخی دووری

نەساتێکە نە چەن ڕۆژێ
نە چەن وەخت و
نەچەن ساڵێ
هەر مەگەر تۆفانی نوح بێ و
خەمی دووری تۆ بماڵێ
ئەسەف چەندین ساتی خۆش و
چەندین ڕۆژگاری پڕ جوانی
بە جارێ بوو بەوێرانە
باڵە خانەی کامەرانی
ئومێدی هەناسەی شادی و
جارێکی تری پێکەنین
بارگەو بنەی پێ چایەوە و
سەردەمێکە لێرانە نین
ئەوەی شادی و بزەی ڕوو بوو
نووسا بە ئەوینی تۆوە
من نازانم چۆن بوو
چلۆن منت هەروا لە بیرچۆوە

ئەوین دار لە تاریکیدا

ڕووی ڕاستی دۆستی لێ ونە

دێو درنج بوو سەد ئەسەف

وام زانی شیرینی منە

لە دەستی تۆ هەراسانە

ڕۆح لەژێر قاچی تۆدایە

تۆیش وای لەژێر پێی بێگانە

## بتی گەورە

بتی گەورە تۆ نام بیسی

بۆنام بینی

هەر پیش دەخۆی کوا بتەقی

زەمەنێکە لێت بێزارم

هەقی تێهڵدان و شەقی

بتی گەورە لەسایەتی تۆ

ژیان نەویم

تەمەن لێڵ و تورە هاتم

هەڵت دەگرم تورت دەدەم

با لە دەستت بێ نەجاتم

بتی گەورە ئاسمانی من

زەمینی من

## بتی گەورە

لە ڕۆژی فیشەك بارانا

ژیان وژین دەدرا لەخاچ

پەیکەری تۆم لەگەڵ خۆم برد

بەتاسەوە ئەم کردی ماچ

بە فرمێسك و نوزەی گریان

سەردەمێك بە ژیانی خۆم

نەم هێشت جەستەت بهارن

دەم گوت ئەتۆ منی من تۆم

لە یادت چوو دەر بەدەربووی

خاك بەسەر بووی

لەمانی خۆت بێ خەبەر بووی

بەڵام ئێستا لە سایەی تۆ

بۆو ڕۆژگارە ڕەشەی ژیان

شەو ڕۆژ بدەم لە ئەژنۆ

ئێستا خوێنی ڕۆحم دەخۆی

ڕۆشنای ژینم هەڵدەگری

بووی بەداری ژەقنەبوت و

هەر ڕۆژ بە جۆری بەردەگری

بتی گەورە تۆ نەخودای

چۆن سەرمت بۆنەوی بکەم

هەتاوکەی بەشەقی تۆ

جەستەی ماندووم کەوی بکەم

## تۆ

تۆ گزنگی ئاسمانێکی

هیواش هیواش و لەسەرخۆ

ئەم زەمینە ڕەنگت دەگری و

دەتوێتەوە و دەبێ بە تۆ

## مام ڕێباز

مام ڕێباز کێ یە دەربەسی نەمن نە تۆ نە هیچ کەسێ

کە خۆت نەبی دەربەسی خۆت گازندە بۆش و بەلاشە

لە قیامەت نەفسی نەفسی ئەمێستاکە لە سەر دونیا

موحتاجیت بوو لێت ڕادەکا ئەوەی فەرحان دەم هەراشە

هەڵی بگرە ئەو توێشووەی زەروری ڕێگای ژیانە

بیدە بەری بابی هاڕێ هەتاکو گەرمە ئەم ئاشە

زەمەن بەناڵە تێ ناگا بە ئێشارەت ئیتر چلۆن

حاڵی بێ ئەو ناحاڵی یەی لە مەینەتی پەیکەرتاشە

دەسا ئەی ئاگری جەفا دەی مەردبە و ئاوا بچۆ

بدە جەستەی خوێن مژی گەل هەڵی وەشێنە ئەولاشە

ژیانی مە جوجەڵەیە و لەبەر دایك جوكە جوكمان

پەلاماری ژینمان دەدەن داڵ و قەلە ڕەش و واشە

سەیری ئاسمانکە مام ڕێباز ئەستێرە و گزنگ وئاسۆ
خۆر لەجێگای عاسێ هەڵدێ نزمی بەدایم لە پاشە

## تۆکێی

تۆ بارانی کام ئاسمانی
شە پۆلی کام دەریایی خەمی
تیشك و ڕووناکی کام چیا و
کام لووتکەی تیژی ئەستەمی
تۆ گوڵزاری کام بەهاری
نێرگزی کام دەشت وهەردی
ئەرێ فریشتەی ئاسمانی
یان تۆ پەری لە سەر ئەردی
خەنینەکەت سەدای دەنگی
کام بوول بوولی ڕەنگ زەردە
نیگاکانت چارە و دەوای
سەد ئێش و ئازار و دەردە
دڵم توندە هێندەی توندی
ئازاری دەوران و زەمەن

بەنێو دونیای هێمنی خۆت
تا ئەتوانی بمکە کەمن
لەدونیای تاریکی و ستەم
بم بە دونیای گەش وجوانی
تەمەن چەنێکە عەزیزم
هەمووی هەر بۆ ماڵ وێرانی

## ئەم شەو

ئە م شە و ئە ستێرەی سە رشێتم
بێ ئاسمان و بێ زەمینم
دێم و دەچم هە نگاو دەنێم
چرای خامۆشی بێ تینم
ئە م شە و دەریای کش و ماتم
شە پۆلی کەناری خە مم
باڵندەی بێ پە ڕ و باڵم
کۆتی دەستمە هاودەمم
ئە م شە و سە یرە یادی دوری
یادی ڕۆژانی ڕابردوو

یادی چه ندین ساتی خۆشی
ئه و زەمه نه ی که له دەس چوو
دێنه بیرم یادی جاران
ئەو ساتانەی کە ڕۆیشتن
لەگەڵ دەستە و جه معی یاران
به لام گیانه دەردی دووریت
سه ردەستە ی هه موو دەردێکە
سه رچاوەی ناسۆری دڵی
مه جنونی دەشت و هه ردێکە
له بیرت دێ له ناو گوڵزار
وەرزێ به هار دار ودیوار
زەمینێك مه ستی ئێمه بوون
ئه تۆ دەگوت دونیای منی
ئه ی منیش بێ تۆ کێم هه بوون
که له چاوی تۆم ئه ڕوانی
سه د ئومێد و هیوا و جوانی
ڕازەکانتیان ئه درکانت بۆم
ئارەزووم بوو لێت بڕوانم
سه د هێندەی عومر و ژینی خۆم
ئازیز ئه و ڕۆژانه خەو بوون

ئه ی بۆ هه روا چوون و نه مان
ئاخر ئێمه پێ نه زان بووین
یا دەوری لێ گۆڕین زەمان
ئه ستێره و مانگ تریفه ی شه و
گزنگ و ئاسمان و ئاسۆ
ئێتر جوانین هه ست بزوێنین
لێ یان ناڕوانم به تاسۆ
تۆ ئه ستێرەو مانگی من بووی
تریفه ی شه وی چوارده بووی
له ناو سه ر دەستە ی جواناندا
تۆ باشترین بژاردە بووی
ئاسمانی بێ به زەی تۆ کام
ئه ستێرەی گرتۆته خۆی
ئاسمانی من گه ردونی من
بێ شك به هه میشه هه ر تۆی

## ئیلاهی

ئیلاهی له دونیای بونا کۆترێکی لانه وازم
تا دوا ڕادەی بێنیازی لەم جیهانه بێنیازم

دام له شه قه ی باڵ و فڕیم به خه ویش نایه مه زەمین

له گه ڵ دەوری ژینی شێتا چۆن ئه توانم من بسازم

له دۆڵی پڕچەقەڵی ژین له دارستانی پڕ ستەم

منی بانگ خوازی داد گەری چۆن هەروا دەبێ دەربازم

ئەی بایەقوش نیشتیمانت کردە وێرانه و کەلاوە

بۆچی دەبێ تکایی ژیان له قەلی ڕوو ڕەش بخوازم

هەی هو ڕێو ئەی سەرداری قاز و مریشك و مراوی

چۆن دەبم به دەروێشی تۆ من خاوەن بیر وڕێبازم

ورچه کوێر زەمانەی بەد فەڕ تاجی شاهانەی دابه تۆ

زەمەنێ کۆیلەی عەیاربووی ئێستا تۆ بوویه ئوستازم

هەرچی جوانی بوو دەرکرا تەمی ڕەش وڵاتی داگرت

نیشتیمان بوو به گۆڕستان مەگەر خاك هەڵگرێ نازم

## بمگره خۆت

ئازیزەکەم

وەك چۆن دەریا

شه پۆلی شێت دەگرێته خۆی

وەك چۆن بەهار

گوڵی عەیار

دڕکی بێ زێد دەگرێته خۆی

بمگره خۆت بمگره خۆت

ئازیزەکەم وەك چۆن ئاسمان

مانگی جوان

ئەستێرەی جوان دەگرێتەخۆی

وەك چۆن دایك

منداڵ و ژان

ئازاری گیان دەگرێته خۆی

بمگره خۆت بمگره خۆت

ئازیزەکەم وەك چۆن تەنوور

داری ئەستوور

بە ئەسپای دەگرێتە خۆی

یان وەك چۆن شاخ

بەفری دڵ داخ

تا کۆتایی دەگرێتە خۆی

بمگرە خۆت بمگرە خۆت

ئازیزەکەم وەکو چۆن گوڵ

توند و بەکوڵ

هەنگی دڵدار دەگرێتە خۆی

وەکو چۆن خاك

شەهیدی پاك

بەگریە و زار دەگرێتەخۆی

بمگرە خۆت بمگرە خۆت

## بەڵێنت دا

بەڵنت دا

بە شاهیدی دار و دیوار

بە شاهیدی ئەو ئاسمانە

لە سەرمان گرت بووی قەرار

بە شاهیدی

هەموو ئەستێرەکانی شار

بەڵێنت دا

نەمدەیتە دەست تاریکی شەو

نەم دەیتە دەست شەپۆلی خەم

ئاخر ئێستا

تاریکستانێك هاتە بوون

من بەڵێنی تۆ چی لێ کەم

بەڵێنت دا

کەناری بێ بۆ ئارامی

شەپۆلی من بگریتە خۆت

ئەمن ئێستا بەسەر سامی

بێ کەنارم

شەپۆلم لێ ئەبارێ بۆت

بەڵێنت دا

ڕووناکی ئاسمانی من بی

لێم ون نەبی

بەڵێن نەبوو کەژێر دەستەی

ڕۆژگاری تاڵ و تون نەبی

ئێستا نە ئاسمانت هێشتم

نە ڕووناکی

نەمدەزانی بەوڕادەیە

لە ئاستی منا بێ باکی

بەڵێنت دا

خەنینەکەت

ڕەنگی ژیانی کاڵم کا

نیگای سیحراوی چاوانت

لاڵم بکا

تۆ ئەزانی

ڕەنگەکانت

هەمووی دزی

تابلۆ و باخچەکەم بێ ڕەنگە

دیمەنی هیچ

نام هەژێنێ

دڵم هێند عاجز و تەنگە

بڵێینت دا

چاوەکانت نوقمم بکەن

لەتین و هەست

نیگاکانت سەرخۆشم کەن

بێ هۆش و مەست

ئێستا نیگاکانت ونن

دیدەی منیش لێڵ و تارە

نوزەی ڕووناکی شك نابەم

لەوەتەی دووری لەم شارە

## خۆزگە

پڕ بە دڵم ئەمرۆ دەڵێم ئازیز سەد خۆزگە من و تۆ
جووتێ مەلی ئازاد بایەین نەك دوو ئینسانی ڕەنجەڕۆ

دەمان دا لە شەقەی باڵ و دەفڕین لە ئاسمانی وڵات
سەرکز و مەلوول نە دەژیاین بەحسرەتی سەدان ئاوات

دەفڕین و بێ باك لەکۆت و زنجیری سەد قامچی بەدەس
بێ باك لە تانە و تەشەری چەن دەم پیس و هەزارناکەس

دەرباز دەبووین لەو سنوورەی کفنی ڕەشی کردە بەرمان
لەو سنوورەی تەوقی دیلی و ژێر دەستەی کردە سەرمان

هەڵ دەفڕین و باری خەم مان لەم زەمینە بەجێ دەهێشت
توخوا ئازیز لەم خاکە دا من و تۆ شیرینی مان چێشت

هەڵ دەفڕین و تێ دەپەڕین بەسەر خاك و چیاو ئاوا
بەچاوی پڕ لەفرمێسك دەمان وت وەتەن ماڵ ئاوا

ئازیز لەو ساتە بە دواوە تۆ دەبووی بە نیشتیمانم
دەبووی بە ڕۆح و دڵ و گیان ڕازی دەبووی ئەرێ خانم

لە سەر شاخێکی زۆر بڵند لە تەنیشت دەریایەکی مەند
ئازیز ئەگەر تۆم هەبایە پێستی مەینەتیم هەڵ ئەکەند

دیسان ئازیز ئەو دەنگەیەی هەمیشە دەم بیست و دەم بیست
لێو هەڵقرچان و تورەبوون جوێنیشتم نەئەدا لە کیست

لەگەڵ گزنگی هەتاوا لە تەنیشت یەکتری دەفڕین
( لەکۆتای نامەکەتا )بە گیان بۆ یەکتری ئەچڕین

ئێوارانیش کاتێ هەتاو ئاوا دەبێ نایبینێ چاو
ئەم زەمینە هێمن دەبێ نامێنێ دەنگ و ژاوە ژاو

باڵت ڕاخە سەری ماندووم ڕۆژگارێکە خاکە سارە
بەلەمی تۆ فانی نوحم ئامێزت جودی کەنارە

ئێستا خەیاڵی ئەوەمە دڵی زۆر خێرا و توند کردووم
ئەی جادوگەر بە تیلەی چاو چی جادویەکت لێکردووم

ئازیز من و تۆ لەم خاکە جووتێ مەلی باڵ کراوین
بەداخەوە کەی ئازاد بووین هەمیشە گیرۆدەی داوین

نەك ناتوانین سەر هەڵگرین لەم دار و دیوار و بەردە
لەم وڵاتەی خەنینیشی ئازار و مەینەتی و دەردە

دەبێ هەزاران ڕازی تۆیش لە دڵی خۆمدا بنێژم
یان لەشیعرێکی پڕ خەم دا داخی دەرونم هەڵ ڕێژم

## ناکامی

ئیتر دەبێ لەنێو خەودا
لە ئاوێنەی شکاوی بەخت
بڕوانی بۆم
ئەوسنوورەی ژوانی مە بوو
داگیر کراو
بووە باڵەخانەی چەن نهۆم
درەختەکانیان هەڵکێشا
جۆگەکەیان پڕکرد لە بەرد
وا بوون بەژان
ئەوانە ڕەوی بەرازبوون
ئاکاری وان
ڕەوشتیان دوور بوو لەئینسان

ئەو بەردەیەی سەردەمانێ
هاوڕازمان بوو
ئاگاداری خواستی دڵمان
هەموو ڕازوو نیازمان بوو
چوار لەتیان کرد
جێگە و لانەکەی من و تۆ
هەناسەکان
دۆڕێنران لە دەستمان چوو
ئەمانە شێر و خەتیان کرد

درزێکیشیان نەهێشت بۆمان
بۆ تیلەی چاو

ژوونگە بوو بە گۆڕستان
پێکی ئەوین بوو بە زووخاو

ئیتر نایەم بۆ دیدەنیت
فرمێسکەکان
نیگاکانی پڕ لە خەمت
ڕووخساری هەڵبڕزکاوت
پرچی ئاڵۆز
پڕ قوڵپەی گریانە دەمت

نەدەتوانم ژیرت بکەم
نەدەتوانم شادت بکەم
دەبێ هەتاکو من دەمرم
وەك ترسنۆك
لە ژێر لێوە یادت بکەم

## لێم ببورە

لێم ببورە
شیعرەکانم
لاسارن و کورتە باڵان
وەك منداڵەکانی گەڕەك
بەدار چنارێکدا ئاڵان

## ناسك

شیعرەکانم منداڵێکن
نە پێ یان گرتووە نە زووبان
بەدارە دارە دێن بۆلات
بۆت دەگرین
لێ یان تێ ناگەی کیژی جوان

## ناکامی

ئەگەر بەدەستی من بایە
چەرخی زەمەن
سوڕانی زەویم دەوەستاند
ئەو شەیەم دەگوت بەتۆ
بەم جیهانە
کە بۆ جارێکیش نەم درکاند

## شەو

کاتێ شەو دێ

دەستی ئەوین دەکاتەوە

بۆ ئەم شارە

ئەوەیش ئێمە دەیدەین بە شەو

بە تەنیا خەم و ئازارە

## ئۆقرە بگرە

ئۆقرە بگرە

دڵە زەمەن کەڕ و کوێرە

تاوانی تۆ و ئەوان چی بوو

هاتن بۆم ژینە هەڵدێرە

## سلێمانی

سلێمانی ڕووخساری تۆ کە هەمیشە گەش و جوانە

ئەمێستاکە هەوری ماتەم دای پۆشیوە ئەم ئاسمانە

هەزاران خەم لە ڕووی تۆدا دەردەکەون و ئاشکران

دڵت تەنگە ڕەنگت زەردە ڕوویان ڕەش بێ ئاسۆگران

پەشێوی تۆ ئازاری تۆ نە هۆیەکە نە سەد دانە

چوون نەت هێشتووە کوندە پوو لە باوشت بکا لانە

دەك ڕووی ڕەش بن دالی کەرخۆر زل و مل قەوی بی حونەر

بوون بە داری قوزەڵ قورد و ڕۆژی سەد جاران دێنەبەر

نەبە فرمێکی تیمساحی نەبە دروشمی هیچ و قۆڕ

لە ئاستی شارەکەی مندا هەر مل شۆڕین دایم مل شۆڕ

سلێمانی لە چاوم دای لە ئاسمان و هەتاومدای

لە دەرونی بەخەمم دای لەسەر ڕێگا و هەنگاومدای

ئەزیزەکەم تێر تێر بگری بۆحاڵ تەنگی نەخۆش وساغ

لە دەست دەسەڵاتی کوردی واوەیلا و شیوەن وسەد داخ

ئەزیزەکەم تێر دوعاکە  بۆ هاوڵاتی گیرفان بەتاڵ

لەدەسەڵاتی چاو چۆچنۆك لە دەسەڵاتی کەڕ و لاڵ

نا نا مەگری ئاسمانی خۆت بکە تەوقی گەردنی وان

واین لەسەدەی بیست و یەکدا تازە هاوار ئەکەین بۆ نان

لێتان تورەن سەد جار هێندەی ئاسمان و ئەوەی تیایەتی

زەوی وئاسمانتان هەڵ لووشی ڕوو ڕەشانی کوردایەتی

## نەت ناسیوم

نەت ناسیوم

بەخەمەکانم ئاشنانی

لەئازارەکانم دووری

ئەو شیعرانەی بۆم نوسی وی

بەخودی خۆم

جار جارێ ئەدەن سەبووری

## لێم تێناگەی

لێم تێناگەی

وشەکانم قورسن تیژن

کز و لاتن

بۆیە سوکن

بەسکە خشێ بۆ لات هاتن

## ونم مەکە

ونم مەکە

ئاسمان هەتاو ون ناکات

زەوی لەباران ناتۆرێ

چیا قەد بەفر دەرناکات

ونم مەکە

منداڵێکی لەرز بردووم

گریانێ قورگی پێ گرتووم

چیت پێ بڵێم

ماوم ، مردووم

ونم مەكە

ڕێبوارێكی ڕێگەی دوورم

كەس ناناسم

ونم بكەی لێت نابورم

ونم مەكە

پەیمانت دا پەیمان شكێن

لێرە نارۆی

گەرمانگ و خۆریش ئاوابن

ئەستێرەكانیش هەڵوەرێن

## ئازار

بەڵێ سەختە

ژیان و ژین لەنێو ئەم جەنگەڵستانە

ئەوەی كە قیمەتی نەبێ

شكۆ وشعوری ئینسانە

## كە دەمەوێت

كە دەمەوێت هۆنراوەیەك

بۆ چاوەكانت بنووسم

لێوی سووری چەن وشەی جوان

بە هەستەوە ڕابمووسم

لەوساتەدا

لەنێو ئەو هەست و نەستەدا

بە كوڵ فرمێسكی هەژارێك

دەی بەستێت خوێن لە جەستەدا

دەم و زووبانم لاڵ دەبن

وشەی شیرینی یادی تۆش لام تاڵ دەبن

كە دەمەوێت هۆنراوەیەك

گوزارشت كات لە خەندەی تۆ

بت دوێنێ لەگەڵ تابێ

هەر ڕێك ببێ بە بەندەی تۆ

لە پڕ ناڵەی ئەو كیژۆڵەی

نیوە شەو درایە بەر دەست ڕێژ

هەستی شیعری من کول دەبێ

چۆن ببێ تیژ

ئەو هۆنراوەش بەناکامی

گیان دەسپێرێ

کەشاعیر بەڵێنی دابوو

بەنامەیەك بۆت بنێرێ

شەرم دەکەم دەریببڕم

ئەو هەستەی بۆ بوونت هەمە

خەڵکی خەمی نانێکی بێ

بڵێم نەبوونی تۆ خەمە

بەڵێ گیانە ئەوەمنم

لێم تۆڕەبە

نەفرەت کە لێم

ناتوانم دەستی تۆبگرم

دەستی خەمی گەل بێتە ڕێم

## ڕق

ئەی بوول بوولی سەدا زێڕین

بۆ نایزانی

قەلەڕەش و کوندە پەپوو

تورەن لە ئاوازی ڕاستی

تورەن لە ڕەنگ و بۆی جوانی

ئەوان دڵخوازی تاریکین

شەم شەمە کوێرەی شەو ڕەون

دەیانەوێ بەڕەنگی ڕەش

ژیانی مە بکەن تەون

لە بۆ سەدان خەریك هۆسەن

کەڕ ولاڵن

ئەوانە گەنە و کرنکن

شەیدای خوێنی پاك و ئاڵن

ئەوانە ڕاوچی ڕۆشانین
ئەستێرە و هەتاو ڕاوەکەن
هەتا ڕۆژێ ئەم ولاتە
بە دەریایی خوێناوەکەن

قین لەدڵن ، دەرون ڕەشن
بۆگەنیون
ئەوانە تیری لە عنەتن
لە جەرگی ئێمە چەقیون

لەم نیشتیمانە بترازێ
دێز و گەڕن
سەرنەوی و ملشۆڕ و لاتن
ئای بێ ئەرزش و بێ فەڕن

دەرپێکەیان هەتا ئەژنۆ
دەترازێنن
بۆ ناحەزانی ئەم خاکە
هەر شەوی سور دەسازێنن

هەتاکو دوا سنووری ڕق
تف لە خۆتان
تف لەبوون تان
لەدەسەلاتی زووڵم وزۆر
لە حوکمەت و ئەزموونتان

## سەفەر

وا من دەڕۆم
بەڵام ئەگەر یادت کردم
خەمت خواردم
بەزەیت هات بە ڕەنگ زەردیم
بە دەستی تەزیو ساردم
ئازیز لە مانگ بڕوانە
ئەم شەو گەش و ڕوون و جوانە
ئەو چاوەی ئەی بڕێتە چاوت
بە چاوی منی بزانە
خەنینێك بکە بەڕووی دا
بیخە بەرچاوی ڕووخسارت

دەبێتە چراخان ئێرە

ڕووناك دەبێتەوە شارت

کەتۆ ونی

مانگ لە خۆیشی بێ زارە

شەوە زەنگە

ئەم زەمینە لێڵ وتارە

## ڕۆژی ئاڵا

ئەی ڕاونراو

هۆ هەڵهاتوی خاك و ئاوت

بۆ نیشتیمان !

بۆ و ولاتە !

پڕ فرمێسکە هەردوو چاوت!

## نیوە شەو

نیوە شەوە و

نیگایەکت تەلی ئاسۆری

ژەنیوم

سەدان یادگاری و ساتی جوان

ژوورەکەیان لێ تەنیوم

ڕاوەستاون

لێم دەڕوانن

هەندێ خەنین

هەندێ گریان

لە بێدەنگی ڕام دەماڵن

وەك تەرزە و تۆفان و زریان

## شیعرێك بۆ خۆم

بیست و سێ ساڵە من هاتوومە بوون

گەلێکم دیوە ڕۆژی تاڵ و توون

مەلی مەینەتی لە سەر شانم نیشت

تا ئێستایش نەمدی ئاسمانی ڕوون

هۆ ئەو کەسانەی هۆگرتان کردین

ئەرێ پرسیارێ بۆ هاتن بۆ چوون

بیست و سێ ساڵە میوانی ژینم

ئاشنای خەم و ئێش و برینم

من و مەینەتی ئاوێتەی یەك بووین

ئێستا لە شادی پڕ ڕق و قینم

ئازارە ئینسان پێی دەبێ گەورە

ناچاری نی یە وایە یەقینم

بیست وسێ ساڵە پێ دەگەم و هەم

لە ژین حاڵی بووم چ زۆر و چ کەم

زەمان ناهێڵێ مرۆڤ شاد بژی

ڕێگای دەخاتە سەر چیای ئەستەم

یان تەسلیم بوونە یاخود شەڕی مان

ژیان چی پێ یە بۆ بەنی ئادەم

بیست و سێ ساڵە و چەن سەعات و سات

مام ڕێباز هاتی بە کۆڵێ ئاوات

باوەشێ خۆزگەت نایە سەر شانت

ئاخۆ ئەم دونیا هەتا کوێت ئەبات

ئەو جیهانەی کە مەراقی تۆیە

بڵێی بیبینی هێند بوارت بدات

## تەنز

پێ یان وتم بۆ ڕەش بینی

نوسەری لاو

وتم ئاخر زوڵفی ڕەشە

منیش بۆیە ئەم دونیایەم

وا بەڕەشی دێتە پێش چاو

گەر حەزدەکەن

من گەش بین بم

شیعرەکانم زەرد و سووربن

وەرن بڵێن

بەونازدارە

با لە ڕەنگی ڕەش بە دووربن

## نێهینی

هۆ ئەو خەمەی هەتا ئێستایش

نە وتومی

نە ئاشکرای

ئا لەم ژینە تاریکەدا

تۆ بۆ من ڕووناکیت

چرای

گەرچی تاڵی

ئازار و ناسۆر و دەردی

منی گلاّ

دەمم وشك ناخم برین

هۆ شەماڵی هەڵ نەکردوو

وەرە و بمبە

بەرە و جۆگەی گەرمی ئەوین

لە ئامێزی

ئەو دایکەی هێنامی یە بوون

هەڵم دەگری

ئازیز دەبێ لە گۆڕیش دا

لەلای من جێگەیەك بگری

## ئەگەر ئەمشەو

ئەگەر ئەم شەو

کۆتا وشە

بڵێم بە تۆ

ئەم هەوری بێ دەنگی یەی من

چەخماخەداو

بەرامبەری تۆ بێ مەگۆ

بە دڵ پێت دەڵێم خۆشمەوێی

عیشقێکی پاکی بێ درۆ

ئەمن چم لە تۆ بینی وە

بێجگە لە خەم

بێ جگە لە تاڵی و ناکامی

بۆ خۆشمەوێی

ئاخر خۆیشم نازانم بۆ

## چەند چوارینەیەك

تا موحتاج نەبی بەشتێکی کەم
قەدری نازانی برای موحتەرەم
هەرشتێ کەمە بە حیسابی تۆ
پێی موحتاج ئەبی و ئەدەی لە ئەژنۆ

هەرگیز بە سوکی لە هیچ مەڕوانە
ئەوە سەرچاوەی ئەندێشەی جوانە

ئەم دونیا بەقای نی یە بۆ ئینسان
خۆتی بۆ بکوژی بەدڵ و بەگیان
لە پێناوی ئەو تەمەنت دانێ
نەتی ناسیوە کە رووی وەرچەرخان

تەماحی دونیا زاهید و جەردە
وەك بوك و زاوا ئەباتە پەردە
هەرکەس بەحیساب ئەوی گۆڵ داوە
پێ خەسویش بۆخۆی هەناسە سەردە

هەرکەس مەنزڵی ژینی خۆشەکا
مەینەت ئەکێشێ ژیان گۆشەکا
ئەجەل وەك ماری سڕی بێویژدان
خۆی مەڵاس داوە لەبن دۆشەکا

لەماڵی ژیان هاتی و میوانی
سەفەر واریدە چ پیر یا جوانی
قافڵەکەی تۆیش دەکەوێتە رێ
بە مەردی بژی ئەگەر ئینسانی

## جەژن

جەژنت پیرۆزبێ کاکی موسوڵمان
بـا رق و کینـە دەرکـەیـن لـە دڵمـان

گـەردن ئـازادی بـە دڵ و گـیـان بـێ
دەبـێ وابکا کێ مـوسوڵمان بـێ

لە خۆخۆری مـان چیمان کەوتە دەس

سڵاو لەو کەسەی لێبووردنی هەس

بەخـۆشەویسـتی و گـیانی تـەبـایی

دوور لـە تەفرەقـە و شـەڕو جـودایی

بە مەنزڵ دەگەین هەم ئێمە و ئێوە

داری تـەبایی خـۆشـی وا پـێوە

## بێ سنوور

لە نێو ئەم هەموو فەرهەنگا

چەن وشەیەکمان پێ شك دێ

مرۆڤ دەستی لێ گیر بکات

بیکات بە ڕستەیەکی جوان

بڵێین بۆ سەدەی بیست و یەك

ئا ئەمەیە خەمی ئینسان !

## مردن

هاوار لە قەبر هاوار لە مردن

هاوار لە ڕۆژی گیان تەسلیم کردن

هاوار لەو ڕۆژەی لاشە بێ گیانم

لە خرا پە کاری گشت پەشیمانم

هاوار لەو ڕۆژەی پۆشاکم خامە

لاشە جوانەکەم بۆگەن بەسامە

هاوار لەو ڕۆژەی بە دەستی بەتاڵ

بەدەست دۆستانم ئەخریمە ناو چاڵ

هاوار لەو ڕۆژەی شینو ڕۆ ڕۆ یە

جەنازەم بێ گیان بێ گفتو گۆیە

هاوار لەو ڕۆژەی بێشك بەڕێیە
وەرە تەماشا چاکە چیت پێ یە

بکەوە پێشی نەکەویتە دواى
کەهات پێتی وت تۆ ئاخر فەناى

خەم و تاڵی بێ ئەحواڵی ماندووی و شەکەتی هەستم
دەگوزەرێ بە سەر دەچێ کە بە یادی تۆ پەیوەستم

نیگاکانت تاڵی زەمە ن دەگۆڕن بۆ خۆشی و جوانی
ئەو ماڵەی تۆ خانمی بی پڕ ئەبێ لە میهرەبانی

## ون بوون

ئەی فریشتەی جوانی نەمای تۆ لە کوێی
لە ئاسمانی پڕ لە تەمای تۆ لە کوێی

گوزەرت کرد بۆ شاری بێ وەفایی
کوای لە ئامێزی کام خەمای تۆ لەکوێی

## ڕەحمی خودا

چیت کردووە بۆچی ئەترسی دەرگای ڕەحمانە وەرە
دەست بەڕووی کەسەوە نانێ میهری بێپایانە وەرە

من و تۆی هەژار لەم دونیا ناگەین بە دەرگای میر و شا
ئەو بە خۆی بانگی لێکردوی بەڕۆحیش هەرزانە وەرە

## عەیار

ئە ی سەر گوزشتە ی تاڵی من ئە ی ئاسمانی ڕوون و ڕۆشن
تۆ ئەزانی چەن شیرینی خە نینەکانت چەن خۆشن

## بێگانەم لات

ئازیز نەتزانیوە من کێم
ماڵۆچکەیەکی دوورە ڕێم

بەم هەنگاوە لەرزۆکانەم
وردە وردە بۆ لای تۆ دێم

نەت ناسیوم پێم ئاشنانی
خۆ تۆ قەت لەمن جودا نی
وا توامەوە شێوەم گرتی
منیشت پڕ کرد لە جوانی

نەت ناسیوم بێگانەم لات
ئەی مەحرەمەکەی کات و سات
بڵێی زەمەن هێند مەرد بێ
دیدەنی یەکی تر ڕێك خات

لەم وڵاتی داخ و ژانە
ئاسمانیش چاو بەگریانە
بۆ شاعیرێکی نیوە گیان
دیدارێکی تۆ هەر جوانە

## چەمچەماڵ

چەمچەماڵ ئەی شاری شیرین نیشتیمانە جوانەکەم
خاك و خۆڵ و دار و بەردت سەروەت و سامانەکەم

ئاو هەوات سەیر و سەفات مەرهەمی برینی من
هۆ ڕووناکی دوو دیدەی من ئەی ژین و ژیانەکەم

ئەگەر مەلێکی ئازادبم ئەم جیهانە تەی بکەم
زۆر مەحاڵە لەغیری تۆ لە هیچ شوێنێ لانەکەم

خەڵکی ملی خۆی دەشکێنێ بۆ خاکێکی دوورەدەست
بۆ خاك و وڵاتەکەی خۆم ئەی من بۆچی وا نەکەم

ئەگەر بێت و وەك ئینسانێ لەم وڵاتە من بژیم
ڕوو لەکوێ کەم بۆ کوێ بچم گوناە و تاوانەکەم

نیشتیمان من بەقوربان گەورە و بچوك و گەدایتۆ
پڕاو پڕە لە عیشقی تۆ دڵە سەر گەردانەکەم

## بەفر

نە رم نە رم بە لە نجەو لار خۆت بابدە بە دەم باوە

لە م نیشتیمانە ئازیزبووی بۆیە بارگە ت لێی پێچاوە

تارای سپی روون و رۆشن لە قە دی زەوی ئاڵێنە

کزەی ساردی ئە م زستانە ماشێنی بووکی ساڵوێنە

زەویش تازە بووکە دەخیل بیرازێنە تا ئە توانی

ئە م شە و مانگی پری چواردە تە شریف دێنێ بە میوانی

## گەر دەتەوێ

بەڵێ ئێستایش

تۆ ئەو مانگەی

من بەهی خۆمت ئەزانم

لە هەرکوێ بی

لەهەرکوێ بم

بەتاسەوە لێت ئەڕوانم

## گەر ئەتەوێ

لە قەفەزی ئامێزت دا

کەنار بگرم

گەر ئەتەوێ

دیلی تۆ بم

بەکۆتی زنجیرۆ بمرم

ئاخر گیانە

من کەی شاعیری دەستەمۆم

نەك هەر بەتۆ

من بە خودی خۆێشم نامۆم

## گەر ئەم جارە

ئەم ئەویندارە لاسارە

لەگەڵ تۆدا ڕوو بە ڕوو بێ

پڕ بەم شارە

هاوار دەکەم خۆشم دەوێی

گەر هەزار جوێنم لەدوو بێ

## نازانین

ئێمە لەوڵاتێك دەژین
دەبێ لەچرکەی کاتژمێر
دڵمان ڕاچەنێ و بترسین
کەشەو دەچینە سەر بالیف
خۆنازانین
لەکام خەمی ڕۆژ بپرسین

گەرچی وەك خۆم
ڕەنگ زەرد و بێ ڕەنگ و بۆن
سانا و سادەن
ماڵۆچکەیەکی خنجیلەن
ئامێزێکن پڕ بە ئەوین
بۆ پەنجەی تۆ
یەك مستیلەن

## چیت پێ بڵێم

چیت پێ بڵێم
خۆشم دەوێی
لەم وڵاتی ڕق و کینە
ئەوەی گرنگ نەبێ بۆ فەرد
خۆشویستن
عیشق ،ئەوینە

## شیعرەکانم

شیعرەکانم
مەحرەمی تۆن

## چرا

هۆ ئەو چرای
هەتا ئێستاش هەر پێ نەبووی
سەدان هەنگاو
لە تاریکی ڕێگام بڕی
تەنیا جارێ
ڕووناکی سەرە ڕێ نەبووی
ئەو سەدان هەنگاوەی بڕیم
ئەو سەدان هەڵدێرەی کە دیم
ئێستاش بەتینی ئەو چرا
تاریك و بێ تینە ئەژیم

## وشە

لە وشەکانم مەترسە

خۆ چەقۆنین

هەرگیز زمانی تۆ نابڕن

مەقەست نین

کراسی دامێنت نادڕن

ئەوان لەنێو بەفرۆ هاتوون

لە پەنجەرەکەت وەستاون

ئەم شەو میوانی تۆن خاتوون

ئەو ڕستانەی نەمان وتن

ئەو پەیڤانەی لەسەر زارمان

بوون بە گرێ

دار و پەردوی ئەو ماڵە بوون

کە بڕیار بوو

ئاوەدان بێ و

هەرگیانی تێدا بوترێ

لە وڵاتێکی پڕ لە خەم

بێ ئاسمان و

بێ ئەستێرە و

تاریکە سات

چۆن لە ڕووم بێ

بە تۆ بڵێم

خاتوونەکەی من شەوت شاد

## ئەم شەو

ئەم شەو ماندووم

وەکو دارتووەکەی حەوشە

ئازار و ژان ڕام دەژەنن

ژێر نابم نا

بەزیندووی وەکو قەساب

پێستی لەشم دادەکەنن

ئەم شەو من گەڵای پاییزم

هەڵدەوەرم

بە جۆگەیەکدا دەچمە خوار

دەستت دەگرم

گەر پێك گەیشتین لەکەنار

ئەم شەو دایکی شەهیدێکم

دونیا ساردە

باران و بەفر و کڕێوە

دڵنیام ڕۆڵەم سەرمایەتی

دەچم باوەش بدەم پێوە

ئەم شەو عاشقێکی شەیدام

لێی دەڕوانم

ئەو نامەیەی دوا جار پێت دام

هەزار جارم خوێندووتەوە

بۆم ناوتری

ئەو ئازارەی ئەژیم تێی دام

## پەرتەوازە

جار نا جارێ

بەو پەڕی هەست

پێ نوسەکەم دەگرمە دەست

وشەی گەرمی پڕ لە ئەوین

ناسك و جوانکیلە و شیرین

بە دەزووی خەیاڵ دەهۆنم

بۆت دەکەم بە بەر گەردنێ

لەبەر خاتری دڵی من

بۆ هەمیشە

لە سەر سنگتی دا بنێ

جار ناجارێ کە ژاکاوم

دەریایەکم وشك برین

بۆ خودی خۆم

پەرێشانی قومێ ئاوم

لەگەڵ یاد و بیری تۆ دا

هزر و خەیاڵ

دەرونی لە خەما جەنجاڵ

ئاوی حەیاتی تێ دەزێ

خەندە و شادی

ئارامی گیان

سەرتا پای لەشم دا دەگرێ

جار ناچارێ تەواو ماندووم

ئەم هەناسەشم پێ قورسە

گیان و جەستەی

بە ئەم ژینەوە نوساندووم

باوەڕ بکەی یادێکی تۆ

ئارامی یە

سەبووری یە

ئازیز چەن ڕۆمانی دەوێ

خەم و داخی ئەم دووری یە

## دایە ..... دایە

دایە ... دایە

گەر پێت وایە

ئەم کوڕەی تۆ چیا نی یە

بەڵکو ڕێك لوتکەی چیایە

دایە ... دایە

گەر پێت وایە

ئەم کوڕەی تۆ ئاسمانێکە

دەروونی ئەو

سەدان خۆر و مانگی تیایە

دایە ... دایە

گەر پێت وایە

ئەم کوڕەی تۆ درەختێکە

پڕا و پڕ لق و گەڵایە

دایە ... دایە

گەر پێت وایە
ئەم کوڕەی تۆ دەریایەکە
دلۆپ دلۆپ
ئەوین و عیشق و وەفایە

بەڵام ئێستا من چیا نیم
ئەمن لوتکەی هەڵگوردێ نیم
وڵاتێکم پڕم لەخەم
هەر گەنجێك نیم
زگوردێ نیم

دایە ئەگەر ئاسمانیش بم
خاوەنی مانگ و هەتاو بم
ئەزانی بۆ هەڵدەوەرێم
لە ژێر چەتری دەستی منا
سەدان ئاە و هەناسەی سارد
نوزەی ئادەمی ناموراد
هەنسکی منداڵی برسی
شەقی جەلاد

ئەمانەو سەدان خەمی تر
لەم جیهانە لەم ژیانە
هەر دەتۆرێم

ئاخر دایە
ئەو درەختەی کە پێت وایە
بەژنی بە قەد ئاسمان بەرزە و
بۆ دەیان مەلی بێ لانە
دەبێت بە سێبەر و سایە
هەر چوار وەرزەکەی تەمەنی
وەرزی وەرینی گەڵایە

هەناسەی داخداری مەردووم
لەناو ڕەگ و ڕیشەی دایە
ئەگەر وەری لۆمەی مەکە
لەم وڵاتی
زریان و تۆفان و بایە
ئاخر دایە گەر دەریاش بم
پڕاو پڕ عیشق و وەفاش بم

وشك دەكەم بێ ئاو دەبم

سەد هێندەی تر

شوێن بزر و بێ ناو دەبم

ئەزانی بۆ

لەم خاکەدا هەرچی جوان بێ

کێ ئینسان بێ

چارەنووسی

بەکر عەلی سەردەشت ئاسا

دەبێ بە کۆڵانی مەرگی

ناوە ناوە

بکا پیاسە

## ئەمێستاکە

ئەمێستاکە

دەستم توند خستە سەر دڵم

بە هێواشی یەك لێم پرسی

خۆشت دەوێ

ئازیزە لات

شەرم مەکە بێرە دوان

باوەڕ بکە

وەکو تە پڵ

لە ژێر دەستما

کەوتە کوتان

کەوتە کوتان

بە ئەسپایی

نەرمە ترپە

ناوەکەی تۆی بۆ من درکان

## بۆچی هاتی

کە ئەتزانی باڵندەیەکی کۆچەری

ئێوارەیەك

دات لە شەقەی باڵ و ڕۆشتی

ئازیزەکەم نەتەتوانی

منیش لەگەڵ خۆت دا بەری

## که دەمەوێ

که دەمەوێ

هەڵبەستێکم ،

لەجێی منی بێ دەست و پێ

ڕێگا بگرێ

بێت بۆ ژوان ،

دەبێت بە شەڕ !

شەڕی وشە و پیت و ڕستە

لە سەر کاغەز

لە یەکتر توندی دەکەن شان ،

دەیانەوێ دیدەنیت کەن

به پەنجەکانتا هەڵزنێن

هەر دەرنەکەوت ،

بە سەر کێوی سەختی ژینا

هەر سەرنەکەوت !

جا بزانە ،

منداڵێکی شیرە خۆرە

لە باوەشی دایکی دایە ،

هاتۆتە خوار لە جۆلانە

هاواری لە خودا کردووە

سبەی درەنگ خۆر دەرکەوێ

تا لە ئامێزی دایکی دا

تێر بحەوێ !

## گەر هاتوو من ئاوابووم

گەر هاتوو من ئاوابووم

سبەینانێ،

زۆر لە چیای ئەستەم ڕامای

ئەم خۆرەی تۆ

## ئاوا بوون

ئێوارەیە و

لە هەر لایەك،

تێ بڕوانی

لە ئاسمانی پان و بەرین،

باڵندەیەك

سەرنجتە بات

بە ئاواز و سەدای شیرین ،

بەكەیفە ، پڕە لە ئومێد

چون دێتەوە

بۆ ماڵكی پڕ ئارامی

كە دەستی ناكەوێ هەرگیز

مرۆڤی پڕ لە ناكامی ،

هیواش هیواش خۆری ماندووش

لە كەژی ژین

دەچێتە خوار،

تاریكای ئاسمان دەگرێ و

ئیتر داشی خۆی دەخا سوار،

بایەقوشە وەفادارەكەم

ئەو ماڵۆچكەی كە تەنراوە

بە وشە و پیتی نەوتراو ،

پڕە لە ئاوێنەی شكاو

پڕ لە قرتێلە وتەسریحی

كیژۆڵەیەكی پرچ بڕاو

پڕە لە جۆگەلەی خوێنی

خانمانی ئەتك كراو!

پڕە لە بەیەك نەگەشتن

لە دابڕان

پڕە لە ئینسانی جنراو،

فەرمووتە دێم

بەڵام نەكەی

كەشتی عومرت لەم چیا پڕ لەخەمە بەی!

ئازیزەكەم هێندە بەسە

كە تۆ لەم جیهانەدا هەی .

## سەرەی منە ملی ڕێگای دوورم بگرم

بۆ ئامێزی

ماڵۆچە دوورە شارەكەم،

بۆ هاودەمی

## ئەگەر مردم

ئەگەر مردم
گۆڕی تار بانگی لێکردم
کاتێ بۆ شێون پێی من گەڕان
ئەمن وون نیم
چون بەتەمای لەناوچوون نیم

ڕووخساری پەیڤاکانی من
وشەکانم
پیت بە پیتێ ئازار و دەرد
ئاهەکانم
خەمەکانی ژینی وەیە
دەوری کەسەر و مەینەتە
ئەم سەردەمە

ئەم سەدەیە
لەفرمێسکی منداڵێکدا
لەناڵینی بێ حاڵکدا
ورد بنوارن بەشوێن مندا
لەهاواری بێنانێکدا
لەو کیژۆڵەی ژینیان تێکدا
ئەو ناڵەیە هی منە دێ
لە ئاپۆڕای مافی ژندا

لە خەمی دیل بۆ ئازادی
لە کۆسکەوتوویە بۆ شادی
لەو بڵند گۆی هاواردەکا
دژی ستەم و نادادی

لە پێنوسی ئەو خوێندکارەی
پۆلی یەکەو
دارە دارە بە پیتێ گەلی زمان دەکات
کە بە خەتێکی گێڕ و لار
لە سەر دەفتەرەکەی دەستی

بە دەستێکی لەرزۆکەوە
تێتە سەرزار
ناوی نیشتیمان دەنوسێ

به چوار بەشی لێك دابڕاو

پێنوسیش دەخاتە گریان

بە ڕەنگی ڕەش

بە فرمێسکی خەم و ئازار

ئەوە منم

هۆ نیشتیمان

هۆ کوردستان

## بۆ نام ناسی

گەر تا ئێستاش بۆ تۆ نامۆم !

نە ناسراوم

شوێن بزرم !

چۆن تێ دەگەی

لەم عیشقەی من؟

دەبێ لە بەردەمتا بمرم

چت لێ بکەم

تۆ مامز نیت

لە شەماڵی وەشت ناگەی،

کەروێشکی کێوی سرك نی

لە کزەبای دەشت ناگەی

خۆ هەڵۆ نیت

ئاشنایی شاخ و کێو هەرد نی

بەفری چیای قەندیلیش نی

هەرگیز تۆ شەختە ناناسی

وەك هەڵگورد هەناسە سەرد نی

چما جارێك بەرێبواری

ڕێت کەوتۆتە نێو گەرمە سێر

ئاهی هیچ دایکە ئەنفالێ

کورەی ڕۆحی

گیرساندووی

دەیان گوند و لانەی وێران

هەوری خەمیان پساندووی

نانا گیانە باش دەزانم

نەبینوتن

نەکەس بۆی کردووی باسی

ئاخر منیش لۆمەت ناکەم

هەتا ئێستاش من ناناسی

## هەموو شتێ جوانە لە تۆ

( هەموو شتێ جوانە لە تۆ

زوو تورە بوون

گرژبوونی هەر دوو برۆ

بۆڵە بۆڵە

وردە جمێنی لەسەر خۆ

( هەموو شتێ جوانە لە تۆ

کەمێ شەرم

نیگای گەرم

جار نا جارێ لە ژێر لێوە

بەورتەیەك

سەد خەیاڵ بخەیتە سەرم

( هەموو شتێ جوانە لە تۆ

هەنگاوی ورد

جادوی دەست کرد

پێکەنینی پڕ لە ئاواز

تیر ئەندازی بە دەست و برد

( هەموو شتێ جوانە لە تۆ

چ بێ دەنگی چ گفت و گۆ

فەرهەنگێکی پڕ لە وشە

دڵت پڕ کردووە لە سۆ

## وێنەدانەوە

تا موحتاج نەبی بەشتێکی کەم

قەدری نازانی برای موحتەرەم

هەرشتێ کەمە بە حیسابی تۆ

پێی موحتاج ئەبی و ئەدەی لە ئەژنۆ

هەرگیز بە سوکی لە هیچ مەڕوانە

ئەوە سەرچاوەی ئەندێشەی جوانە

ئەم دونیا بەقای نی یە بۆ ئینسان
خۆتی بۆ بکوژی بەدڵ و بەگیان
لە پێناوی ئەو تەمەنت دانێ
نەتی ناسیوە کە ڕووی وەرچەرخان

تەماحی دونیا زاهید و جەردە
وەك بوك و زاوا ئەباتە پەردە
هەرکەس بەحیساب ئەوی گۆڵ داوە
پێ خەسویش بۆخۆی هەناسە سەردە

هەرکەس مەنزڵی ژینی خۆشەکا
مەینەت ئەکێشێ ژیان گۆشەکا
ئەجەل وەك ماری سڕی بێویژدان
خۆی مەلاس داوە لەبن دۆشەکا

لەماڵی ژیان هاتی و میوانی
سەفەر واریدە چ پیر یا جوانی
قافڵەکەی تۆیش دەکەوێتە ڕێ
بە مەردی بژی ئەگەر ئینسانی

## بێدەنگی

ئازیزەکەم با بێدەنگ بین،
لەم وڵاتە
پڕ هاوار و ژاوە ژاوە
لە کوێڕا دەنگی لەرزۆکی
ئینسانێکی جوان بیسراوە !

## میهرەبانی

لێت ئەترسم !
ئەزانی بۆ ؟
تۆ ساحیری جادوو گەری ،
چۆنت توانی بە خەندەیەك
بیر و هۆشم داگیر بکەی؟
ئەم دڵەی من بۆ خۆت بەری !

## جوانی خودای

تا پێکەنینی تۆم نەدی
نەمزانی بوو زەردەخەنە

## کۆچ

ئەمەندە مرۆڤ جوان دەکا،
بێ ئارایشت
بێ سەد دەرمان و چاو ڕاو ،
کە دەخەنی ڕووخسارت تیشك دەهاوێ
جەرگی مانگیش دەکەی بە ئاو،
شرینەکەم دە کەم جوان بە ؟
کەم عەیاربە ؟
هۆ قژ کاری
پرچ براو،
چی دەوێ لێم پێتی بدەم
دڵێکی هەزار جار شکاو؟
خامە و دەفتەرێکی دڕاو؟
چەند شیعرێکی قەت نەوتراو؟
گەر دەتەوێن
بۆت گرنگن
منیش دەیدەم پێت بە سەرچاو؟

تۆ دەڕۆیت و
ئیتر ئاسمانی ئەم شارەیش،
لە دەم و زووبان دەکەوێت،
تۆ دەڕۆیت و
هەر چەندە عیشق و جوانی یە
هەر چی یە میهرەبانی یە ،
چۆکی دەشکێت
بە قەد و ڕەگۆ دەنەوێت ،
تۆ دەڕۆیت و
بوومەلەرزەی کۆچەکەی تۆ،
من و ئاسمان ؟
گەڵای سەوزی درەختەکان
کوچە و کۆڵەنەکانی شار،
باڵندەکان
لەجێی خۆمان ڕا دەچەنێین،
هەر یەکەمان بە شێوەیەك
دەبین بە لانەی خەم و ژان ،

تۆ دەڕۆیت و

ئەم زەمین و خاك و ئاوەی

پڕە لە بۆن و یادی تۆ ،

دار و بەرد

زیندوو مردووی هۆگری تۆن،

تۆ دەڕۆیت و

ئاوڕێکیش نادەیتەوە

لەو شتانەی بە جێتهێشتن ،

ئەمەت بۆ کرد !

دە ئاخر چۆن ؟

## من کێم

ئەوە منم

مشتێك فرمێسك ، ئاهێ سارد

شەماڵێکی درەنگی شەو،

سەرخۆشێکی پڕ لە برین

بە لۆژە لۆژ

خۆی لە ئاوەدانی بوارد،

ئەوە منم

ڕێبوارێکی ڕێگای نا دیار،

ئەستێرەکی بێ ئاسمان

قەرەجێکی دەوار نشین،

جەستەیەکی هەنجن هەنجن

پڕا و پڕ برین و ئازار،

ئەوە منم

وڵاتێکی بە بێ ئاڵا !

نیشتیمانێکی لەت لەت و

خنکاوی چۆڕێك لە ژیان !

عاشقێکی بێشووناس و

تەرمێکی سەر دەریای ئیجە و

ئاوارەیەکی هەندەران ،

بەڵێ گیانە ئەوە منم

ئەی تۆ پێت وایە چیم و کێم ؟

ڕەنگە ئیتر ئەمەت زانی

سەد هێندەی تر

دووربی لە لانە و ڕێگە و جێم!

چەن هۆکارێکیشم پێتدا

وەکو جاران خۆشت نەوێم ،

## سەرگەردانی

بۆ نە مردم ؟

منی گەڵای زەردی خەزان

ئەم گەردەلوولی مردنە،

بۆ نەی بردم؟

من بۆچی مام ؟

بۆ کام خەمی دڵی ئێوە

خونچەی هیوام ؟

بۆ کام شەوی ژینی ئێوە،

تینی چرام ؟

من بۆچی بووم ؟

بەچ هۆشێك

ئەی بۆ بووم بە بەیداخ هەڵگر ،

بۆ لەشکری جیهانی شووم ؟

بۆ کوێ بڕۆم ؟

بەکام شەقام ؟

بەکام ڕێگا ؟

هەنگاوی ڕێبواریم بنێم !

لەگەڵ کام خەم و ئازاری

کوچە و کۆڵانەکانی شار

کام فرمێسکی پڕ حەسرەتی

جووتێ چاوی پڕاو پڕ ڕاز

ئەم شەو بدوێم ؟

## تواندوە

ڕەفیق بیژەنە ئاوازێ تازە

سوکنایی بدا بەم دڵە بێ نازە

ڕەفیق بیژەنە ئاوازێکی نوێ

لە دڵی گەش کەس بۆ خۆی بگری جێ

خورپە خورپی دڵ دابنێ وەك تۆن
ئەبەد ئەمێنێ هەرگیز نابێ کۆن

عاشقێ شەیدا بە دڵێ گەرم
بیخوێنێ نەی بێ هیچ ترس و شەرم

سەر بلەقێنێ دڵی بجۆشێ
لە سەریەك پێکی عیشق بنۆشێ

هەرکەسێ بیستی ئەویش مەست بێ
پڕ لە ئەوین و سۆز و هەست بێ

عاشقان تێکەڵکەن ، دەرد و حاڵی یان
بگاتە گەردوون ناڵە ناڵی یان

یادی مەعشووق کەن هەر یەك بەجۆرێ
هەر یەك بەدەرد و زام و ناسۆرێ

خورەی فرمێسك و نوزە نوز و ڕاز
ببنە ئۆپێراو خۆشترین ئاواز

تێر تێر بسوتێین دامرکێینەوە
بە دەم سووتانۆ سەر بنێینەوە

هەر یەك لەلایە لە کەف و کوڵچین
دابشۆرینۆ لەڕق و لەقین

## ئاوا بوون

ئیتر ماندووم !
وەك درەختێ ڕەشەبا دای چەماندبێ ،
وەکو کەڵەکی جوتیارێ ،
لافا و تەرزە و باوبۆران
ڕەگەکەی هەڵتەکاندبێ !

ئیتر ماندووم !
لە شەقام و لە کۆڵان و

لە دار و بەردی ئەم شارە !

لەم ولاتەی

لەبن هەر تاشە بەردێکی ،

کۆشێك فرمێسك و ئازارە !

ئیتر ماندووم !

لە چۆلەکە و

لە کۆتر و

لە باڵندە و باڵدارەکان !

ئەوانیش پڕ لە ناکامین

پڕن لە کەسەر و لەژان

کە دەخوێنن لە سەر داری ،

بە سەد شێوە دێنە زووبان !

بە دەست خەمی ئەم جیهانە

ڕێك دەدەن لە پرمەی گریان !

بەڵێ گیانە

ئیتر ماندووم !

لە تۆ لە عیشق لە جوانی !

لە ئەوینەی هەتا ئێستایش پێت نەزانی !

ڕێبوارێك بووم لەسەر ڕێگا،

ڕووم لە تۆ کرد

پشتم کرد لە ئاوەدانی !

سەرابێك بووی

هەرچیم کرد و پێت نەگەشتم ،

لە کەژ و کۆ

لە نساران

لە گوڵی نێرگزم ڕوانی !

ئە من بێ تۆ

کۆترێکم نە هێلانەم هەیە نەباڵ

جەستە و ڕۆحم لەلا بارە

هۆ خانمەکەم !

ئەی ئاخر تۆ بۆچی وانی !؟

## ئەوینی بێسنوور

من دەزانم کە خەمێکی

پڕ بە بەرم ،

چەقۆیەکی سواو کولی
نراوی لە پشتە سەرم !
ئاگرێکی لە ناخمدا ،
دەیسوتێنی جەستەی ماندووم
ڕوح و گیان
گۆشت و چەرم ،
بەڵام هێشتا لێت بێزارنیم !
هەزار خۆزگە !
دەبووی بە سایە و سێبەرم !

من دەزانم !
فرمێسکێکی بۆ چاوی من ،
تۆفانێکی دێی بەرەو ڕووم !
هەوری ڕەشی لە ئاسمانم
پڕاو پڕی لە دڵۆپی شووم !
تیکەیەکی ئێش و ژانی ،
ناچیتە خوار
دەگیرێی لە قوڕگ و گەروم !
ئێستایش دەڵێم

سەد مخابن !
وەك سێبەر نەهاتی لە دووم !

من دەزانم !
ڕێگای ئێمە لە یەك دوورە ،
مەودای ژینمان
سەد هەڵدێر و
سەد کە ژو کۆ و
مین چێنراوی سەر سنوورە !
ئەگەر ڕۆژگار
قاچ و دەستی پێوەن کردوم ،
گوێی بڕیوم !
هەردوو چاوی هەڵکۆڵیوم !
بانگت کردووم
بێ ئاگا بووم !
لێم ببوورە ،
ئەو شاعیرەی تۆ دەیناسی
ئەمێستاکەش
خۆشی دەوێی !

لێت ڕاناكات !

لەسەر بەڵێنی خۆی سوورە !

## ناسۆر

ئەوشەوانەی تۆلێرە نیت

نە ئاسمان ڕەنگی شینە و

نە ئەستێرەیش وەك مرواری

لە دەوری مانگ دەدرەوشێن !

وشە دەبن بە چنگی خوێ ،

## سۆز

هۆ گوڵی جوان !

لێم مەتۆرێ ،

من شایەنی دڵی ڕەقی نیم !

بە پوولەیەكی وەرزیم و

عومرم چەنە!؟

چەنێك ئەژیم !؟

## ترس

لە لام ڕوونە !

ڕۆژێ بە جێمدەهێڵێت و

لە بەر چاوانم ون دەبی ،

ئاگری دڵم دانامركێ

بەم جیهانە !

بەم گەردونە !

بێگومانم

هەر چی یەك خۆشم ویستووە

وەك نە ناسێك ،

پشتی تێ كردووم و چووە ،

ئەی من بۆچی پەرێشانم

ئەترسم تۆش وابی خانم !

بۆ ڕۆژگار

بەجێمانێشت ،

دەیان زام و شوێنەواری سەدان برین

بوون بە دێراو

جۆگەلەی ژان بوو بە ڕووبار

ماڵۆچکەی خەمیش بوو بەشار

## من کێم

ئەزانن کێم ؟!

هەتاوێکم بە بێ ئاسۆ !

دەرختێکم بێ چنگێ خاک !

مەلێکی بێهێلانە و جێم ،

ڕێبوارێکم

لەوەتەی هەم کۆچەریم و

کام لوغمی سەر سنوور ماوە ،

پێی ماندووی لە سەر دانەنێم!؟

ئیتر دەبێ

چاوەکانی خۆم هەڵکۆڵم !

گوێم ببڕم!

بێشعور و هەست و هۆش بم ،

تا لە سایەی سەری واندا

بتوانم وەك بتێ بژێم!

لۆمەم مەکەن !

کە دەمەوێ

نەك بە دوو قاچ!

بە هەزار قاچ!

لەم خاك و وڵاتە هەڵبێم !

## تاسان

وەك منداڵێك

چۆن پڕ بە هەست دەڵێ : دایە

یانی گیانی دەست ناکەوێ !

دڵی منیش منداڵێکە

گوناهی چییە ؟

خۆشی دەوێ!

## هۆغرکردن

گەڵای لقی درەختێکی

بە دەم باوە دەچیت و دێ ،

لە کام لاوە

سەیری تابلۆی ژیانت کەی
تۆ هەر ڕێبواری سەرە ڕێی ؛
ڕۆژێ گێژەڵوکەی مردن
ڕەگ و ڕیشەت هەڵدەکەنێ ،
زریانی ئەجەل هەڵتەگرێ و
پێت پڕ دەکاتەوە کەنێ،
کوتاییت دێ کاکی ڕێبوار
سەفەرەکەت یەکجاری یە ،
ئەوەیش لای خەڵکی دەمێنێ
هەر مشتێ لە یادگاری یە ؛

## ڕاز.

پێش ئاوابوون
منی هەتاو؛ .
منی شەکەتی گیان جنراو ؛
پەیامی ڕەنەگەینراو
بە زەردەی ئاوابوونمدا
بە تۆی بێچاو دەگەیەنم،
بە دەستێکی لەرزۆکەوە
خەتێکی ڕەش .
بەسەر شانۆی ئەم تەمەنا
وا دەهێنم
بە بێ چە پڵە
بێ هاژو وش
ئەم پەردەیە دەهێنمە خوار
بۆ ساتێکیش ڕانامێنم؛
دڵم نەهات
ڕۆڵت پێ بەم؛
ببیە بەشێك
لەم چیرۆکە تراژیدیایە ؛
خونچەی جوانییت هەڵوەرێنم؛
بۆیە بەبێ دەنگ مامەوە
ئەمەش وای کرد
نەڵێم چەندە خۆشم دەوێی ؛
ئەم ڕازەت بۆ نەدرکێنم

## نیگەرانی.

نەخۆشکەوتی!؟

شەکەت دیاری منت بمری !

ئاخر هەنگێکی لانەواز

چۆن دەتوانێ

بەرگەی ڕەنگ زەردی گوڵ بگرێ !؟

ڕەنگە بە دیار

گوڵی وەریوی جوانە مەرگ ،

لە م ژیانە

لەم زبڵدانی جیهانە!

سەدان هێندەی تر وەڕس بێ

شێت بێ تورەبێ بێزاربێ!

ماڵۆچکەی ژین بە جێبێڵێ

لەگەڵ کەشتی مەرگ سواربێ !

## من بەس خۆمم.

هەر چییەك بم

هەر چۆنێك بم ،

هەڵگری هەر بیر و هۆشێ

زادەی هەر ڕەنگ و بۆنێك بم ،

ئەمن خۆمم تۆ نیم ئەو نیم !

ڕێبازێکم باش و خراپ

خۆم ڕێگای خۆم هەڵدەبژێرم

چاوەڕوانی دەستی ڕەو نیم

## توانەوە.

تۆ تازە بەشێکی لە من

وەك چۆن هاژە

بووە بە ڕەگ و ڕیشەی چەم،

وەك چۆن ئاسمان

دەست هەڵناگرێ لە هەور و تەم !

وەکو چۆن مەل بێ جریوە

لاڵە لە سروشت هەتیوە ،

یا درەخت بەبێ ڕەگ و قەد و گەڵا

بەبێ چرۆ

لە پێستی خۆیدا گەنیوە !

بەڵێ گیانە من بەبێ تۆ

نە شیعرم هەیە بۆ نوسین ،

نە وشەم هەیە بێمە زار

شاعیرێکی هەزار لەتم !

تەرمی ژنێکی کوژراوم

فڕێدراوم لە دووری شار !

## یادەوەری

خۆ شم دەوێی ت و لەالم ن یت

بە قەدەر ئاسمان لێم دووری

و ێنەیەکی کۆنت المە

لەجێی سوکنا یی و سەبووری

## ڕەشەبای سلێمانی

هۆ ڕەشەبای سلێمانی

دەبێت ئەم شەو ،

ئەم نامەیەم

بۆ ببەیتە بەر دەرگا کەی،

زەمەنێکە چاوەڕوانم

ئاخر چاوەڕوانی تاکەی !؟

## تێکەڵوبوون .

تۆ تازە بەشێکی لە من

وەک چۆن هاژە

بووە بە ڕەگ و ڕیشەی چەم،

وەک چۆن ئاسمان

دەست هەڵناگرێ لە هەور و تەم !

وەکو چۆن مەل بێ جریوە

اللە لە سروشت هەتیوە ،

یا درەخت بەبێ ڕەگ و قەد و گاڵ

بەبێ چرۆ

لە پێستی خۆیدا گەنیوە !

بەڵێ گیانە من بەبێ تۆ

نە شیعرم هەیە بۆ نوسین ،

نە وشەم هەیە بێمە زار

شاعیرێکی هەزار لەتم !

تەرمی ژنێکی کوژراوم

فڕێدراوم لە دووری شار !

## خاتوونی جوان

خاتوونی جوان
گەر بە بەرتەقای ئەم شارە
هەر چی خونچە و گوڵ و نێرگزی بەهارە !
جوانێکانیان لەسەر یەکنێ
ڕەنگ و بۆیان لە سەر یەکنێ ،
هێشتا هێندەی بەیانیانێ
چاوە خەواڵەوەکانی تۆ،
پەرچەمە شێواوەکەی تۆ
تابلۆی جوانی ڕەنگ ڕێژ ناکەن
ئەم گوزەرە نا نەخشێنن
نابن بگڕ
کڵپە ناکەن
هەستی شاعیر نابزیوێنن !

## دڵ ڕەقی

ئیتر بۆ من پەنایەك نیت !
لەنێو تاریکی ئەم ژینە
لە پرچی تۆدا خۆم ون کەم ،
کۆتری دڵم باڵدەگرێت و
لەم وێرانەی باوەشی تۆ
ئیتر چۆنێ هات و چون کەم؟!
ئیتر زانیم!
گوڵێکی سوری دەست کردی
نە بۆن خۆشی !
نە ڕەنگ جوان !
پڕی لە ئارایشتی درۆ !
بە درۆ دێیتە گفت و گۆ،
بە درۆ هاتویتە زوبان!
بڕۆ ئیتر !
سەفەرت خێر ،
کام پیاو وەك من خۆشی دەوێی!؟
گرنگی بۆی !؟
ڕۆژێ دادێ
ئاوات ئەخوازی بێیتەوە
ئێستا ئاوا بێباك ئەڕۆی !